Remove Watermark Now

## کار له چه ند رووبه که وه دابه شده کرێت:

١/ کار له ڕووی هێزه وه ← تێپه ڕ _ تێنه په ڕ

٢/ کار له رووی پێکهاتنەوه ← ساده _ دارِژا و _ لێکد راو

٣/ کار له رووی شێوازەوه ← ڕاگەیاندن _ دانانی _ داخوازی _ مەرجی

٤/ کار له رووی دەم و کاتەوه ← ڕابردوو _ ڕانه بردوو

٥ / کار له رووی ڕێژەوه ← نزیك _ ته واو _ دوور _ به رده وام

### شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

ڕابردوو — ڕانه بردوو

نزیك — تەواو — دوور — به رده وام

بریتییه له و ڕێژانەی کار که کارو کردەوەی کەسێك یان شتێك به شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕادەگەیه نن به بێ بوونی هیچ گومانێك .

pdfelement

## ١/ ڕێژەی ڕابردووی ڕاگه یاندن

### ١/ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن

: ئەو ڕێژەیەیە به لابردنی نوونی چاووگ دروست دەبێت .

کرد ن ← کرد     کردنەوه ← کرده وه

ڕاکرد ن ← ڕاکرد     تەواو کردن ← تەواو کرد

یاریزانەکه رخێرا ڕایکرد . ← کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاند نه ، دارێژراوه

وانەکانم تەواو کرد . ← کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاند نه ، لێکدراوه

Remove Watermark Now

## ٢/ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن

بەم شێوەیە دروست دەکرێت : ( قەدی چاوگ ( ڕا. نزیك ) + ( وە ، ووە )

هێنان ← هێنا ← هێناوە

هەڵکشان ← هەڵکشا ← هەڵکشاوە

چاوگ — قەد ( ڕا. نزیك ) — ڕا. تەواو — نیشانەی تەواو

**تێبینی** ئەگەر نیشانەی چاوگ پیتێکی ( تائی یان دالی ) بوو ئەوا نیشانەی ( ووە ) بەکار دەهێنین .

بردن ← برد ← بردووە

چاوگ — ڕا . نزیکی ڕاگەیاندن — ڕا. تەواوی ڕاگەیاندن

کەوتن ← کە وت ← کەوتووە

دەست نیشان کردن — دەست نیشان کرد — دەست نیشان کردووە

pdfelement

**تێبینی** هەر چاوگێك یان کارێك بە پاشگری ( وە ) کۆتایی هاتبوو کاتێك دەیکەینە کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ( ت )ی ناوبەندی دەکەوێتە نێوان نیشانەی ( ووە _ وە ) و پاشگری ( وە )

خوێندنەوە ← خوێندەوە ← خوێندووەتەوە .

**تێبینی** لە ناوچەی سلێمانی ( ە )ی سەر نیشانەی ( ووە _ وە ) لادەچێت و دەرنابڕێ لە کاتی بەکار هێنانی جێناوەکان دا .

سەرکەوتن - ن ← سەرکەوت + ووە ← سەرکەوتووە .

**بۆ کەسەکان** /: ( سەرکەوتووم _ سەرکەوتووین ) ( سەرکەوتوویت _ سەرکەوتوون )

( سەرکەوتووە( × ) _ سەرکەوتوون )

**تێبینی** بەڵام لەناوچەی هەولێر( ە ) ( ی سەر نیشانەی ( وە _ ووە ) دەردەکەوێ:- سەرکەوتن - ن ← سەرکەوت + ووە

**بۆ کەسەکان** /: ( سەرکەوتووەم _ سەرکەتووینە )

( سەرکەوتوویتە _ سەرکەوتوونە ) ( سەرکەوتووە ( × ) _ سەرکەوتوونە )

**تێبینی** لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیار وا باشترە بەشێوازی هەولێر وەڵام بدرێتەوە واتا ( ە ) ی سەر نیشانەی ( ووە _ وە ) دەرکەوێت .

Remove Watermark Now

## ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن لە کرمانجی سەروو

یاسا ڕا. نزیك (قەد) + (ییە _ یە)

ئەگەر نیشانەی چاوگ پیتێکی ( تا ئی یان دالی ) بوو ئەوا نیشانەی (ییە) بەکار دەهێنین .

خاستن - ن ← خاست + ییە ← خاستییە

ئەگەر نیشانەی چاوگ پیتێکی ( تا ئی یان دالی ) نەبوو ئەوا نیشانەی (یە) بەکار دەهێنین .

نقیسین - ن + یە ← نقیسیە

هەندێك جار ئە و یاسایە ش بە کار دێت :

یێ+ قە د +ی ← بۆ رەگەزی نێر یێ هاتی

یا + قە د + ی ← بۆ رەگەزی نێر یا هاتی

## ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن

یاسا / ڕابردووی نزیك ( قەد ) + بوو + ەوە

بۆ چاوگی سادە — بۆچاوگی دارژاو بە پاشگرێ ( ەوە )

خستن ← خستبوو — سادە

ڕاخستن ← ڕاخستبوو — دارژاو بە پێشگر

خستنە وە ← خستبووەوە — د ارژاو بە پاشگر

ڕێکخستن ← ڕێکخستنە وە — لێکدراو

( شووشتنەوە – ن ) شووشت + بوو ← شووشتبوو .

بۆ کەسەکان :/ شووشتبووەوە - شووشتبوومانەوە شووشتبووتەوە - شووشتبووتانەوە

شووشتبویەوە - شووشتبویانەوە .

**تێبینی** هەر کارێك دارژاو بوو ، بە پاشگری ( ەوە ) کۆتایی هات هەموو کات ڕێژەکانی ڕابردوو کە بریتین لە :

( ەوە – وە ) / بوو / با / بێت بووبا ) یان ( ت – ر – ی )ی ناوبەند یان جێناوە لکاوە بکەرەکان دەکەونە پێش پاشگری ( ەوە ) •

بردنەوە ← بردبووەوە - بردووەتەوە - بردباوە - بردبێتەوە - بردبووباوە - بردمانەوە

Remove Watermark Now

## ٤ / ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

یاسا ← دە + قەد ( ڕابردووی نزیك )

خواردن ← دەخوارد    هێنان ← دە هێنا    کڕین ← دە کڕی

هێنان — هێنا — هێناوە — هێنابوو — دە هێنا

چاوگ    ڕا. نزیك    ڕا تەواو    ڕا. دوور    ڕا. بەردەوام

**تێبینی** ( دە ) ی نیشانە ی بە ردە وام بەم شێوەیە بەکاردێت :

سادە    دارڕاو بە پاشگر    سە رە تای کار

دارڕاو بە پێشگر    لێکدراو    دوای بە شی یە کەم

کەوت ← دە + کەوت ← دە کە وت

ڕاکرد ← ڕا دە کرد

کەوتنەوە ← دە + کەوتەوە    دە کەوتەوە

نیشانە ی بە ردە وام    پاشگر

تە واو کرد ← تە واو دە کرد

pdfelement

## ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن لە کرما نجی سەروو

لە کرمان جی سەروو لە بری نیشانەی ( دە ) ( د ) بەکار دێت :

( دەنووست ← د + نقست ← د نقست )

( دروست دە کرد ← ئاڤا+د+کر ← ئاڤادکر )٠

دە نووسی    دنقیسی

Remove Watermark Now

## ٢/ ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن :

بەم یاسایە دروست دەكرێت : دە + ڕەگی كار +جێناوی لكاوی بكەر ( م ، ین ، یت ، ن ، (ات / ێت ) ، ن )

كەسی یەكەم — كەسی دووەم — كەسی سێیەم

ڕەگی خواردن ← ( خۆ ) یە ( دەخۆم ، دەخۆین ) ڕەگی كڕین ← ( كڕ ) ە ( دەكڕم ، دەكڕین )

( دەخۆیت ، دەخۆن ) ( دەخوات ، دەخۆن ) ( دەكڕیت ، دەكڕن ) ( دەكڕێت ، دەكڕن )

بۆ ڕەگێك كە كۆتایی بە ( ە ، ۆ ) هاتبێ — بۆ ڕەگێك كە كۆتایی بە ( ە ، ۆ ) نەهاتبێ

**تێبینی** ئەگەر ڕەگی كار كۆتایی بە ( ە ، ۆ ) هاتبوو ئەوا بۆ كەسی سێیەمی تاك لە كاری ڕانەبردوو ( ات ) بەكاردێت

بەڵام ئەگەر ڕەگی كار كۆتایی بە ( ە ، ۆ ) نەهاتبوو ئەوا ( ێت ) بەكاردێت

بردن دەبات شووشتن دەشوات

سووتان دەسووتێت هەڵكەوتن هەڵدەكەوێت خواستن دەخوازێت

### چەند تێبینیەك لە ڕێژە ی ڕاگە یاندن

**تێبینی** ڕێژە ی ڕابردووی ڕاگە یاندن بە هۆی نیشانە ی ( نە ) دە كر ێتە نەرێ بە م شێوە یە :

١) ئە گە ر كاری ڕابردووی ڕاگە یاندن ( سادە یا دارڕژاو بە پاشگر ) بوو ( نە ) ی نیشانەی نە رێ دە كە وێتە سە رە تای كار .

گرتن ← نە گرت نە گرتە وە نە گرتبوو نە دە گرت ( سادە )

گرتنە وە ← نە گرت نە گرتە وە نە گرتبوە وە نە دە گرت ( دارڕژاو بە پاشگر )

٢) بە ڵام ئە گە ر كاری ڕابردووی ڕاگە یاندن ( دارڕژاو بە پێشگر یا لێكدراو ) بوو ( نە ) ی نیشانە ی نە رێ دە كە وێتە

دوای بە شی یە كەمی كار .

ڕاگرتن ← ڕانە گرت ڕانە گرتە وە ڕانە گرتبوو ڕانە دە گرت ( دارڕژاو بە پێشگر )

تە واو كردن ← تە واو نە كرد تە واو نە كردووە تە واو نە كردبوو تە واو نە دە كرد

**تێبینی** هە ریە ك لە ( دە ) ی نیشانەی بەردەوام و ( نە ) ی نیشانەی نەرێ و ( نا ) ی نیشانەی نەرێ هەمان شوێنیان هەیە

لە بەكار هێنان دا ئەگەر كار لە ڕێژەی ڕاگەیاندن بوو .

**تێبینی** ئەگەر کار لە ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن **نیشانەی نەرێ** دە چێتە شوێنی **نیشانەی بەردەوام** .

وانەکەم **دە** نووسی ⟵ وانەکە **نا**نووسم

**تێبینی** لە کرمانجی سەروو لە بری نیشانەی ( **دە** ) نیشانەی ( **د ، دێ** ) بەکاردێت :-

( **د** ) بۆ کاتی ئێستا ← **د**چم

( **دێ** ) بۆ کاتی داهاتووە ← **دێ**چم

**تێبینی** هەر چاوگێك یان کارێك لە سێ بەش پێك هاتبوو بەشی یەکەم و بەشی دووەم لە کارەکە وەك بەشی یەکەم دادەنرێت .

دەست نیشان کردن ⟵ دەست نیشان **نە** کرد**بوو**

بەشی یەکەمی کار    نیشانەی نەرێ    نیشانەی ڕابردووی دوور

**تێبینی** چاوگی ( **ویستن** ) کاتێك بکرێتە کاری ڕانەبردوو لە دەستوور لا دەدات لە بری جێناوەکانی کۆمەڵەی ( سێیەم ) جێناوەکانی کۆمەڵەی ( یەکەم ) بەکاردێت وەك بکەر ڕەگی ویستن ← ( **وێ** ) یە

pdfelement

دە + ( **م - مان** ، **ت - تان** ، **ی - یان** ) + وێ

( دە**م**وێ _ دە**مان**وێ   دە**ت**وێ _ دە**تان**وێ   دە**ی**وێ _ دە**یان**وێ )•

**تێبینی** کاری ڕابردوو ، کاری ڕانەبردوو، کاری بکەر دیار و نادیار ، کارەناتەواوەکان ( **ە** ، **بوو** ، **دەبێت** ) ڕێژەیان ڕاگەیاندنە .

**تێبینی** بۆ جیاکردنەوەی کاری ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردووی ڕاگەیاندن کارەکە بگۆڕە بۆ شێوەی نەرێ :

**ئەگەر بە نیشانەی ( نە ) کرا بەنەرێ ئەوا ڕابردووی بەردەوامە**   دەکەوتم ← **نە**دەکەوتم

**ئەگەر بە نیشانەی ( نا ) کرا بەنەرێ ئەوا ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە.**   دەکەوم ← **نا**کەوم

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ١ )

| چاوگ | ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن | ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| ڕامالین | ڕامالیوە | ڕادەمالی |
| پاڕانەوە | پاڕاوەتەوە | دە پاڕایەوە |
| ئازاد کردن | ئازاد کردووە | ئازاد دە کرد |

## ڕاهێنان ( ٢ )

شیکردنەوە

pdfelement

١/ شڤان ل بن کە پرێ نڤستییە .

| وشە | شیکردنەوە |
|---|---|
| شڤان | ناوە ، تایبەتییە ، ناسراوە ، بکە رە |
| ل بن کە پرێ | گرێی هاوە ڵکاری شوێنییە ، تەواو کەری کارە |
| نڤستییە | کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە ، تێنە پەرە |

٢/ شاناز ڕایەخەکەی چنی

| وشە | شیکردنەوە |
|---|---|
| شاناز | ناوە ، تایبەتییە ، ناسراوە ، بکەرە |
| ڕایەخەکە | ناوە ، تاکە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| ی | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە |
| چنی | کاری ڕابردووی تێپەرە ، سادەیە |

Remove Watermark Now

### ٣/ گوندە کان ئاوەدان دەکرێنەوە

| وشە | شیکردنەوە |
|---|---|
| گوندەکان | ناوە ، کۆیە ، گشتییە ، ناسراوە ، جێگری بکەرە |
| ئاوەدان دەکرێنەوە | کاری ڕانەبردووی بکەرنادیارە ، لێکدراوە ، تێپەڕە |
| ن | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بۆ گوندەکان دەگەڕێتەوە |

## ڕاهێنان ( ٣ )

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :**

١/ ئەو لە تاقیکردنەوەکە سە ردە کەوت . کاری ( سەردەکەوت ) لەڕێژەی :

أ/ ڕابردووی دوور   ب / ڕابردووی نزیك   ج/ ڕانە بردووی ڕاگە یاندن   د / ڕابردووی بە ردە وام

٢/ ڕاسپاردە کە بە ئە وان جێبە جێ دە کرێ . کارە کە نە رێ دە کرێ ب ئامرازی :

أ/ نی   ب/ نە   ج/ نا   د/ مە

٣/ کام لە مانە کاری ڕابردووی تە واوی ڕاگە یاندنە لە چاوگی ( خولانە وە )

ئـ . خولاوەتەوە   ب. خولایتەوە   ج. دەخولایەوە   د. خولایەوە

٤/ ڕێژە ی ڕابردووی بە ردە وامی ڕاگە یاندن دروست دە کرێت بە دە ستووری :

أ / دە + ڕە گی کار   ب/ قە د + بوو   ج/ دە + قە د   د/ قە د + وە

٥/ لە چاوگی ( شوشتن ) ڕانە بردووی ڕاگە یاندن بریتییە لە :

أ / دە شوات   ب / دە یشوشت   ج / نە یدە شووشت   د/ دە یانشووشت

pdfelement

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٤ )

لە ڕستە ی ( هۆنراوە کانیان لە بە رکرد ، ئینجا چوون بۆ قوتا بخانە )

١/ هە ردوو کار لە چ ڕیژە یە کدان ؟

کارە کان ( لە بە رکرد ، چوون ) لە ڕێژە ی ڕابردووی نزیکی ڕاگە یاندنن .

٢/ جلە کانیان لە بە رکردووە . ← ڕابردووی تە واوی ڕاگە یاندن

٣/ هۆنراوە کانیان لە بە ر دە کرد ئینجا دە چوون بۆ قووتا بخانە .

٤/ هۆنراوە کانیان لەبە ر دەکەن ئینجا دەچن بۆ قووتا بخانە .

٥/ هۆنراوە کان / ناوە ، کۆیە ، گشتییە ، بە رکار

١. کار بە پێی ناوەڕۆك دەکرێت بە { A – دوو شێواز B – سێ شێواز C. چوار شێواز D . پێنج شێواز }
٢. کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دەکرێتە نەرێ بە ئامرازی { A – نە B – نا C. نی D . مە }
٣. لە شێوە زاری کرمانجی سەروو لە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لە جیاتی نیشانەی ( دە ) بۆ کاتی داهاتوو
{ A – د B – دێ C. د ، دێ D . هیچیان }
٤. لە ڕستەی ( کە من چووم ، باخچەکەیان ئاودەدا ) کاری ( ئاودەدا ) لە ڕیژەی
{ A. ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە B – ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. داخوازییە D . تەواوی ڕاگەیاندنە }
٥. لە شێوە زاری کرمانجی سەروو لە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لە جیاتی نیشانەی ( دە ) بۆ کاتی ئێستا
( A – د B – دێ C. د ، دێ D . هیچیان )
٦. لە ڕستەی ( هۆنراوەکەم خوێندەوە ) کاری ڕستەکە لە ڕیژەی
( A. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە B – ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. داخوازییە D . تەواوی ڕاگەیاندنە )

٧. کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن چەند دەمی هەیە
{ A. یەك B – دوو C. سێ D . چوار }
٨. لە ڕستەی ( ڕۆژنامەکەیان خوێندووەتەوە ) ( ت ) بریتی یە لە :
{ A. پاشگر B – جێناوی لکاو C. نیشانەی چاوگ D . ناوبەند}
٩. کام لەم کارانە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لە شێوە زاری کرمانجی سەروو :
{ A. خوێندووە B – دێ خوینم C. یا هاتی D . هاتووە}
١٠. کام لەمانە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە :
{ A. نەدەبردەوە B – نەبردەوە C. نابەنەوە D . نەبەنەوە }
١١. کاری ( دەبوو ) لە چ ڕێژەیەکدایە :
{ A. ڕابردووی دوورە B – ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە D . ناتەواوە }

Remove Watermark Now

١٢. لە ڕستەی ( وانەکە ناخوێنرێ ) کارەکە لە ڕێژەی

{ A. ڕابردووی دووری نەرێ B– ڕابردووی تەواوی نەرێ C. ڕابردووی نزیکی نەرێ D . ڕانەبردووی نەرێ}

١٣. کام لەم کارانە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە :

{ A. نەدەبردەوە B– نەبردەوە C. نابەنەوە D . نەبەنەوە }

١٤. کام لەم کارانە ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە :

{ A. نەدەکردەوە B– نەکردەوە C. دەکەنەوە D . دەکردەوە }

١٥. جێناوی لکاوی ( ات ) لەگەڵ کاری ڕانەبردوو بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە :

{ A. ۆ B– وو C. ی D . ێ }

١٦. جێناوی لکاوی ( ێت ) لەگەڵ کاری ڕانەبردوو بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە :

{ A. ۆ B– ە C. ە ، ۆ هاتبێ D . ە ، ۆ نەهاتبێ }

١٧. یەکێك لەم کارانە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە : { A. ون بوو B– وشك بوو C. فرۆشتبوو D . تەواو بوو }

١٨. لە ڕستەی ( فرۆکەکە سوڕایەوە ) کاری سوڕایەوە لە ڕێژەی ڕابردووی :

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . ناتەواوە }

١٩. لە ڕستەی ( قەڵەمەکەم دۆزییەوە ) کاری ( دۆزییەوە ) لە ڕێژەی ڕابردووی :

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . ناتەواوە }

٢٠. نیشانەی ڕابردووی بکەر نادیار بریتی یە لە : { A. رێ B– را C. دا D . نا }

٢١. نیشانەی ڕانەبردووی بکەر نادیار بریتی یە لە : { A. رێ B– را C. دا D . نا }

٢٢. لە ڕستەی ( زەویەکە فرۆشراوە ) کاری ڕستە لە ڕێژەی ڕابردووی :

{ A. تەواوی بکەر نادیار B– بەردەوامی بکەر نادیارە C. نزیکی بکەر نادیارە D . ناتەواوە }

٢٣. لە ڕستەی ( گوندەکان ئاوەدان ناکرێنەوە ) کاری ڕستەکە لە ڕێژەی :

{ A. تەواوی بکەر نادیارە B– بەردەوامی بکەر نادیارە C. نزیکی بکەر نادیار D . ڕانەبردووی بکەر نادیار}

٢٤. لە ڕستەی ( نەمامەکەم چاندووە ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دەبێتە :

{ A. نەمامەکەم دەچاند B– نەمامەکە دەچێنم C. نەمامەکە چێنرا D . نەمامەکە چێنراوە }

٢٥. لە ڕستەی ( نەمامەکە شین بووە ) کاری ڕستەکە لە ڕێژەی ڕابردووی :

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . دووری ڕاگەیاندنە}

٢٦. ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن چۆن پێك دێت ؟

{ A. ڕابردووی نزیك + یە B– ڕابردووی نزیك + بوو C. ڕابردووی نزیك + وە D. ڕابردووی دوور+ با}

٢٧. یەکێك لەمانە کارەکەی تەواوی ڕاگەیاندنە : { A. هێنایەوە B– هێنابوویەوە C. هێناوەتەوە D . هێنابێتەوە }

٢٨. کارلە ڕستەی { هەموو ڕۆژێك درەنگ دەهاتم } :

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . دووری ڕاگەیاندنە}

٢٩. لە ڕستەی { لە وانەکان پێشکەوتووین } کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . دووری ڕاگەیاندنە}

٣٠. ( یا چاندی ، یێ چاندی ) کارێکە لە ڕێژەی ڕابردووی:

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . دووری ڕاگەیاندنە}

٣١. لە ڕستەی ( دیوانەکانی چاپکردووە ) ( چاپکردووە ) لە شێوازی ڕێژەی ڕابردووی:

{ A. تەواوی ڕاگەیاندنە B– بەردەوامی ڕاگەیاندنە C. نزیکی ڕاگەیاندنە D . دووری ڕاگەیاندنە}

٣٢. ئەگەر کاری ( دەخوازین ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دەبێتە ؟

{ A. دەخواست B– دەمان خواست C. دەخوازێت D . دەخوازین}


٣٣. ئەو ڕێژانەی کار کە لە شێوازی ڕاگەیاندندا بەکار دەهێنرێت : { A. یەك ڕێژە B– دوو ڕێژە C. چوار ڕێژە D . پێنج ڕێژە}

Remove Watermark Now

| ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | C | ٨ | D | ١٥ | A | ٢٢ | A | ٢٩ | B |
| ٢ | B | ٩ | C | ١٦ | D | ٢٣ | A | ٣٠ | A |
| ٣ | B | ١٠ | C | ١٧ | B | ٢٤ | D | ٣١ | A |
| ٤ | B | ١١ | B | ١٨ | C | ٢٥ | B | ٣٢ | A |
| ٥ | A | ١٢ | D | ١٩ | C | ٢٦ | A | ٣٣ | B |
| ٦ | A | ١٣ | A | ٢٠ | C | ٢٧ | B | ٣٤ | D |
| ٧ | D | ١٤ | C | ٢١ | B | ٢٨ | C | ٣٥ | |

## شێوازی ڕێژەی دانانی

pdfelement




بریتییە لەو شێوازەی کە ڕاستە وخۆ ئە نجامی هە واڵ نادات بە دە ستەوە گومان هەیە لە ڕوودانی کارەکە و لە شێوازی ( خۆزگە و ئاوات یان پاڕانەوە مەبەستەکەی دەردەبڕێت .

**لە ڕێژەی دانانی هەندێك کاری یاریدە دە رو وشە ی یاریدە دە ر بەکار دێن و دە کەونە سەرەتای ڕستە کە ئەمانەن :**

### کارە یاریدە دە رە کان

أ ) دە بێت ، دە بوایە ، دە بێ ، دڤێت ) کاری یاریدە دە رن بۆ ( پێویستی )

**دە بێت** وانەکەم بخوێنم . **دەبوایە** کارەکەمان تەواو کردبا .

کاری یاریدەدەرە بۆ پێویستی

Remove Watermark Now

ب ) دەمە وێت ) کاری یاریدەدەرە بۆ ( ویستن ) دەمەوێ داهاتووم دیاریی بکەم .

ج ) دەوێرم ، دەتوانین ) کاری یاریدەدەرە بۆ ( توانا و لێهاتوویی )

دەوێرم تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەم

کاری یاریدەدەرە — کاری ڕانەبردووی دانانییە

## وشە یاریدەدەرەکان

أ ) خۆزگە ، ( خۆزی ) ، بریا ، کاشکی ) ← وشەی یاریدەدە رن بۆ ئاوات و ئارەزوو .

خۆزگە هۆنراوەکانم لەبەرکردبووبا .

وشەی یاریدەدەرە — کاری ڕابردووی دووری دانانییە -

pdfelement

ب وشەی یاریدەدەرن بۆ شك و گومان . ← ( ڕەنگە ، بە گومانم ، لەوانەیە ، پێدەچێت )

ڕەنگە باران ببارێت . بە گومانم لە هەواڵەکە .

ج ) خوایە ، سا خوایە ) ← وشەی یاریدە دە رن بۆ دوعاو پاڕانە وە .

**تێبینی** بۆ گۆڕینی ڕستە لە شێوازی دانانی بۆ شێوازی ڕاگەیاندن وشەی گومان و ئاوات و کاری یاریدەدەر لە ڕستەکە لادەبەین کارەکە دەگۆڕین بۆ هەمان ڕێژەی ئەو کارەی کە دەیدات بەڵام ئەگەر ڕستەکە لە ڕابردوو بگۆڕین بۆ ڕانەبردوو پێویستە جێناو لکاوەکانیش بگۆڕین لە کۆمەڵەی یەکەم و دووەم بۆ کۆمەڵەی سێ یەم وە بە پێچەوانەشەوە .

پ/ ڕستەی ( دەبێت ژینگە بپارێزین ) بیگۆڕە بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ( ژینگەمان پاراست )

پ/ ڕستەی ( گوڵەکان ئاو دەدەیت ) بگۆڕە بۆ ڕابردووی نزیکی دانانی ( خۆزگە گوڵەکانت ئاودابا )

Remove Watermark Now

## ١/ ڕابردووی نزیکی دانانی

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با

کرد + با ⟵ کردبا (سادە)

هە ڵکرد + با ⟵ هە ڵکردبا (دارژاو)

تە واو کرد + با ⟵ تە واو کردبا (لێکدراو)

پ/ لە چاوگی ( جوڵانەوە ) ئەمانە دروست بکە :

١/ ڕابردووی نزیکی ڕاگە یاندن ⟵ جوڵایە وە

٢/ ڕابردووی نزیکی دانانی ⟵ جوڵابا یە وە

تێبینی: ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پاشگری ( وە ) هاتبوو ( ی ) ناوبەند دەخەینە پێش پاشگری ( وە )

نووسینەوە      نووسیبایەوە

pdfelement

## ٢/ ڕابردووی تەواوی دانانی

ڕابردووی نزیکی ڕاگە یاندن + بێت

کرد + بێت ⟵ کردبێت ( سادە )

هەڵکرد + بێت ⟵ هەڵکرد بێت ( دارژاو بە پیشگر )

هەڵکرد ە وە + بێت ⟵ هەڵکرد بێتە وە (دارژاو بە پاشگر)

تەواو کرد + بێت ⟵ تەواو کردبێت (لێکدراو)

## ٣/ ڕابردووی دووری دانانی

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بووبا

نارد + بووبا ⟵ نارد بووبا

ڕاهێنا + بووبا ⟵ ڕاهێنا بووبا

دەست نیشان کرد + بووبا ⟵ دەست نیشان کردبووبا

Remove Watermark Now

## ٢/ ڕانەبردووی دووری دانانی

ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی بەم شێوەیە دروست دەکرێت :

( ب + ڕەگی کار +جێناوی لکاو ( م ، ین ، یت ، ن ، ات / یت ، ن )

(خوێندن) ← ( بخوێنم ، بخوێنیت ، بخوێنێت ، بخوێنین ، بخوێنن ، بخوێنن )

(شوشتن) ← ( بشۆم ، بشۆیت ، بشوات ، بشۆین ، بشۆن ، بشۆن )

(ڕاگرتن) ← ( ڕابگرم ، ڕابگریت ، ڕابگرێت ، ڕابگرین ، ڕابگرن ، ڕابگرن )

(بانگ کردن) ← ( بانگ بکەم ، بانگ بکەیت ، بانگ بکات ، بانگ بکەین ، بانگ بکەن ، بانگ بکەن )

پ/ لە ڕستەی ( خۆزگە گوڵەکانت ئاودابا ) ئەگەر بیگۆڕین بۆ ( ڕانەبردووی دانانی ) دەبێتە :

دەبێت گوڵەکان ئاو بدەم — دەبێت گوڵەکان ئاو بدەین

دەبێت گوڵەکان ئاو بدەیت — دەبێت گوڵەکان ئاو بدەن

دەبێت گوڵەکان ئاو بد ات — دەبێت گوڵەکان ئاو بدەن

pdfelement

### چەند تێبینییەك لە ڕێژە ی دانانی

١) لەکاتی گۆڕینی ڕستە لە شێوازی ( ڕاگەیاندن و داخوازی ) بۆ شێوازی ( دانانی ) پێویستە یەکێك لە ( کارە یاریدە دە رەکان ) یان ( وشە یاریدە دە رەکان ) لەسە رەتای ڕستە بەکار بێن و لە پێچەوانەش لابربردرێن .

وانە کە دەخوێنم ← دەبێت وانەکە بخوێنم

شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن — شێوازی ڕێژەی دانانی

٢) لە ڕێژەی دانانی کارەکان لەشێوەی کاری بکە ر نادیاریش دروست دەکرێن :

ڕابردوو ← ڕەگی کار + را — خۆزگە نامە کە نووسرابا .

ڕانەبردوو ← ب + ڕەگی کار + ( ری ، ریت ) — خۆزگە نامەکە بنووسرێت .

٣ شێوازی دانانی بە ( رابردوو _ رانەبردوو ) بەهۆی نیشانەی ( نە ) دەکرێتە نەرێ بەم شێوەیە :

وەرگرتبا ← وە رنەگرتبا  وەرگرتبووبا ← وەرنەگرتبووبا

وەرگرتبێت ← وەرنەگرتبێت  وەربگرێت ← وەرنەگرێت

أ ئەگەر کارەکە ( سادە ، دارڕاو بە پاشگر ) بوو نیشانەی نەرێ دەکەوێتە سەرەتای کار :

خواردبا ← نە خواردبا  سادە

جوڵابا یەوە ← نەجوڵابایەوە  دارڕاو بە پاشگر

بخوێن ← رانەبردووی دانانی سادە

بجوڵێینەوە ← رانەبردووی دانانی دارڕاو بە پاشگر

ب ئەگەر کارەکە ( دارڕاو بە پێشگر ، لێکدراو ) بوو نیشانەی نەرێ دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کار.

ڕاهێنابا ← ڕا نە هێنابا  دارڕاو بە پێشگر

دەست نیشان کردبا ← دەست نیشان نە کردبا  لێکدراو

ڕابهێنین ← ڕانەهێنین  رانەبردووی دارڕاو بە پێشگر

دەست نیشان بکەین ← دەست نیشان نە کەین  رانەبردووی لێکدراو

کەواتە هەمان تێبینی کە لە نیشانەی ( دە ) ی بەردەوام بەکارمان هێنا بۆ هەریەك لە ( نە ) و ( نا ) ی نیشانەی نەرێ

سادە  دارڕاو بە پاشگر → سە رەتای کار

دارڕاو بە پێشگر  لێکدراو → دوای بە شی یە کەم

ج کاری ڕانەبردووی دانانی ئەگەر ( سادە ، دارڕاو بە پاشگر ) بوو نیشانەی ( ب ) ناتوانین لابەین .

دەبێت بخوێنین . (سادە)  دەبێت بخوێنینەوە . (دارڕاو بە پاشگر)

Remove Watermark Now

بەڵام ئەگەر کاری ڕانەبردووی دانانی ( دارژاو بە پێشگر ، لێکدراو ) بوو دەتوانین ( ب ) نیشانەی ڕانەبردووی دانانییەکە لا ببەین بۆ ئاسانی دەربڕین .

ڕابهێنین ⟵ ڕاهێنین تەواو بکەین ⟵ تەواو کەین

دارژاو بە پێشگر لێکدراو

**تێبینی**

**شێوازی دانانی کاری بکەر دیار و بکەر نادیاری لێ دروست دەکرێت لە چاووگە تێپەڕەکان بەم شێوەیە**

١. ڕابردووی نزیکی دانانی ( ڕەگی کار + ڕا + با ) ( خۆزگە وانەکەت خوێندبا ) ⟵ ( خۆزگە وانەکە خوێنرابا )
٢. ڕابردووی دووری دانانی ( ڕەگی کار + را + بووبا ) ( خۆزگە وانەکەت خوێندبووبا ) ⟵ ( خۆزگە وانەکە خوێنرابووبا )
٣. ڕابردووی تەواوی دانانی ( ڕەگی کار + را + بێت ) ( ڕەنگە نەمامەکەی چاندبێت ) ⟵ ( ڕەنگە نەمامەکە چێنرابێت )
٤. ڕانەبردووی دانانی ( ب + ڕەگی کار + رێ ) ( دەبێت ژینگە بپارێزین ) ⟵ ( دەبێت ژینگە بپارێزرێ )

**ڕاهێنان ( ١ )**

pdfelement

ڕێژە و شێوازی کارە کانی ئەم ڕستانە دیاربخە :

| | کار | ڕێژە و شێواز |
|---|---|---|
| ١ | هەڵبکەی ، بماڵی | ڕانەبردووی دانانی |
| ٢ | دیتبا ، وە رگرتبا | ڕابردووی نزیکی دانانی |
| ٣ | هاتبێت ، ڕۆیشتبێت | ڕابردووی تەواوی دانانی |
| ٤ | پێشکەوتبا | ڕابردووی نزیکی دانانی |

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان (٢)

دەبێت ژینگە بپارێزین .

١/ ( دەبێت ) کاری یاریدەدەرە بۆ پێویستی

٢/ ( بپارێزین ) ڕێژەی ڕانەبردووی دانانییە

چۆنیەتی دروست بوونی ← ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی بکەری ( ین )

٣/ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی ← پاراستبا

٤/ بپارێزین ← سێیەمی تاك

بپارێزن ← سێیەمی کۆ

٥/ ژینگە دە پارێزین ← ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

pdfelement

## ڕاهێنان (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

١/ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی بەکام لەم دەستوورانە دروست دەبێت ؟

( أ / قەدی چاوگ + ووە ، ب / قەدی چاوگ + با ، ج / قەدی چاوگ + بێت ، د / ڕەگی کار + جێناو )

٢/ ( خانووەکەیان کریوە ). بیگۆڕین بۆ شێوازی دانانی دەبێتە :

أ / خانووەکەیان کریبێت . ب / خانووەکەیان کریبا .

ج / خۆزگە خانووەکەیان کریبێت . د / بریا خانووەکەیان کریبا .

٣/ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی دەکرێتە نەرێ بەهۆی :

( أ / نا ب / مە ج / نی د / نە )

٤/ لە ڕستەی ( خۆزگە چووبا بۆ گەشت ) وشەی خۆزگە بۆ چ مەبە ستێك بەکار هاتووە ؟

( أ / ئاوات ب/ گومان ج / پێویستی د / پاڕانەوە ) .

٥/ ( دەمەوێت لە تاقیکردنەوە سەربکەون ) کاری ( سەربکەون ) لە ڕێژ ی :

( أ / ڕانەبردووی دانانی ب/ داخوازی ج / ڕانەبردووی ڕاگەیاندن د / ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و داخوازی )

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان (٤)

### ١/ خۆزگە باران باریبا

| | |
|---|---|
| خۆزگە | وشەی یاریدەدەرە بۆ ئاوات و ئارەزوو |
| باران | ناوە ، کۆیە ، گشتییە ، بکەرە |
| باریبا | کاری ڕابردووی نزیکی دانانییە ، سادەیە ، تێنەپەڕ |

### ٢/ دەبێت کورد پێش بکەوێت

| | |
|---|---|
| دەبێت | کاری یاریدەدە رە بۆ پێویستی |
| کورد | ناوە ، تاکە ، تایبەتی یە ، بکەرە |
| پێشبکەوێت | کاری ڕانەبردووی دانانییە ، لێکدراوە ، تێنەپەڕە |
| ێت | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، بۆ کورد دەگەڕێتەوە کە بکەرە |

pdfelement

١. کاری ڕانەبردووی دانانی دەکرێت بە نەرێ بە نیشانەی : { A. نە B– نا C. نی D. مە }

٢. کاری ( بووبا ) لە چ ڕێژەیەکدایە :

{ A. ڕانەبردووی دانانی B.ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن D.ڕابردووی دووری دانانی }

٣. لەگەڵ کاری ڕانەبردووی دانانی دەگونجێت نیشانەی ( ب ) دەرنەکەوێت ئەگەر کارەکە :

{ A. سادەبێت B– دارژاو بێت C. لێکدراوبێت D. دارژاو و لێکدراوبێت }

٤. لە کام لەم ڕستانە ( دەبێت ) کاری یاریدەدەرە :

{ A. گوڵەکە شین دەبێت B– کارەکە تەواو دەبێت C. قوتابییەکە دەبێت بە ئەندازیار D. دەبێت یەکبگرین}

٥. کاری ڕابردووی دانانی چەند دەمی هەیە : { A. یەك B– دوو C. سێ D. چوار }

٦. لە ڕستەی ( خودایە وڵاتمان بپارێزێت ) وشەی ( خودایە ) بەکاردێت بۆ :

{ A. گومان B– ئاوات و ئارەزوو C. پێویستی D. نزاو پاڕانەوە }

٧. لە ڕستەی ( بریا نانەکەت خواردبا ) وشەی ( بریا ) بەکاردێت بۆ

Remove Watermark Now

{ A. گومان   B– ئاوات و ئارەزوو   C. پێویستی   D . نزاو پاڕانەوە }

٨. لە ڕستەی ( دەبێت ژینگە بپارێزین ) کاری ( دەبێت ) بەکاردێت بۆ :

{ A. گومان   B– ئاوات و ئارەزوو   C. پێویستی   D . نزاو پاڕانەوە }

٩. لە ڕستەی ( خۆزگە وانەکەت خوێندبووبا ) کاری ( خوێندبووبا ) لە ڕێژەی :

{ A. ڕانەبردووی دانانی   B.ڕابردووی نزیکی دانانی   C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن   D . ڕابردووی دووری دانانی }

١٠. کاری ڕابردووی دانانی دەکرێتە نەری بە ئامرازی { A. نە   B– نا   C. نی   D . مە }

١١. کامیان ڕانەبردووی دانانی یە { A. نەدەبردەوە   B– نەبردەوە   C. نابەنەوە   D . نەبەنەوە }

١٢. لە ڕستەی ( ڕەنگە خانووەکەیان کڕیبێت ) وشەی ( ڕەنگە ) بەکاردێت بۆ :

{ A. گومان   B– ئاوات و ئارەزوو   C. پێویستی   D . نزاو پاڕانەوە }

١٣. لە ڕستەی ( دەبێت کورد پێش بکەوێت ) شێوازی ئەم ڕستەیە : { A. ڕاگەیاندن   B– دانانی   C. داخوازی   D . مەرجی }

١٤. لە ڕستەی ( دەبێت وانەکە بنووسن ) کاری ڕستەکە لە ڕێژەی

{ A. ڕانەبردووی دانانی   B. ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن D . داخوازی }

١٥. کاری ( ئاگادارکردبێتەوە ) لە ڕێژەی :

{ A. ڕانەبردووی دانانی   B.ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی تەواوی دانانی D . ڕابردووی دووری دانانی }

١٦. لە ڕستەی ( پێویستە باخچەکە ئاوبدەنەوە ) کاری ڕستەکە لە ڕێژەی :

{A. ڕانەبردووی دانانی   B.ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن D . ڕابردووی دووری دانانی }

١٧. لە ڕستەی ( خۆزگە کانیەکە وشك نەبووبا ) کاری ڕستەکە لە ڕێژەی :

{ A. ڕانەبردووی دانانی   B.ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن D . ڕابردووی دووری دانانی }

pdfelement

١٨. کاری ( دانەنیشم ) لە ڕێژەی :

{A. ڕانەبردووی دانانی   B.ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن D . ڕابردووی دووری دانانی }

١٩. لە ڕستەی ( دەبوایە پاریەکە دووبارەبکەنەوە ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دەبێتە :

{ A. پاریەکەیان دووبارەکردەوە  B. پاریەکەیان دووبارەکردووەتەوە C.پاریەکە دووبارەدەکەنەوە D . پاریەکەیان دووبارە دەکردەوە }

٢٠. لە ڕستەی ( ڕۆمانەکەم خوێندووەتەوە ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی دەبێتە :

{A. ڕۆمانەکە دەخوێنمەوە   B.دەبوایە ڕۆمانەکە بخوێنمەوە C.خۆزگە ڕۆمانەکەم خوێندبایەوە D.لەوانەیە ڕۆمانەکەی خوێندبێتەوە }

٢١. لە ڕستەی (کتێبەکەمان بردبوو ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی دەبێتە

{ A. ڕەنگە کتێبەکە ببەن   B.ڕەنگە کتێبەکەببات   C. ڕەنگە کتێبەکە ببەین   D . کتێبەکە دەبەین }

٢٢.کام لەم نیشانانە ڕابردووی نزیکی دانانی یە { A. با   B– بووبا   C. بێت   D . ووە }

٢٣.لە ڕستەی { دەبێت گوڵەکان ئاوبدەن } کاری { ئاوبدەن } لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

{A. ڕانەبردووی دانانی   B.ڕابردووی نزیکی دانانی C. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن D . ڕابردووی دووری دانانی }

٢٤. لە ڕستەی { دەمەوێت لەم ڕووبارە مەلەبکەم } { دەمەوێت } چییە ؟

{A. کاری یاریدەدەرە بۆ پێویستی B.کاری یاریدەدەرە بۆ حەزو ئارەزوو C. کاری یاریدەدەرە بۆ ویستن }

٢٥.لە ڕستەی { دەوێرم لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە } { دەوێرم } ماناى:

{ A. وێران   B– ئاوات و ئارەزوو   C. پێویستی   D . نزاو پاڕانەوە }

٢٦. لە ڕستەی { جلەکەت بشۆ } ئەگەر کاری ( بشۆ ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی دانانی دەبێتە :

{ A. شوشتبایت   B– شوشتبات   C. شوشتبامان   D . شوشتبایان }

٢٧.ئەگەر ڕستەی ( قوتابییان دەبات ) بگۆڕین بۆ شێوازی دانانی دەبێتە چی ؟

{ A. دەبێت قوتابیان ببات   B– دەبێت قوتابییانی بردبا   C. دەبێت قوتابییان دەبات}

٢٨.ئەگەر کاری ڕستەی ( دڵسۆزی گەلی خۆت ببە ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی بۆ کەسی سێیەمی تاك دەبێتە

Remove Watermark Now

{ A. ببیت   B– ببات   C. ببێت   D. ببەیت }

**٢٩. ڕێژەی کار لە شێوازی دانانی چەند جۆرە ؟**

{ A. سێ   B– چوار   C. یەك   D. دوو }

**٣٠. ئەگەر کاری ( دەهاتم ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی دەبێتە ؟** { A. دێم   B– وەرە   C. بێم   D. بهاتایە }

| و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | ٢٥ | D | ١٩ | B | ١٣ | B | ٧ | A | ١ |
| B | ٢٦ | B | ٢٠ | A | ١٤ | C | ٨ | B | ٢ |
| A | ٢٧ | C | ٢١ | C | ١٥ | D | ٩ | D | ٣ |
| C | ٢٨ | A | ٢٢ | A | ١٦ | A | ١٠ | D | ٤ |
| B | ٢٩ | A | ٢٣ | B | ١٧ | D | ١١ | C | ٥ |
| C | ٣٠ | C | ٢٤ | A | ١٨ | A | ١٢ | D | ٦ |

pdfelement

Remove Watermark Now

# شێوازی ڕێژەی داخوازی

ب + ڕەگی کار + جێناوی بکەر
( ە ) جێناوی بکەرە بۆ کە سی دووەمی تاك
( ن ) جێناوی بکەرە بۆ کەسی دووەمی کۆ

ئەو شێوازەیەکە هەموو کات کەسی یەکەم فرمان لەسەر کەسی ( دووەمی تاك و کۆ ) دەکات بۆ ئە نجامدانی کارێك .

**تێبینی** کاری داخوازی ئەگەر ( سا دە ، دار ژاو بە پاشگر ) بوو ( ب ) ی نیشانەی داخوازی دەکەوێتە

سەرەتای کاری داخوازی :

وانەکەت بنووسە .          وانەکەت بنووسەوە .

**تێبینی** کاری داخوازی ئەگەر ( دارژاو بە پێشگر ، لێکدراو ) بوو ( ب ) ی نیشانەی داخوازی دەکەوێتە :

دوای بەشی یەکەمی کاری داخوازی و دەتوانین پێشگری ( ب ) لابەین .

جلەکانتان هەڵبگرن .          گۆڤارەکان چاپ بکەن .

جلەکانتان هەڵگرن .          گۆڤارەکان چاپ کەن .

**تێبینی** ( ن ) وەك جێناوی بکەر لەشێوازی داخوازی هەموو کات دەردەکەوێت

بەخۆشی بژین          هەمیشە ڕاستی بڵێن

پێشگر          ڕەگی کار          جێناوی بکەر

**تێبینی** ( ە ) وەك بکەر کاتێك دەردەکەوێت کە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت .

بنووسە          بهێنە          بکرە

**تێبینی** ( ە ) وەك بکەر کاتێك دەرناکەوێت کە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت .

پیتە بزوێنەکان ئەمانەن : ( ە ، ۆ ، وو ، ی ، ێ )

بشۆ          بژی          بنوو          تەواو بکە          بڵێ

کۆتایی ڕە گی کار

pdfelement

Remove Watermark Now

**پ / چۆن بزانین ( ە ) لە کۆتایی کاربکەرە یان کۆتایی ڕەگی کارە ؟**

**تێبینی** هەر کارێکی داخوازی کۆتایی بە ( ە ) هاتبوو ( ن ) ی بکەری بۆ زیاد دەکەین ئەگەر مانای دا واتە ( ە ) لە کۆتایی کاربکەر نییەو کۆتایی ڕەگی کارە .

ببە ← ببەن

کۆتایی ڕەگی کار	جێناوی بکەر

بەڵام ئەگەر کاری داخوازی کۆتایی بە ( ە ) هاتبوو ( ن ) ی بکەرمان بۆ زیاد کرد و مانای نەدا واتا ( ە ) لە کۆتایی کاری داخوازی بکەرە.

بکرە ← بکرەن ✗	هیچ کات ناگونجێت دوو بکەر بەدوای یەك بێن .

جێناوی بکەر	جێناوی بکەر

**تێبینی** ئەگەر کاری داخوازی داڕژاو بوو بە پاشگری ( ەوە ) ڕە گی کارە داخوازییەکەش کۆتایی بە پیتی ( ە ، ۆ ، ێ ) هاتبوو بکەریش کەسی دوومی تاك بوو ( ە ) سەرەتایی پاشگری ( ەوە ) لادەبەین

ناردنەوە	بنێرەوە

pdfelement

**تێبینی** کاری داخوازی بەهۆی نیشانەی ( مە ) دەکرێتە نە ری و شوێنی ( ب ) نیشانەی کاری داخوازی دەگرێتەوە .

بهێنە ← مە هێنە	بهێنەرەوە ← مە هێنەرەوە

ڕابهێنە ← ڕا مە هێنە	تەواو بکە ← تەواومەکە

**تێبینی** نیشانەی نەرێ لە شێوازی ( ڕاگەیاندن ، دانانی ، داخوازی ) شوێنەکەی سەرەتای کارە ئەگەر کارەکە ( سادە ، داڕژاو بە پێشگر ) بوو .

نیشانەی نەرێ لە شێوازی ( ڕاگەیاندن ، دانانی ، داخوازی ) شوێنەکەی دوای بەشی یەکەمی کارە ئەگەر کارەکە ( داڕژاو بە پێشگر ، لێکدراو ) بوو .

**تێبینی** ئەو کارە داخوازییانەی لە دەستوور لادەدەن ئەمانەن :

| چاوگ | ڕەگەکەی | داخوازی بۆ تاك و کۆ | چاوگ | ڕەگەکەی | داخوازی بۆ تاك و کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| هاتن | ێ | وەرە / وەرن | گووتن | ڵێ / بێژ | بڵێ / بڵێن ببێژە / ببێژن |
| چوون | چ | بچۆ / بچن | هەڵاتن | هەڵێ | هەڵێ / هەڵێن |
| ویستن | وێ | بتەوێ / بتانەوێ | هاتن | ێ | بێ / بێن وەرە / وەرن |
| ڕۆیشتن | ڕۆ | بڕۆ / بڕۆن هەرە / هەرن | | | |

## هەندێك پرسیاری گرنگ :

پ/ لە ڕستەی ( **جلەکان بشۆ** ) بیگۆڕە بۆ رابردووی دووری راگەیاندن ( **جلەکانت شوشتبوو** )

پ/ لە رستەی ( **گۆڤارەکان چاپ بکەن** ) بیگۆڕە بۆ رانەبردووی دانانی ( **دەبێت گۆڤارەکان چاپ بکەن** )

پ/ لە ڕستەی ( **گۆڤارەکانت هێنابوو** ) بیگۆڕە بۆ کاری داخوازی بۆ تاك ( **گۆڤارەکان بهێنە** )

پ/ لە ڕستەی ( **قەڵەمەکەت لێ دەبات** ) بیگۆڕە بۆ رابردووی دووری دانانی ( **بریا قەڵەمەکەی لێ بردبووبایت** )

پ/ لە ڕستەی ( **ڕەنگە وتارەکە بخوێنمەوە** ) بیگۆڕە بۆ رابردووی بەردەوامی راگەیاندن ( **وتارەکەم دەخوێندەوە** )

پ/ لە ڕستەی ( **برۆ بۆ قوتا بخانە** ) بیگۆڕە بۆ رابردووی نزیکی دانانی ( **خۆزگە ڕۆیشتبایت بۆ قوتا بخانە** ) .

پ/ لە ڕستەی ( **هەواڵەکەیان پێ بڵێ** ) بیگۆڕە بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ( **هەواڵەکەیان پێ دەڵێیت** )

پ/ لە رستەی ( پرۆژەکە تەواو کە ) چی دەرنەکەوتووە : ( A. بکەر B– نیشانەی کار( ب ) C. بەرکار **D . بکەر و نیشانەی کار** )

pdfelement

## ڕاهێنان (١)

لەم ڕستانەی خوارەوە ئەو کارانەی کە بۆ شێوازی داخوازی بەکار هاتوون دەریان بهێنە :

| ڕستە | کاری داخوازی |
|---|---|
| ١/ پەخشانەکە بخوێنەوە | بخوێنەوە |
| ٢/ پەرلەمانی کوردستان بپارێزن | بپارێزن |
| ٣/ وەك هەنگ بگەڕێ گۆرانی بڵێ<br>لادە جار جارێ بۆ بەرپێی گوڵێ | بگەڕێ ، بڵێ ، لادە |
| ٤/ وێنەکە مەشێوێنە | مەشێوێنە |

## ڕاهێنان (٢)

### ١/ گۆڤارەکان تەواو بکەن

| گۆڤارەکان | ناوە ، کۆیە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە |
|---|---|
| تەواو بکەن | کاری داخوازییە ، تێپەرە ، لێکدراوە |
| ن | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ ، بکەرە |

### ٢/ پەخشانەکە بڵاو بکەوە

| پەخشانەکە | ناوە ، تاکە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە |
|---|---|
| بڵاو بکەوە | کاری داخوازییە ، لێکدراوە ، تێپەرە |
| ە | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاكێ ، بکەرە ، دەرنەکەوتووە |

Remove Watermark Now

## ٣/ بەخۆشی بژی

| | |
|---|---|
| بەخۆشی | گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە |
| بژی | کاری داخوازییە ، تێنە پە ڕە ، سادەیە |
| ە | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە ، دە رنەکە وتووە |

راهێنان (٣)

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :**

١/ منداڵەکە جوان پەروەردە بکە .         چی دەرنەکەوتووە ؟

أ / جێناوی لکاوی ( ن )     ب / جێناوی لکاوی ( ە )   ،   ج / نیشانەی کار   ،   د / بەرکار

٢/ لەکام لەم کارە داخوازییانە جێناوی لکاوی ( ە ) دەرنەکەوتووە ؟

أ / بنوو    ،    ب / لادە    ،    ج / بکە    ،    د / هەموویان

٣/ کامیان کاری داخوازییەو لە چاوگی ( بوون ) وەرگیراوە ؟

أ / ببەن    ،    ب / ببن    ،    ج / بکەن    ،    د / بێن

٤/ لەکام لەم کارە داخوازییانە دەگونجێت نیشانەی کار لابرێ ؟

أ / بهێنە    ،    ب / بخوێنەوە    ،    ج / دابنیشە    ،    د / بهۆنەوە

٥/ ( بە ئازادی بژی ) کاری ڕستەکە بکە ینە دانانی دەبێتە :

أ / بژییت    ،    ب / بژییێت    ،    ج / بژییە    ،    د / بژیین

pdfelement

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان (٤)

### پرۆژەکە تەواو بکە .

١/ کوا بکەری ڕستەکە ؟

وەڵام / ( ە ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە ، دەرنەکەوتووە .

٢/ ئایا دەتوانین نیشانەی ( ب ) لە کارەکە لابدەین ؟ چۆن ؟

بەڵێ دەتوانین نیشانەی ( ب ) لە کارەکە لادەین ⟵ تەواو کە

چونکە کارەکە لێکدراوە .

٣/ پرۆژەکە / ناوە ، تاکە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە

٤/ شێوازی ڕستەکە بکە بە شێوازی دانانی .

دەبێت پرۆژەکە تەواو بکەیت

pdfelement

١. لە ڕستەی ( پرۆژەکە تەواو کە ) چی دەرنەکەوتووە : { A. بکەر B– نیشانەی کار(ب) C. بەرکار D. بکەر و نیشانەی کار }
٢. لە ڕستەی ( دلسۆزی گەلی کورد ببە ) ( ە ) دوای ( ببە ) دەبێتە : { A. بزوێنی ڕەگی کار B– جێناوی لکاو C. پاشگرە D. کاری ناتەواوە }
٣. لە ڕستەی ( دەرگاکە مەکەرەوە ) ( ر ) لە کاری ( مەکەرەوە ) دەبێتە
{ A. پاشگرە B– ناوبەندە C. جێناوی لکاوە D. ئامرازی دانە پاڵە }
٤. لە چاووگی ( هاتن ) کاری داخوازی بۆ تاك دروست بکەین دەبێتە : { A. وەرە B– (ە) هەڵێ C. دێم D. بێم }
٥. جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێ ئەگەر کارەکە
{ A.ڕابردووی تێپەڕ B– ڕابردووی تێنەپەڕ C. داخوازی D. ڕانەبردووی تێنەپەڕ }
٦. لە ڕستەی ( ئەم گوڵە فڕێ مەدە ) چی دەرنەکەوتووە : { A. ئامرازی دانە پاڵ B– کاری ناتەواو C. جێناوی لکاو D. پاشگر }
٧. لە ڕستەی ( ئەم گوڵە فڕێ مەدە ) ( ە ) لە کاری ( فڕێ مەدە ) دەبێتە :
{ A. بزوێنی ڕەگی کار B– جێناوی لکاو C. پاشگرە D. کاری ناتەواوە}
٨. لە ڕستەی ( کارەکە زوو تەواو بکە ) بزوێنی ( ە ) لە دوای ( تەواو بکە ) دەبێتە :
{ A. بزوێنی ڕەگی کار B– جێناوی لکاو C. پاشگرە D. کاری ناتەواوە}
٩. لە ڕستەی ( هەواڵەکەیان پێ بڵێ ) چی دەرنەکەوتووە : { A. بکەر B– نیشانەی کار(ب) C. بەرکار D. بکەر و نیشانەی کار }
١٠. لە ڕستەی ( بانگی بکەن بۆ سەیر پێشانگاکە ) ( ن ) لەکاری ( بکەن ) دەبێتە :
{ A. بکەر B– بەرکار C. جێگری بکەر D. تەواوکەری بەیاریدە }
١١. کاری داخوازی دەکرێتە نەرێ بە : { A. نا B– نی C. نە D. مە }
١٢. لە ڕستەی ( بەرگی خەفەت فڕێ دە ) چی دەرنەکەوتووە : { A. بکەر B– نیشانەی کار(ب) C. بەرکار D. بکەر و نیشانەی کار }
١٣. لە ڕستەی ( گۆڤارەکان چاپ بکەن ) شێوازی ئەم ڕستەیە : { A. دانانی B– ڕاگەیاندن C. داخوازی D. مەرجی }
١٤. یەکێك لەم کارە داخوازیانە لە دەستوور لایداوە : { A.دامەنیشە B– بتەوێ C. ببە D. بکرن }

Remove Watermark Now

١٥. یەکێك لەم کارە داخوازیانە لە دەستوور لایداوە : { A.برۆ B– بچۆ C. بنوو D . بگەڕێ }

١٦. لە ڕستەی ( بە ئازادی بژی ) کارەکە بگۆڕین بۆ رانەبردووی راگەیاندن دەبێتە :
{ A. بە ئازادی دەژیایت B– بە ئازادی ژیایت C. بەئازادی دەژیت D . بە ئازادی بژیت }
١٧. کام لەم ڕستانە لە شیوازی داخوازی یە : { A. دەبوو میوەکە بخۆن B– میوەکە دەخۆن C. میوەکە بخۆن D . لەوانەیە میوەکە نەخۆن }
١٨. لە ڕستەی ( پڕۆژەکە تەواوبکە ) ڕستەکە بگۆرە بۆ رانەبردووی دانانی :
١٩. لە رستەی ( پڕۆژەکە تەواو کە ) چی دەرنەکەوتووە : { A. بکەر B– نیشانەی کار( ب ) C. بەرکار D . بکەر و نیشانەی کار }
٢٠. لە ڕستەی ( دلسۆزی گەلی کورد ببە ) ( ە ) دوای ( ببە ) دەبێتە :{ A. بزوێنی رەگی کار B– جێناوی لکاو C. پاشگرە D . کاری ناتەواوە}
٢١. لە ڕستەی ( دەرگاکە مەکەرەوە ) ( ر ) لە کاری ( مەکەرەوە ) دەبێتە
{ A. پاشگرە B– ناوبەندە C. جێناوی لکاوە D . ئامرازی دانە پاڵە }
٢٢. لە چاووگی ( هاتن ) کاری داخوازی بۆ تاك دروست بکەین دەبێتە : { A. وەرە B– (ە) هەڵێ C. دێم D . بێم }
٢٣. جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێ ئەگەر کارەکە
{ A.رابردووی تێپەڕ B– رابردووی تێنە پەڕ C. داخوازی D . ڕانەبردووی تێنە پەڕ }
٢٤. لە رستەی ( ئەم گوڵە فڕێ مەدە ) چی دەرنەکەوتووە: { A. ئامرازی دانە پاڵ B– کاری ناتەواو C. جێناوی لکاو D . پاشگر }
٢٥. لە رستەی ( ئەم گوڵە فڕێ مەدە ) ( ە ) لە کاری ( فڕێ مەدە ) دەبێتە :
{ A. بزوێنی رەگی کار B– جێناوی لکاو C. پاشگرە D . کاری ناتەواوە}
٢٦. لە ڕستەی ( کارەکە زوو تەواو بکە ) بزوێنی ( ە ) لە دوای ( تەواو بکە ) دەبێتە :
{ A. بزوێنی رەگی کار B– جێناوی لکاو C. پاشگرە D . کاری ناتەواوە}
٢٧. لە ڕستەی ( هەواڵەکەیان پێ بلێ ) چی دەرنەکەتووە : { A. بکەر B– نیشانەی کار( ب ) C. بەرکار D . بکەر و نیشانەی کار }
٢٨. لە ڕستەی ( بانگی بکەن بۆ سەیر پێشانگاکە ) ( ن ) لەکاری ( بکەن ) دەبێتە :
{ A. بکەر B– بەرکار C. جیگری بکەر D . تەواوکەری بەیاریدە }
٢٩. کاری داخوازی دەکرێتە نەرێ بە : { A. نا B– نی C. نە D . مە }
٣٠. لە ڕستەی ( بەرگی خەفەت فڕی دە ) چی دەرنەکەوتووە : { A. بکەر B– نیشانەی کار( ب ) C. بەرکار D . بکەر و نیشانەی کار }
٣١. لە ڕستەی ( گۆڤارەکان چاپ بکەن ) شێوازی ئەم ڕستەیە : { A. دانانی B– ڕاگەیاندن C. داخوازی D . مەرجی }
٣٢. یەکێك لەم کارە داخوازیانە لە دەستوور لایداوە : { A.دامەنیشە B– بتەوێ C. ببە D . بکرن }
٣٣. یەکێك لەم کارە داخوازیانە لە دەستوور لایداوە : { A.برۆ B– بچۆ C. بنوو D . بگەڕێ }
٣٤. لە ڕستەی ( بە ئازادی بژی ) کارەکە بگۆڕین بۆ رانەبردووی راگەیاندن دەبێتە :
{ A. بە ئازادی دەژیایت B– بە ئازادی ژیایت C. بەئازادی دەژیت D . بە ئازادی بژیت }
٣٥. کام لەم ڕستانە لە شیوازی داخوازی یە : { A. دەبوو میوەکە بخۆن B– میوەکە دەخۆن C. میوەکە بخۆن D . لەوانەیە میوەکە نەخۆن }
٣٦. لە ڕستەی ( پڕۆژەکە تەواوبکە ) ڕستەکە بگۆرە بۆ رانەبردووی دانانی :

| ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | D | ٣ | B | ٥ | C | ٧ | A | ٩ | A | ١١ | D | ١٣ | C | ١٥ | B | ١٧ | C |
| ٢ | B | ٤ | A | ٦ | C | ٨ | A | ١٠ | A | ١٢ | D | ١٤ | B | ١٦ | C | ١٨ | C |

pdfelement

Remove Watermark Now

# شێوازی ڕێژەی مەرجی

ئەگەر ڕوودانی کارێك مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر بەو کارە بە ڕێژە و ناوەڕۆکییەوە دەوترێت

ڕستەی ئاوێتەی مەرجی .

## ڕستەی ئاوێتەی مەرج

پارستە    شارستە

ڕستەی کاری مەرج    ڕستەی وەڵامی مەرج

کار لە ڕێژەی    کار لە ڕێژەی

ڕاگەیاندن ، دانانی    ڕاگەیاندن ، داخوازی

**ڕستەی ئاوێتەی مەرجی لە دوو ڕستە پێك دێت کە بریتین لە :**

١ ڕستەی کاری مەرج – ( **پارستە** ) ڕوودانی کاری ئەم رستەیە مەرجە بۆ ڕوودانی کاری وەڵامی مەرج .

٢ ڕستەی وەڵامی مەرج – ( **شارستە** ) ڕستەی سەرەکییەو بە ئە نجام گەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە بەستراوەتەوە بە ڕوودانی کاری مەرج .

تێبینی

بۆ دروست کردنی ڕستەی ئاوێتەی مەرجی پێویستیمان بە ئامرازی لێکدەر هەیە کە ئەمانەن :

( **هەتا** – **تا** – **کە** – **کەی** – **مەگەر** – **ئەگینا** – **ئەگەر** – **تاوەکو** – **ئینجا** – **دەنا** – **هەکە** .... )

pdfelement

Remove Watermark Now

## چەند تێبینییەك

١ ڕستەی ئاوێتەی مەرجی لە سێ بەش پێك دێت :

ڕستەی کاری مەرج ( پارستە ) ڕستەی وەڵامی مەرج ( شارستە ) ئامرازی لێکدەری مەرج

٢ ڕستەی کاری مەرج ( پارستە ) زیاتر دەکەوێتە سەرەتای ڕستە :

**ئەگەر یەکبگرین** ، سەردەکەوین .

دەگونجێت ڕستەی وەڵامی مەرج ( شارستە ) بکەوێتە سەرەتایی ڕستە :

**دەخوێنم** تا دەربچم .

ڕستەی وەڵامی مەرج

٣ ڕستەی کاری مەرج ( پارستە ) هەمیشە لەدوایی ئامرازی لێکدەر دێت .

٤ ڕستەی وەڵامی مەرج ( شارستە ) ڕستەیەکی سەربەخۆیەو دەتوانرێت بەتەنیا بەکار بهێنرێت .

٥ کار لە شێوازی مەرجی ڕێژەی تایبەت بە خۆی نییە ، بەڵکو هەر ئەو کارانەن کە لە ڕێژەی :

**ڕاگەیاندن داناني داخوازی** بەکارهاتوون ، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی مەرجی بەکارهاتوون .

٦ لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجی ( دوو ) کارمان هەیە و بۆ مەبەستی مەرجی بەکار هاتوون .

١. لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجی کاری وەلامی مەرج لە ڕێژەی

( A. دانانی ، داخوازی B– ڕاگەیاندن ، دانانی C. **داخوازی ، ڕاگەیاندن** D . مەرجی )

٢. لە ڕستەی (ئەگەر نەورۆز هات ، ئەم دچینە سەیرانێ) (ئەگەر)

( A. وشەی گومانە B– وشەی یاریدەدەرە C. **ئامرازی مەرجە** D . وشەی ئاواتە )

٣. لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا کار بە چەند شێواز دەردەکەوێ : ( A. یەك شێواز B– دوو شێواز C. **سێ شێواز** D . چوار شێواز )

## ڕاهێنان (١)

لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجی چەند کارمان هەیە ؟		لە چ ڕێژەیەك دان ؟

بۆ چ مەبەستێك بەکار دەهێنرێن ؟	بە نموونە ڕوونی بکەرەوە :

دوو کارمان هەیە :

کاری مەرج ⟵ ڕاگەیاندن - دانانی

وەڵامی مەرج ⟵ ڕاگەیاندن - داخوازی

ئەگەر یەکبگرین ، سەردەکەوین .

کارەکان بۆ مەبەستی مەرج بەکار هێنراون .

## ڕاهێنان (٢)

زوو برۆ ، کارەکە ئەنجام بدە .

١/ هەردوو کار ( برۆ ، ئەنجام بدە ) لە ڕێژەی داخوازیدان

٢/ لە هەردوو ڕستە ( ە ) بکەرە دەرنەکەوتووە چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە ( ۆ – ە ) هاتووە .

٣/ برۆ		ڕۆیشتبا یت ( ڕابردووی نزیکی دانانی )

ئەنجام بدە		ئەنجام دەدا ( ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن )

ئەگەر زوو ڕۆیشتبایت ، کارەکەت ئەنجام دەدا .

pdfelement

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٣ )

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

١/ لە شێوازی مەرجیدا کار بە چەند شێواز دەردە کەوێت ؟

یەك دوو سێ چوار

٢/ لە شێوازی مەرجیدا کاری وەڵامی مەرج لە ڕیژەی :

ڕاگەیاندن و داخوازی ڕاگەیاندن و دانانی ڕاگەیاندن دانانی و داخوازی

٣/ کەی بایەخ بە پیشەسازی بدرێت ، وڵات پێش دەکەوێت .

ئەگەر کاری مەرج بکەینە ( نەرێ ) دەبێتە : نادرێ نەکەوێت نەدرێ ناکەوێت

٤/ ئەگەر یارمەتیمان دابان ، لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە . کاری وەڵامی مەرج لە ڕیژەی :

ڕابردووی نزیکی دانانی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ڕانەبردووی ڕاگەیاندن مەرجی

٥/ ( تا وانەکان نەخوێنن ، نمرەی باش وەرناگرن ) کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕیژەیەکە ؟

ڕانەبردووی دانانی داخوازی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی نەرێ ڕابردووی بەردەوام

pdfelement

## ڕاهێنان٤

١/ کەی بوویت بە ئەندازیار ، گوندەکان ئاوەدان بکەرەوە

| | |
|---|---|
| کەی بوویت بە ئەندازیار | ڕستەی کاری مەرجە |
| کەی | ئامرازی لێکدەری مەرجە |
| بوو | کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، سادەیە |
| یت | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە |
| بە | ئامرازی پەیوەندییە |
| ئەندازیار | ناوە ، تاکە ، گشتییە ، تەواوکەری بەیاریدەیە |
| گوندەکان ئاوەدانبکەرەوە | ڕستەی وەڵامی مەرجە |
| گوندەکان | ناوە ، کۆیە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| ئاوەدانبکەرەوە | کاری داخوازییە ، لێکدراوە ، تێپەرە |
| ر | ناوبەندە |
| ە | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە ، دەرنەکەوتووە |

Remove Watermark Now

## ٢/ ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت ، دەردەچیت

.

| | |
|---|---|
| ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت | ڕستەی کاری مەرجە |
| ئەگەر | ئامرازی لێکدەری مەرجە |
| وانەکە | ناوە ، تاکە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| باش | هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە |
| بخوێنیت | کاری ڕانەبردووی دانانییە ، تێپەڕە |
| یت | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەرە |
| دەردەچیت | ڕستەی وەڵامی مەرجە |
| دەردەچیت | کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، تێنەپەڕە |
| یت | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەرە |

### شێوازی ڕێژەی مەرجی

- کاری تەواوی تێپەڕ
- کاری تەواوی تێنەپەڕ
- کاری یاریدەدەر
- کاری ناتەواو

pdfelement

### ١/ کاری ( تەواوی تێپەڕ ) لە دوو باردا بەکار دێت :

أ / ئەگەر بە مانای خاوەنداریێتی ( تملك ) هات .

| | | |
|---|---|---|
| سەیارەم هەبوو . | سەیارەم هەیە . | سەیارەم دەبێت . |
| بۆ ڕابردوو | بۆ کاتی ئێستا | بۆ داهاتوو |

ب / ئەگەر بەمانای منداڵ بوون هات .

ئافرەتەکە منداڵی بوو ( دەبێت )	ژنەکە کچێکی بوو ( دەبێت )	ئاژەڵەکە بەچکەیەکی بوو ( دەبێت )

## پ / جیاوازی چییە لە نێوان کارەکانی ئەو دوو ڕستەیە ؟

١/ ئافرەتەکە منداڵی بوو . کارەکە تەواوی تێپەڕە لە چاوگی ( منداڵبوون ) وەرگیراوە

٢/ منداڵەکە لە دایك بوو . کارەکە تەواوی تێنەپەڕە لە چاوگی ( لە دایك بوون ) وەرگیراوە

Remove Watermark Now

## ٢/ کاری ( تەواوی تێنە پەڕ ) لە دوو باردا بەکاردێت :

أ/ ئەگەر ( بوو ، دەبێت ) پێشگری لە پێش بێت یان وشەیەکی بێ ماناى لە پێش بێت و ببێتە بەشێك لە کاری ناسادە :

**تێبینی** بەشێك لەو پێشگرو وشە بێمانایانەی کە کاری لێکدراو دروست دەکەن ئەمانەن :

هەڵ ، ڕا ، پێ ، دەر، نقووم ، وشك ، شین ، سەوز ، تەواو ، ون ، لەدایك ، فێر ، دەرباز ......... هتد

چراکە هەڵبوو .　　منداڵەکە ڕادەبێت .　　کەشتییەکە نقووم بوو .　　گەلی کورد سوورە لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی .

دارەکە وشکبوو .　　دارەکە سەوز بوو .　　یارییەکە تەواو بوو .　　پارەکە ونبوو .

منداڵەکە لەدایك دەبێت .　　منداڵەکە فێر دەبێت .　　دزەکە دەرباز دەبێت .

ب/ ئەگەر بەمانای ( وجود ) هات :

| من هەم | تۆ هەیت | ئەو هەیە . |
|---|---|---|
| پارەم هەبوو | پارەم هەیە | پارەم دەبێت |

لە ڕا پەڕینەکە ئەو هەبوو .　　لە کۆڕەوەکە ئەو هەبوو .

## ٣/ دەبێتە کاری یاریدەدەر

لە ڕێژەی ( دانانی ) بەشێوەی : ( دەبوو ، دەبوایە ، ، دەبێت ) بەکاردێت .

دەبوایە کارەکەت تەواو کردبووبا .　　دەبوو باران بارییبا .　　دەبێت نمرەیەکی بەرز بەدەست بێنم .

کاری یایدەدەرن

## ٤/ دەبێتە کاری ناتەواو

هەر کاتێك کاری سەرەکی لە ڕستە نەبوو ( ە ، بوو ، دەبێت ) وەك کاری ناتەواو بەکار دێت .

قووتابییەکە زیرەکە　　قووتابییەکە زیرەك بوو　　قووتابییەکە زیرەك دەبێت .

pdfelement

Remove Watermark Now

## چەند تێبینییەك

١/ هەر کاتێك ( بوو ، دەبێت ) وەك سیفەتێك بەکار هات دەبێتە کاری تەواوی تێنە پەڕ .

دارەکە وشك **بوو** .          گوڵەکە سەوز **دەبێت** .

( سەوز ) بە مانای گەورە بوون دێت .

٢/ کاری ناتەواو کاتێك دەردەکەوێت کە نیهاد کەسی سێیەمی تاك بێت .

ئەو کوردە .          هەنارەکە ترشە .

**کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا**

٢/ هەندێك جار ( ت . بەیاریدەی کاری ناتەواو ) دەچێتە دوای کارە ناتەواوەکەوە .

کوڕەکە **بوو** بە ئەندازیار .

تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٤/ کاری ناتەواو بۆ هەر سێ کاتەکە تێنە پەڕە .

٥/ **کاری ناتەواو** بە ئەرێ و نەرێ سەر بە ڕێژەی ڕاگەیاندنە .

٦/ کاری ناتەواو بەم شێوەیە نەرێ دەکرێت :

ڕابردوو ( **بوو** ) **نە**بوو          ئێستا ( ە ) **نی** یە

ڕانەبردوو ( **دەبێت** ) **نا**بێت

**کاری ناتەواو تەواو دەکرێت بەهۆی**

١/ ناو   ٢/ جێناو   ٣/ هاوەڵناو   ٤/ هاوەڵکار   ٥/ چاوگ

pdfelement

**یەکەم / ناو : دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو بە دوو شێوە ( ڕاستەوخۆ ، بەیاریدە )**

هیوا ئەندازیار **ە** .

نیهاد ( ناوە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە ) **کاری ناتەواوە**

پەرتووکەکە بۆ هیوا **بوو** .

نیهاد ( ئا. پەیوەندی ) ( ناوە ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە ) **کاری ناتەواوە**

**دووەم / ( جێناوەکان ) بە دوو شێوە دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو ( ڕاستەوخۆ ، بە یاریدە )**

پ/ چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆ دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو ؟

و/ پێنج جۆر جێناوی سەربەخۆ دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو ئەمانەن : ( **کەسی سەربەخۆ ، خۆیی ، پرس ، نادیار ، نیشانە** ) .

**جێناوە کەسییە سەربەخۆکان ئەمانەن :**

١/ ( من ، ئێمە )   ٢/ ( تۆ ، ئێوە )   ٣/ ( ئەو ، ئەوان )

پێشمەرگەکە ئەو **بوو** .

سەرکەوتن بۆ ئێمە**یە** .   جێناوی سەربەخۆیە ( ت. بەیاریدەی کاری ناتەواوە )   **کاری ناتەواوە**

**( جێناوەی خۆییەكان ) ئەمانەن :** ( خۆم ، خۆمان ، خۆت ، خۆتان ، خۆی ، خۆیان )

دزەكە خۆی بوو . دیارییەكە بۆ خۆمان بوو . جێناوی خۆییە ( ت. بەیاریدەی كاری ناتەواو ) كاری ناتەواوە

**تێبینی** جێناوی ( هەیی ) نابێتە /١ تەواوكەری كاری ناتەواو /٢ دیارخەری ناو .

**( جێناوە پرسەكان ) ئەمانەن :** ( كێ ، چ ، چی ، كام ، كامە )

ئەمە كێیە ؟ دیارییەكە بۆ كێ بوو ؟ جێناوی پرسە ( ت. بەیاریدەی كاری ناتەواو ) كاری ناتەواوە

**( جێناوە نادیارەكان ) ئەمانەن :** ( فلان ، فیسار ، هین ، كەس ، كابرا ، هەندێك ، زۆر ، كەمێك ، هەمی ....... )

ئەمە فلانە ؟ دیارییەكە بۆ فلان بوو ؟ جێناوی نادیارە ( ت. بەیاریدەی كاری ناتەواو ) كاری ناتەواوە

pdfelement

**( جێناوە نیشانەكان ) ئەمانەن :** ( ئەمە ، ئەمانە ، ئەوە ، ئەوانە )

مامۆستاكە ئەوە بوو . دیارییەكە بۆ ئەوان بوو . جێناوی نیشانەیە ( ت. بەیاریدەی كاری ناتەواو ) كاری ناتەواوە

**هاوەڵناوەكان ئەمانەن :** هاوەڵناوە چۆنییەتییەكان دەبنە تەواوكەری كاری ناتەواو كە ئە مانەن :

( زۆر ، كەم ، بەرز ، نزم ، پاك ، خۆش ، ترش ، ................ هتد )

**تێبینی** هاوەڵناوە چۆنییەتییەكان تەنیا بە شێوەی راستەوخۆ دەبنە تەواوكەری كاری ناتەواو .

هەنارەكە ترشبوو . هاوەڵناوی چۆنیەتییە ( تەواوكەری كاری ناتەواوە ) كاری ناتەواوە

Remove Watermark Now

## هاوەڵکارەکان ئەمانەن : ١/ هاوەڵکاری کاتی ٢/ هاوەڵکاری شوێنی

**١/ هاوەڵکارە کاتییەکان :** دوێنێ ، دووشەممە ، پار ، هاوینێ ، بەشەو ، کاتژمێر دوو ، دوایی ، کەمێکی تر ......

**ئاهەنگەکە بە شەو بوو .** هاوەڵکاری کاتییە ( تەواوکەری کاری ناتەواوە )

**٢/ هاوەڵکارە شوێنییەکان :** دوور ، نزیك ، لەدوور ، لە سەر ، لە بەرامبەر ، لە نێوان ، لەتەنیشت ، لە پێش

**ئاهەنگەکە لە دوور بوو .** هاوەڵکاری کاتییە ( تەواوکەری کاری ناتەواوە )

**چاوگەکان :** دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو بە دوو شێوە ( ڕاستەوخۆ ، بەیاریدە )

**مەبەستمان سەرکەوتنە . هەوڵدا نمان بۆ سەرکەوتنە .** چاوگی تائیییە ( تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە )

### کاری چاوگی ( بوون )

pdfelement

١. لە ڕستەی (دایکیان منداڵی بوو) وشەی (دایك) ئەرکی دەبێتە : { A. بکەر B- بەرکار C. جێگری بکەر D. نیهاد }

٢. لە ڕستەی (پارەکەمان ون بوو) .کاری (بوو) دەبێتە : { A. کاری یاریدەدەر B- تەواوی تێپەڕ C. ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

٣. لە ڕستەی (من کورە کوردم) چی دەرنەکەوتووە : { A. ئامرازی دانەپاڵ B- جێناوی لکاو C. کاری ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

٤. لە ڕستەی (کارەکەیان تەواو بوو) کاری ڕستەکە دەبێتە : { B- تەواوی تێپەڕ C. ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

٥. لە چاووگی بوون کاری تەواوی تێنەپەڕ دروست دەکرێت ئەگەر بەمانای : { A. خاوەندارێتی B- بوون الوجود C. منداڵبوون } هاتبێ

٦. لە چاووگی بوون کاری ناتەواو دروست دەکرێت ئەگەر بەمانای : { A. خاوەندارێتی B- بوون الوجود D. کاری سەرەکی نەبێ }

٧. لە ڕستەی (منداڵەکە لەدایك بوو) کاری (بوو) دەبێتە : { A. کاری یاریدەدەر B- تەواوی تێپەڕ C. ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

٨. (بوو) دەبێتە کاری تەواوی تێنە پەڕی دارڕاو ئەگەر بەمانای :

{ A. خاوەندارێتی B- بوون الوجود C. لەگەڵ پێشگری (ڕا) D. کاری سەرەکی نەبێ }

٩. کاری ناتەواوی (ە) دەکرێتە نەرێ بەنیشانەی : { A. نە B- نا C. مە D. نی }

١٠. کاری ناتەواوی (دەبێت) دەکرێتە نەرێ بە نیشانەی : { A. نە B- نا C. مە D. نی }

١١. لە ڕستەی (ئاهەنگەکە بەشەو بوو) کاری ناتەواو تەواو کراوە بە : { A. ناو B- جێناو C. هاوەڵکاری کاتی }

١٢. لە ڕستەی (سەرکەوتن بە تێکۆشان دەبێت) کاری ناتەواو تەواو کراوە بە :

{ A. ناو B- چاووگ C. هاوەڵکاری کاتی D. هاوەڵکاری شوێنی }

١٣. لە ڕستەی (چیاکانی کوردستان سەرکەشن) چی دەرنەکەوتووە :

{ A. ئامرازی دانەپاڵ B- جێناوی لکاو C. کاری ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

١٤. (هونەرمەندانی دڵسۆز لەناو ئاهەنگەکەدا هەبوون) کاری (بوو) :

{ A. کاری یاریدەدەر B- تەواوی تێپەڕ C. ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

١٥. (لە کۆڕەوەکەدا ئەو هەبوو) کاری (هەبوو) { A. کاری یاریدەدەر B- تەواوی تێپەڕ C. ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

١٦.(کاوە سورپوو لەسەر قسەکانی) (سورپوو) کاری : { A. ئامرازی دانەپاڵ - B جێناوی لکاو C. کاری ناتەواو D. تەواوی تێنەپەڕ }

١٧.کاری ناتەواو لە ڕووی کاریگەرییەوە : { A. تێپەڕە B- تێنەپەڕە C. تێپەڕ و تێنەپەڕە D. هیچیان }

Remove Watermark Now

١٨. پێشگری ( هەڵ ، ڕا ) کام لەم کارانە دروست دەکەن :
{ A. ئامرازی دانە پاڵ B– جێناوی لکاو C. کاری ناتەواو D . تەواوی تێنە پەڕ }

١٩. لە ڕستەی ( شەقامەکان پاکن ) چی دەرنەکەوتووە : { A. ئامرازی دانە پاڵ B– جێناوی لکاو C. کاری ناتەواو D . تەواوی تێنە پەڕ }

٢٠. چەند جۆرە هاوەڵکار دەبنە تەواوکەری کاری کاری ناتەواو : { A. یەك B– دوو C. سێ D . چوار }

٢١. چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆ دەبنە تەواوکەری کاری کاری ناتەواو : { A. پێنج B– دوو C. سێ D . چوار }

| ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | A | ٥ | B | ٩ | D | ١٣ | C | ١٧ | B | ٢١ | A |
| ٢ | D | ٦ | D | ١٠ | B | ١٤ | D | ١٨ | D | ٢٢ | D |
| ٣ | C | ٧ | D | ١١ | C | ١٥ | D | ١٩ | C | ٢٣ | |
| ٤ | D | ٨ | C | ١٢ | B | ١٦ | D | ٢٠ | B | ٢٤ | |

pdfelement

## ئەرکی ( ە ) لە ڕێزمانی کوردی

**١/ دەبێتە کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستە**

هیوا مامۆستایە . بایەکە بەهێزبوو .

**٢/ دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لەگەڵ کاری ( داخوازی )**

بخوێنە بکرە بنووسە .

**٣/ دەبێتە ئامرازی پەیوەندی : ئەگەر بەمانای ( بە ، بۆ ، لە ) هات**

قووتابییەکە چووە قووتابخانە . یارمەتییەکان دەدەینە هەژاران . کچەکە دەڕوانێتە ئاوێنە .

بۆ بە لە

**٤/ دەبێتە ئامرازی بانگکردن : هەر کاتێك ( ە ) بە ناویکەوە لکا و کارەکە داخوازی بێت**

کچینە بخوێنن کوردینە یەکبگرن .

**٥/ دەبێتە ئامرازی ناساندن : بە مانای ( ەکە ) دێت**

کورە خەڵکی هەولێرە . ژنە هەژار بوو. ( ەکە )

**٦/ دەبێتە ئامرازی دانە پاڵ ( خستنە سەر ).** : ئەگەر ( ە ) لە دوایی ناوێکی ناسراو هات و تەواو کرابێت بە هاوەڵناوێ

واتە ( ە ) لە بری ( ی ) دانە پاڵ بەکاربێت .

مەرە لاوازەکە بفرۆشە .          مەڕی لاواز بفرۆشە .

**٧/ دەبێتە پاشگر بۆ دروست کردنی وشەی نوێ**

دەست          دەستە          برد          بردە          سەوز          سەوزە

**٨/ دەبێتە جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کرما نجی ژووروو** ئەگەر کارەکە ڕانەبردوو بوو .

ئەو دەرسێ دێ نڤیسە .

**٩/ دەبێتە ئامرازی لێکدەر** ئەگەر دوو وشەی واتاداری بەیەکەوە بەست .

گوڵە هێرۆ          شێرە ژن          کێلەشین          مانگەشەو          پیرەمێرد

**ڕاهێنانی ( ١ )** لا پەرە ٣٧

ئەو کارانە دیاری بکە کە لە چاوگی ( بوون ) ەوە وەرگیراون و جۆرەکانیان دیاری بکە :

| ڕستە | کاری چاوگی بوون | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| گەلی کورد سوورە لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی | سوورە(ە) | کاری تەواوی تێنەپەڕ |
| دەبێت یەکریزی گەل بپارێزین | دەبێت | کاری یاریدەدەر |
| دایکیان کە منداڵی بوو ، منداڵەکە نەخۆش بوو | منداڵی بوو ، نەخۆش بوو | تەواوی تێپەر و کاری ناتەواو |
| کێشەی ئاوارەکانی کەرکووك کەی پەیدا بوو؟ | پەیدابوو | کاری تەواوی تێنەپەڕە |
| باوکیان لەخەو ڕابوو | ڕابوو | کاری تەواوی تێنەپەڕە |

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٢ )

**ئەرکی ( ە ) لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، دەستنیشان بکە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست.**

١. **کورە ، بەدانیشتن ماڵت وێرانە.** کوڕە(ە) ئامرازی بانگکردنە . وێرانە(ە) کاری ناتەواوە .

٢. **بخوێنە، چونکە خوێندن سارێژکەری برینەکانتە** بخوێنە (ە) بکەرە . برینەکانتە (ە) کاری ناتەواوە

٣. **ڕەشەبای سلێمانی بەهێزە .** ڕەشەبا(ە) ئامرازی لێکدانە . بەهێزە (ە) کاری ناتەواوە .

٤. **چیرۆکەکێ بنڤیسە.** بنڤیسە (ە) بکەرە .

٥. **منداڵە گەمەی دەکردو ، دایکەش تەماشای دەکرد.** منداڵە (ە) ئامرازی پێناسینە دایکە (ە) ئامرازی پێناسینە .

## ڕاهێنان ( ٣ )

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :**

**١.کاری چاوگی بوون بە واتای وجود بێت دەبێتە :**
( *a* . کاری یاریدەدەر *b* . کاری ناتەواو *c*. کاری تەواوی تێپەڕ d . کاری تەواوی تێنەپەڕ )

**٢.کام لەم ڕستانە کاری ناتەواوە :**
(*a*. ئەندازیارەکە لێهاتووبوو *b*. دەبوو تاقیکردنەوە کرابا *c*. منداڵێکی بوو *d*. منداڵی هەبوو )

**٣.لە ڕستەی ( ئەوان لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوون) کاری ڕستەکە :**
( *a* . کاری یاریدەدەر *b*. کاری ناتەواو *c*. کاری تەواوی تێپەڕ *d* . کاری تەواوی تێنەپەڕ )

**٤.لە ڕستەی (من کوردم ) وشەی (کورد) ئەرکی چییە ؟**
(*a*- بکەرە *b*. نیهادە *c*. بەرکارە *d*. تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە )

**٥.لە ڕستەی ( چیاکانی کوردستان بڵندن) چی دەرنەکەوتووە ؟**
( *a*. ئامرازی دانەپاڵ *b*. کاری ناتەواو *c*. نیهاد *d*. بکەر )

**٦.(گوڵە هێرۆکە جوانە ) (ە) لە نێوان (گوڵ و هێرۆ)**
( *a*. ئامرازی دانەپاڵ *b*. کاری ناتەواو *c*. ئامرازی لێکدەرە *d*. ئامرازی پێناسین )

**٧.(هەنارە مزرەکە خۆش بوو ) (ە) لە نێوان (هەنار و مزر) دەبێتە :**
( *a*. ئامرازی دانەپاڵ *b*. کاری ناتەواو *c*. ئامرازی لێکدان *d*. ئامرازی پێناسین )

**٨.( کورە هەژارە) بزوێنی (ە) دوای کوڕ دەبێتە :**
( *a*. ئامرازی دانەپاڵ *b*. کاری ناتەواو *c*. ئامرازی لێکدان *d*. ئامرازی پێناسین )

**٩.(چاکە بە خەڵکی بکە ) بزوێنی (ە) دوای (چاک) دەبێتە :**
( *a*. پاشگر *b*. کاری ناتەواو *c*. ئامرازی لێکدان *d*. ئامرازی پێناسین )

**١٠. (منداڵە ناچێتە قوتابخانە ) ئەرکی بزوێنی (ە) دوای ناچێت دەبێتە :**
( *a* ئامرازی دانەپاڵ *b*. کاری ناتەواو *c*. ئامرازی لێکدان *d*. ئامرازی پەیوەندی )

pdfelement

Remove Watermark Now

١. لە ڕستەی ( هەر دەوەنە دەبێتە دار ) ( ە ) دوای ( دەبێت )

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٢. لە ڕستەی ( چاکە بە هەموو کەسێك ناکرێت ) ( ە )ی دوای ( چاك ) دەبێتە

{ A. ئامرازی لێکدان B – پاشگر C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٣. لە ڕستەی ( منداڵە گەمەی دەکرد ) ( ە ) لە دوایی منداڵە دەبێتە

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٤. لەڕستەی ( گوڵەنێرگز جوانە ) ( ە ) ی گوڵەنێرگز

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D ئامرازی پێناسین }

٥. لە ڕستەی ( کچە وازی لە خوێندن هێناوە ) بزوێنی( ە ) ی دوای وشەی ( کچ )

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٦. لە ڕستەی ( کوڕە بە دانیشتن ماڵت وێرانە ) ( ە ) ی کوڕە

{ A. ئامرازی لێکدەر B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٧. لە ڕستەی ( خەڵکە من بۆ خوا وا پێتان دەڵێم ) ( خەڵکە )

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٨. لە ڕستەی ( پیرەمێرد شاعیرێکی مەزن بوو ) ( ە ) پیرەمێرد

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. ئامرازی پەیوەندی D. ئامرازی پێناسین }

٩. لە ڕستەی ( ئێمە کوشتەی دەستی نەخوێندەوارین ) ( ە ) کوشتە

{ A. ئامرازی لێکدان B– ئامرازی بانگکردن C. پاشگر D. ئامرازی پێناسین }

١٠. لە ڕستەی ( ئەو دەرسیٚ دنقیسە ) ( ە )

{ A. ئامرازی لێکدان B– پاشگرە C. جێناوی لکاو D. کاری ناتەواوە }

pdfelement

| ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | C | ٣ | D | ٥ | D | ٧ | B | ٩ | C |
| ٢ | B | ٤ | A | ٦ | B | ٨ | A | ١٠ | C |

Remove Watermark Now

# ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری بکەر

جێناوە لکاوەکان ( کۆمەڵەکان ) بەم شێوەیە بەکاردێن :

١) ئەگەر کارەکە ( ڕابردووی تێپەڕ بێت )

بەرکار باس کرابێت　　بەرکار باس نەکرابێت

هەمیشە جێناوەکانی ک١ دەکەونە دوای بەرکار　　سادە　　ناسادە

دوای بەشی یەکەمی کار

ڕا . ( نزیک + دوور ) کۆتایی کار　　ڕا . ( تەواو ) نێوان نیشانەی تەواو　　ڕا . ( بەردەوام ) ی ڕاگەیاندن دوای نیشانەی ( دە )

جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ( م ، مان ) ( ت ، تان ) ( ی ، یان ) ئەرکی بکەر دەبینن بەم شێوەیە :

أ) ئەگەر بەرکار ( باس کرابوو )

وانەکەمان خوێند　　خۆزگە وانەکەمان خوێندبا

بەرکار　بکەر　　بەرکار　بکەر

وانەکەمان خوێندبوو　　خۆزگە وانەکەمان خوێندبووبا

بەرکار　بکەر　　بەرکار　بکەر

جلەکەی هەڵبژاردووە .　　کاشکی جلەکەی هەڵبژاردبێت .

ب) ئەگەر بەرکار لابرێت یان ( باس کرابوو )

جێناوەکانی ( ک١ ) دەبنە بکەرو دەچنە سەر کارەکە بەم شێوەیە :

١) ئەگەر کار ( سادە ) بێت و لە ڕیژەی ( ڕابردووی نزیک و دووری ڕاگەیاندن ) یان ( دانانی ) بێت ، بەرکار باس نەکرابێت هەمیشە

جێناوەکانی ( ک١ ) وەک بکەر دەکەونە کۆتایی کار .

نانەکەم خوارد　　خواردم ، خواردمان　　خواردت ، خواردتان　　خواردی ، خواردیان

وێنەکەم کێشابوو　　کێشابووم ، کێشابوومان　　کێشابووت ، کێشابووتان　　کێشابووی ، کێشابوویان

خۆزگە وانەکەمان نووسیبا　　خۆزگە نووسیبامان ، خۆزگە نووسیبووبامان ، خۆزگە نووسیبێتمان ( ڕابردووی دانانی )

pdfelement

Remove Watermark Now

٢ ئەگەر کار ( سادە ) یان ( دارِژاو بە پاشگر ) بێت و لە ڕێژەی ( ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ) بێت ، بەرکار باس نەکرابێت هەمیشە جێناوەکانی ( ك١ ) وەك بکەر دەکەونە نێوان نیشانەی تەواو ( وو ه ، وو ه ).

وانەکەم نووسیوە .

نووسیوە ← نووسیوەم نووسیووەمانە نووسیوتە نووسیوتانە نووسیویەتی نووسیویانە

نووسیوەتەوە ← نووسیوەمەتەوە نووسیومانەتەوە نووسیوتەتەوە نووسیوتانەتەوە نووسیویەتەوە نووسیویانەتەوە

٣ ئەگەر کار ( سادە ) بێت و لە ڕێژەی ( ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ) بێت ، بەرکار باس نەکرابێت هەمیشە جێناوەکانی ( ك١ ) وەك بکەر دەکەونە دوای نیشانەی بەردە وام ( دە ).

وانەکەم دەنووسی .

دەم نووسی دەمان نووسی دەت نووسی دە تان نووسی دەی نووسی دەیان نووسی

٤ ئەگەر کارەکە ناسادە بێت و بەرکار باس نەکرابێت ، هەمیشە جێناوەکانی ك١ کە ئەرکی بکەر دەبینن دەچنە دوای بەشی یەکەمی کار جا کارەکە لە ڕێژەی ڕاگەیاندن یان دانانی بێت .

pdfelement

دیارییەکەمان هەڵبژارد

هەڵمان بژارد هەڵمان بژاردبوو هەڵمان بژاردووە هەڵمان دە بژارد

هەڵمان بژاردبا هەڵمان بژارد بووبا هەڵمان بژارد بێت

نیشانەی نزیکی دانانی نیشانەی دووری دانانی پێشگر جێناوی بکەر نیشانەی تەواوی دانانی

**تێبینی** کاری ڕابردووی تێپە ڕ بەم شێوەیە دەکرێتە نەرێ :

( سادە ، دارِژاو بە پاشگر ) لە ڕێژەی ( ڕاگەیاندن ، دانانی ) سەرەتای کار

( دارِژاو بە پێشگر ، لێکدراو ) دوای بەشی یەکەم ( بەشی یەکەمی کار + جێناوی بکەر + نیشانەی نەرێ )

دیارییەکەم دەست نیشان کرد . دەست نیشانم نە کرد .

خۆزگە دیارییەکەمان دەست نیشان کرد با . خۆزگە دەست نیشا نمان نە کرد با .

سادە دارژاو بە پاشگر دارژاو بە پێشگر لێکدراو

سە رە تای کار دوای بە شی یە کەم

Remove Watermark Now

**دووەم ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێنە پەڕ بێت** ، جێناوەکانی ك٢ ( م ، ین ) ( یت ، ن ) ( ø ، ن ) دەبنە بکەرو دەچنە کۆتایی کار .

جا کارەکە ( سادە بێت یان نا سادە )

( چووم چووین ) ( چوویت چوون ) ( چوو چوون )

( چووبایین چووبووباین چوویێتین )

**تێبینی** لە کاری ڕابردووی تەواوی تێنە پەڕ جێناوەکانی ك٢ نیشانەی تەواو لەت دەکەن

سەرکەوتووم سەرکەوتووین سەرکەوتوویتە سەرکەوتوونە سەرکەوتووە سەرکەوتوونە

**تێبینی** ئەگەر کار ڕابردووی تێنە پەڕ بێت جێناوی بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێت .

**سێیەم لەگەڵ کاری ڕانەبردوو** : جێناوەکانی ك٣ ( م ، ین ) ( یت ، ن ) ( ات ، ێت / ن )

دەبنە بکەرو دەچنە کۆتایی ڕەگی کار . جا کارەکە تێپەڕ بێت یان تێنە پەڕ .

ات ← ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە ( ە / ۆ ) هاتبێت . دەخوات

ێت ← ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە ( ە / ۆ ) نە هاتبێت . دەچێت

دەچم ، دەچین دەچیت ، دەچن دەچێت ، دەچن

ڕەگی کار

**تێبینی** کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە هۆی نیشانەی ( نا ) دەکرێتە نەرێ .

کاری ڕانەبردووی دانانی بە هۆی نیشانەی ( نە ) دەکرێتە نەرێ .

پرۆژە کە تەواو ناکرێت . کاری ڕستە لە ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە نەرێیە .

خۆزگە پرۆژە کە تەواو نەکرێت . کاری ڕستە لە ڕێژەی ڕانەبردووی دانانییە نەرێیە .

pdfelement

Remove Watermark Now

**چوارەم ( ە / ن )** لە گەڵ کاری داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ دەبێتە بکەر .

هەندێك جار دەرناکەوێت

تەواوکە ، بخۆ ، بژی ، بنوو

هەمیشە دەردەکەوێت

تەواوکەن ، بخۆن ، بژین ، بنوون ،

پەرتووکەکەتم بۆ بێنە.

دیارخراو — دیارخەر — تەواوکەری بەیاریدە — جێناوی بکەر

گرێی ناوییە / بەرکارە

pdfelement

## ڕاهێنانی ( ١ )

**کەی ئەم جێناوە کەسییە لکاوانەی خوارەوە لەناو ڕستەدا وەکو بکەر دەوری خۆیان دەبینن ، بۆ هەریەکەیان نموونەیەك بهێنەوە ( ات ، مان ، ین ، ە )**

١. ( ات ): لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و دانانی( تێپەڕو تێنە پەڕ ) دەبێتە بکەر ئەگەر ڕەگی کارەکە کۆتایی بە پیتی بزوێنی ( ە / ۆ ) هاتبێت..وەك : نامەکە دەبات .سێوەکە دەخوات.

٢. ( مان ) دەبێتە بکەر تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ وەك : کارەکەمان تەواوکرد .

٣. ( ین ) دەبێت بەبکەر لە گەڵ : ا ـ کاری ڕابردووی تێنە پەڕ . وەك : چووین بۆ گەشت .

ب ـ لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ﴿ تێپەڕ و تێنە پەڕ ﴾ دەبێت بە بکەر دەکەوێتە کۆتایی ڕەگی کارەکە. دەچین بۆ گەشت .

٤. ( ە ) : لە گەڵ کاری داخوازی دەبێتە بکەر بۆ کەسی دووەمی تاك. وەك : نامەکە بنووسە.

Remove Watermark Now

## ڕاهێنانی ( ٢ )

لاپەرە ٤٣

### وتارەکەت بڵاو کردووەتەوە

١. کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟ چۆن دروست کراوە؟ .

بڵاو کردووەتەوە : کارەکە لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لێکدراوە ( قەد + نیشانەی ( ووە ) + ناوبەندی ( ت ) + پاشگر(وە )

٢/ ( ت ) لە کۆتایی وتارەکەت چییە و ئەرکی چییە؟ بۆچی خراوەتە ئەوێ ؟

( ت ) : جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە.خراوەتە ئەو شوێنە چونکە لە ڕستەی کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەگەر بەرکار باس کرا بێت ئەوا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ﴿ م ـ مان ﴾ وەك بکەر دەکەونە دوای بەرکار.

٣/ وشەی ( وتارەکە ) شیبکەوە.

( وتارەکە ) : ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، گشتییە ، بەرکارە.

ئەگەر وشەی وتارەکە لابرێت ( ت ) دەچێتە کوێ ؟ بۆچی؟

ئەگەر بەرکار لابرێت کە ( وتارەکەیە ) ئەوا جێناوەلکاوەکان وەکو بکەر دەچنە سەر کۆتایی بەشی یەکەمی کارەکە ، لێکدراوە : وەك : بڵاوت کردووەتەوە . چونکە کارەکە ڕابردووی تێپەڕی لێکدراوە .

pdfelement

## ڕاهێنانی ( ٣ )

### وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١) (باخچەکەیان بۆ ڕازاندەوە ) جێناوی لکاوی (یان) ئەرکی بریتی یە لە :
a) بکەر .   b. بەرکار   c. تەواوکەری بەیارێدە   d. دیارخەری ناو )

٢) (تاوانبارەکەمان دەست نیشان کردووە ) ئەگەر (بەرکار) لابدەین ( مان) دەچێتە :
a. دوای (دەست)   b . دوای بەشی یەکەمی کار   c. نێوان نیشانەی کار   d . کۆتای کار )

٣) لە ڕستەی (ناوی خوێنکاران تۆمار بکە) چی دەرنەکەوتووە :
a) . بکەر   b. بەرکار   c. تەواوکەری بەیارێدە   d. دیارخەری ناو )

٤) (کلتوری کورد دەپارێزێت) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە :
a. کلتوری کوردیان پاراست)   b. کلتوری کوردمان پاراست
c. کلتوری کوردتان پاراست   d. کلتوری کوردی پاراست )

٥) لەکام لەم کارانە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتایی کارەکە :
a. ئاوەدانکردبوو)   b. یارمەتی دابوو   c. فێردەبوو   d دادەمەزراند )

Remove Watermark Now

## ڕاهێنانی ( ٤ )

**لە ڕستەی ( لەوانەکان باش تێگەیشتووە )**

١. کوا بکەری ڕستەکە ؟ بۆچی ؟

بکەر جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاکە لێرەدا دەرنەکەوتووە ، چونکە کارەکە ڕابردووی تێنە پەرە.

٢. کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ، چ گۆڕانێك ڕوودەدات بینووسەوە.

لەوانەکان باش تێدەگات.بکەر ( ات ) ە جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێن ( ە ) هاتووە

٣. وشەی ( وانەکان ) شیبکەوە.

( وانەکان ) : ناوە ، گشتییە ، کۆی ناسراوە ، تەواوکەری بەیاریدەیە .

٤. وشەی ( باش ) چییە؟ ئەرکی چییە؟

( باش ) : هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە .

**پرسیاری نیشتیمانی ( ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری بکەر )**

pdfelement

١. لە ڕستەی ( دەبێت مامۆستا قوتابیان ببات بۆ تاقیگە ) ( ات ) بەکارهاتووە چونکە ڕەگی کارەکە کۆتایی بە

( A. ( ە ) B– ( ۆ ) C. نەبزوێن D. ( ە ، ۆ )

٢. جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە ڕستەدا دەرناکەوێ لەگەڵ کاری

( A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردووی تێنە پەڕ C. داخوازی D . ڕابردووی تێپەڕ )

٣. لە ڕستەی ( لە کۆڵانەکە کەوتووە ) چی دەرنەکەوتووە

( A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە )

٤. لە ڕستەی ( وتارەکەت بڵاو کردووەتەوە ) ئەگەر ( وتارەکە ) لابدەین ( ت ) دەچێتە

( A. کۆتایی کار B– دوای بەشی یەکەم C. دوای ( نە ) D . نێوان( ووە ) )

٥. جێناوی لکاوی ( ات ) بەکاردێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی

( A. ( ە ) B– ( ۆ ) C. نەبزوێن D . ( ە ، ۆ ) هاتبێ )

٦. کەی جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکار

( A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردووی تێنە پەڕ C. داخوازی D . ڕابردووی تێپەڕ )

٧. لە ڕستەی ( بۆی هێنام ) ( ی ) ئەرکی

( A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە )

٨. لە ڕستەی ( نەخۆشەکە دەبەین بۆ نەخۆشخانە ) کارەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی دووری دانانی

( A. بردبوویایان B– بردبوویامان C. بردبوویێتمان D . بردبوومان )

٩. لە ڕستەی ( چیرۆکەکەت بڵاوکردەوە ) کارەکە بگۆڕە بۆ ڕانەبردووی دانانی

( A . بڵاودەکەیتەوە. B بڵاو بکەمەوە C – بڵاوبکەیتەوە D بڵاوبکەنەوە. )

١٠. وتارەکەت بڵاونەکردووەتەوە ) ئەگەر وتارەکە لابدەین ( ت ) دەچێتە

( A. کۆتایی کار B– دوای بەشی یەکەم C. دوای ( نە ) D . نێوان( ووە )

١١. لە ڕستەی ( کتێبەکەی چاپ کردووە ) ڕستەکە بگۆڕێن بۆ ڕانەبردووی دانانی دەبێتە :

( A. ڕەنگە کتێبەکە چاپ بکەیت B– ڕەنگە کتێبەکە چاپ بکات C. ڕەنگە کتێبە چاپ بکەین )

١٢. لە ڕستەی ( خانووەکە نۆژەن بکەرەوە ) ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن

( A. خانووەکەی نۆژەن کردەوە B– خانووەکەت نۆژەن کردەوە C. خانووەکەت نۆژەن کردووەتەوە )

١٣. ئەو کۆمەڵە جێناوی لکاوە کامانەن کە دەبنە بکەر و دەچنە دوای بەرکار :

( A. کۆمەڵەی دووەم B– کۆمەڵەی سێیەم C. یەکەم و دووەم D . کۆمەڵەی یەکەم )

| و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D | ١٣ | B | ١٠ | B | ٧ | B | ٤ | | ١ |
| | | B | ١١ | B | ٨ | D | ٥ | | ٢ |
| | | C | ١٢ | C | ٩ | D | ٦ | | ٣ |

## ئه ركی جێناوی لكاو لە دەوری بەرکار

ك١ ( م – مان – ت – تان - ی – یان )

ك٢ ( م - ین - یت - ن - × - ن )

(کاری داخوازی – کاری ڕانەبردوو - کاری ڕابردوو ) ی تێپەڕ

کاری ( ڕابردووی تێپەڕ )

م – مان - × - × - ی - یان

| بەرکار | بکەر | کار |
|---|---|---|
| ك١ + ك٢ | م – مان ت – تان ی –یان | ڕابردووی تێپەڕ |
| م – مان ت – تان ی –یان | م – ین یت – ن × - ن | ڕابردووی تێنە پەڕ |
| م – مان ت – تان ی –یان | م – ین یت – ن ( ات ، ێت ) ن | ڕانەبردوو |
| م – مان ی –یان | ە - ن | داخوازی |

Remove Watermark Now

**لەم بابەتە چەند خاڵێك هەیە گرنگە قووتابی بیزانێت :**

١/ هەمیشە کاری ڕستە تێپەڕە .

٢/ هەمیشە دوو جێناو بەکار دێت یەکیان بکەرو ئەوی تر بەرکار .

٣/ کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەم ئەرکی بەرکار دەبینن .

٤/ زۆر گرنگە بزانین کار چییەو کام کۆمەڵە ئەرکی بکەر دەبینن .

بۆ نموونە : هەڵتان دەبژێرین .

لەم ڕستەیەی سەرەوە ئاماژە بەچەند ڕوونکردنەوەیەك دەدەین :

١/ کاری ڕستە تێپەڕە کەواتە ( بەرکار ) هەیە .

٢/ دوو جێناو بەکار هاتووە کەواتە یەکیان بکەر و ئەوی تر بەرکارە ( چونکە هیچ ناوێك لە ڕستە وەك بەرکار بەکار نەهاتووە ) .

٣/ کاری ڕستە ڕانەبردووە کەواتە ( ٣ك ) ئەرکی بکەر دەبینن و دەچنە کۆتایی کاری ڕانەبردوو ، ( ین ) بکەرە .

٤/ کاری ڕستە ڕانەبردووی ناسادەیە کەواتە ( ١ك ) ئەرکی بەرکار دەبینن و دەچنە دواى بەشی یەکەمی کاری ڕانەبردوو ، ( تان ) بەرکارە .

٥/ زۆر جار بە گۆڕینی جێناوی لکاو بۆ جێناوی سەربەخۆ ( بکەر و بەرکار دیار دەکەوێت ) :

هەڵتان دەبژێرین .		ئێمە ئێوە هەڵدەبژێرین .

**کۆمەڵەکان بەم شێوەیە ئەرك دەبینن :**

١/ لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ :

**سادە – دارژاو بە پاشگر : هەمیشە جێناوی ( ١ك ) ( م / مان ، ت / تان ، ی / یان ) دەکەوێتە دوایی نیشانەی ( ب ) :**

ناردن		بنێرە		بمان نێرە		بمان نێرن

جێناوی بکەرە		جێناوی بەرکار		جێناوی بکەر

هێنانەوە		بهێنەوە		بمانهێنەوە		بمانهێننەوە

**دارژاو بە پێشگر – لێکدراو – هەمیشە جێناوی بەرکار لە ( ١ك ) دەچێتە دوایی بەشی یەکەمی کار :**

ڕایان بێنن		چارەمان بکەن

بەرکار		بکەر

چارەسەرم بکە		چارەسەرمان بکە ن		چارەسەری بکە		چارەسەریان بکە ن

پرسیار لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ کام کۆمەڵە جێناوی لکاو دەبنە بەرکار ؟ کۆمەڵەی یەکەم

پرسیا ر لە گەڵ چ کارێك ئەم جێناوانە ( ت ، تان ) نابنە بەرکار ؟ داخوازی تێپەڕ

**تێبینی**

ئەگەر کار داخوازی بوو کەسی دووەم وەك بەرکار بەکار نایەت لە ( ١ك ) چونکە ناگونجێت یەك کەس دوو ئەرك ببیتێت هەم بیبێتە بکەرو هەم بەرکار .

فێرم بکەن      فێرمان بکەن      فێری بکەن      فێریان بکەن

٢/ لەگەڵ کاری ڕانەبردوو : دووبارە بونەوەی کاری ( داخوازی ) یە تەنیا جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە لە ( ١ك ) هەموو جێناوەکان ئەرکی بەرکار دەبینن .

**کاری ڕانەبردووی سادە : جێناوی ( ١ك ) دەبنە بەرکارو دەچنە دوایی نیشانەی ( دە )**

ناردن      دەنێریت      دەمان نێریت

بکەر      بەرکار

**پرسیار** کەی جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە دوایی نیشانەی ( دە ) ئەگەر کار ڕانەبردووی تێپەڕ بێت

**کاری ڕانەبردووی ناسادە : جێناوی بکەر لە ( ١ك ) دەبنە بەرکارو دەچنە دوایی بەشی یەکەمی کار .**

فێریان دەکەن .      بکەر      بەرکار

٣/ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ : ( ١ك + ٢ك ) دەبنە بەرکار بەم شێوەیە :

**١ك ( م - مان ت - تان ی - یان ) دەبنە بەرکارو هەمیشە دەچنە دوایی جێناوی ( بەرکار )**

ناردمی بۆ بازاڕ

بکەر      بەرکار

**( ٢ك ) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبنە بەرکار بە پێی ئەم یاسایە :**

ئەگەر کارەکە سادە بێت :

( م - مان ت - تان ) **بەرکار** ( ی - یان )

جێناوی بکەر      جێناوی بکەر

بردمن      بردمانن      بردتن      بردتانن      بردنیان

بکەر      بەرکار      بەرکار      بکەر

**ئەگەر کاری ڕابردووی تێپەڕ ناسادە بێت : ٢ك وەك بەرکار دەچێتە کۆتایی کار .**

دەست نیشانیان کردین

جێناوی بکەر      جێناوی بەرکار

Remove Watermark Now

بانگی کردم بۆ ئاهەنگەکە . بانگی کردین بۆ ئاهەنگەکە . بانگی کردیت بۆ ئاهەنگەکە . بانگی کردن بۆ ئاهەنگەکە .

بانگی کردØ بۆ ئاهەنگەکە . بانگی کردن بۆ ئاهەنگەکە .

**تێبینی**

جێناوی لکاو وەکو بەرکار بۆ کەسی سێیەمی تاك ( ی ) لە ( ١ك ) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی ( سادە ، دارڕژاو ، لێکدراو ) دەرناکەوێت ( نارد Ø م ) ( ی ) دەرنەکەوتووە.

بەڵام لەگەڵ کاری ( ڕانەبردووی تێپەر و داخوازی تێپەر ) جێناوی لکاوی ( ی ) بۆ کەسی سێ یەمی تاك دەردەکەوێ.

**پرسیار** جێناوی لکاوی بەرکار بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە ڕستەدا دەرناکەوێ ئەگەر کارەکە : ڕابردووی تێپەڕ بێت

لە کرمانجی ژووروو جێناوەلکاوەکانی ( م ، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەر . دەچنە کۆتایی کار

ئازادی ئەز دیتم	ئازادی ئەم دیتین

**ڕاهێنانی ( ١ )** لاپەرە ٤٩

pdfelement

جێناوی کەسیی لکاوی ( تان . ین ) لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە ، لە ڕستەی یەکەمدا ( تان ) بکەر بێت ، ( ین ) بەرکار بێت ، لە ڕستەی دووەمدا ( ین ) بکەر بێت و ( تان ) بەرکار بێت .

هەڵتان بژاردین. ( تان ) بکەرە ( ین ) بەرکارە.

هەڵتان دەبژێرین. ( تان ) بەرکارە ( ین ) بکەرە .

**ڕاهێنانی ( ٢ )**

| ڕستە | جێناوی لکاو | ئەرک | جێناوی لکاو | ئەرک |
|---|---|---|---|---|
| بەجوانی سەیری کردین | ی | بکەر | ین | بەرکار |
| بە وردی خوێندمنەوە | م | بکەر | ن | بەرکار |
| ناردمیان بۆ ئاهەنگەکە | م | بەرکار | یان | بکەر |
| دەمانیان هێنا بۆ ئێرە | مان | بەرکار | یان | بکەر |

Remove Watermark Now

## ڕاهێنانی (٣)

**١/ جێناوی لکاوی (ن) دەبێتە بەرکار لەگەڵ کاری :**

A) . ڕابردووی تێپەڕ  B . ڕانەبردووی تێپەڕ  C . داخوازی تێپەڕ  D . هەموویان )

**٢/ (بانگمان کردیت ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ بە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :**

A) بانگمان دەکەیت  B . بانگمان دەکردیت  C . بانگت دەکەین  D بانگت ناکەین )

**٣/ (وەرتان دەگرتین) دەتوانین (ین) بگۆڕین بۆ (مان) چونکە کارەکە:**

A) . ڕابردووی تێپەڕ  B . ڕانەبردووی تێپەڕ  C . داخوازی تێپەڕ  D. ڕابردووی تێنەپەڕە )

**٤/ (هەڵت بژارد) ئەگەر کارەکە بکەینە داخوازی ئەوا دەبێتە :**

A) ـ هەڵت بژێرم  B . هەڵیان بژێرە  C . هەڵی بژێرە  D. هەڵت بژێرن)

**٥/ (بانگی کردم بۆ ئاهەنگەکە) ئەرکی جێناوی لکاوی (م) چییە ؟**

A. بکەر  B . بەرکار  C . تەواوکەری بەیارید  D. دیارخەری ناو )

## ڕاهێنان

**لە ڕستەی ( پار هەڵی بژاردین) .**

١. ( ین ) چییە و ئەرکی چییە ؟ بۆچی خراوەتە ئەو شوێنە ؟

١. ( ین ) جێناوی لکاوی بۆ کەسی یەکەمی کۆ. بەرکارە ، خراوەتە ئەو شوێنە چونکە کاری ڕستە ڕابردووی دارژاوی تێپەڕە و ( ك٢ ) ئەرکی بەرکاری بینیوە .

٢. ئەگەر ( ین ) بگۆڕین بۆ ( مان ) دەکەوێتە کوێ ؟ بۆچی ؟

٢. ئەگەر ( ین ) بکرێت بە ( مان ) ئەوا دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە ، ( هەڵمانی بژارد )

٣. ڕستەکە بگۆڕە بۆ کاتی ڕانەبردوو ، هەردوو جێناوە لکاوەکانیش شیبکەوە.

٣. هەڵمان دەبژێرێت . لێرەدا ( مان ) : جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆیە، بەرکارە. ( ێت ) : جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك ، بکەرە .

| ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | A | ٥ | A | ٩ | D | ١٣ | A | ١٧ | B | ٢١ | B |
| ٢ | B | ٦ | C | ١٠ | A | ١٤ | A | ١٨ | D | ٢٢ | A |
| ٣ | B | ٧ | A | ١١ | A | ١٥ | D | ١٩ | B | ٢٣ | D |
| ٤ | A | ٨ | A | ١٢ | A | ١٦ | B | ٢٠ | B | ٢٤ | |

Remove Watermark Now

١. لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ کام کۆمەڵە جێناوی لکاو دەبنە بەرکار: { A. کۆمەڵەی یەکەم B– کۆمەڵەی دووەم C. کۆمەڵەی سێ یەم }

٢. لە کاری { ڕادەهێنێت } جێناوی لکاو لە دەوری { بەرکار } دەچێتە { A. کۆتایی کار B– دوای بەشی یەکەم C. دوای ( نە ) D . نێوان( ووە ) }

٣. لە ڕستەی ( هەڵی بژاردین ) ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دەبێتە :

{ A. هەڵی دەبژێرین B– هەڵمان دەبژێرێت C. هەڵمان دەبژێرن D . هەڵت بژاردن }

٤. ( لە بیری دەکەین ) ئەرکی جێناوی لکاوی ( ی ) چییە ؟ { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە }

٥. لە ڕستەی ( پار هەڵی بژاردین ) ( ین ) بکەینە ( مان ) دەبێتە چی ؟

{ A. پار هەڵمانی بژارد B– هەڵمان بژاردیت C. هەڵمانتان بژارد D . هەڵمان دەبژێرێت }

٦. لە گەڵ چ کارێك ئەم جێناوانە ( ت ، تان ) نابنە بەرکار ؟

{ A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێپەر C. داخوازی تێپەڕ D . ڕابردووی تێپەڕ }

٧. لە ڕستەی ( لە پێشەوە دامنایت ) ( یت ) ئەرکی: { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە }

٨. لە ڕستەی ( لە ئاهەنگەکە بمبینە ) جێناوی لکاوی ( م ) ئەرکی دەبێتە : { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو تەواوکەری بەیاریدە }

٩. جێناوی لکاوی بەرکار بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە ڕستەدا دەرناکەوێ

{ A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێپەر C. داخوازی تێپەڕ D . ڕابردووی تێپەڕ }

١٠. لەڕستەی ( بانگی کردم بۆ سەیری پێشانگاکە ) ( م ) ئەرکی : { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە }

١١. لە ڕستەی ( باوکم دەمانهێنێتە قوتابخانە ) ( مان ) ئەرکی : { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە }

١٢. لە ڕستەی ( دەتانبات بۆ ئاهەنگەکە ) جێناوی لکاوی ( تان ) ئەرکی : { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە }

١٣. کەی جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە دوایی نیشانەی ( دە ) :

{ A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێپەر C. داخوازی تێپەڕ D . ڕابردووی تێپەڕ }

١٤. لە ڕستەی ( پار هەلی بژاردین ) ( ین ) ئەرکی دەبێتە : { A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە }

١٥. کۆمەڵە جێناوی دووەم دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری :

{ A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێپەر C. داخوازی تێپەڕ D . ڕابردووی تێپەڕ }

١٦. لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەر جێناوی لکاو دەبنە بەرکار بەچەند شێوە { A. یەك شێوە B– دوو شێوە C. سێ شێوە D . چوار شێوە }

١٧. لە ڕستەی ( بانگمان کردیت ) بیگۆرە بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن :

{ A. بانگمان دەکەیت B– بانگت دەکەین C. بانگت دەکات D . بانگمان دەکەن }

١٨. کەی جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە کۆتای کار لەگەڵ کاری :

{ A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێپەر C. داخوازی تێپەڕ D . ڕابردووی تێپەڕ }

١٩. لە ڕستەی ( بانگمان بکەن ) کارەکە بگۆرە بۆ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن

{ A. بانگمان کردبوون B– بانگتان کردبووین C. بانگت کردبوون D . بانگمان دەکەن

٢٠. لە ڕستەی ( دای مەزراندم ) کارەکە بگۆرە بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

{ A. دای دەمەزرێنم B– دام دەمەزرێنێت C. دام دەمەزرێنیت D . دای مەزراندین

٢١. لەگەڵ کاری داخوازی تێپەر کام لەم جێناوە لکاوانە نابێتە بەرکار :

٢٢. { A. م ، مان B– ت ، تان C. ی ، یان D . مان ، یان

٢٣. لەگەڵ کاری ( ببەخشە ) کام کۆمەڵە جێناوی لکاو وەکو بەرکار بەکاردێن :

A.کۆمەڵەی یەکەم B– کۆمەڵەی دووەم C. کۆمەڵەی سێ یەم D . کۆمەڵەی یەکەم و دووەم

٢٤. کەی جێناوی لکاوی ( ی ) وەکو بەرکار دەرناکەوێ لەگەڵ کاری :

A. ڕانەبردووی تێپەڕ B– ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێپەر C. داخوازی تێپەڕ D . ڕابردووی تێپەڕ

Remove Watermark Now

# ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان
## سێیەم : وەکو تەواوکەری بەیاریدە

تەواوکەری بەیاریدە : ئەو ناوەیە یان ئەو جێناوەیە کە لە ڕستەدا مانای کار تەواو دەکات بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی
( بۆ ، لێ، پێ، تێ).

| کۆمەڵەی ١/ | | کۆمەڵەی ٢/ | | کۆمەڵەی ٣/ | | داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك و كۆ |
| م | مان | م | ین | م | ین | |
| ت | تان | یت | ن | یت | ن | ە ، ن |
| ی | یان | Ø | ن | ات / ێت | ن | |

ك١ + ك٢ دەبنە تەواوکەری بەیاریدە بەمەرجێ ئامرازی پەیوەندی هەبێ لە ڕستەکەدا .

### یەکەم : ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕ

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردوو ، ڕانەبردووی تێنەپەڕبێ جێناوە لکاوەکانی ( ك١ ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لە دوایی ناوێك دێن ناوەکە ( بکەرە ).

نمونە : نامەکە ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) بۆ هات ، پارەکەم لێ کەوت .

ناوە ، بکەرە ت.بەیاریدە ئا.پەیوەندی ك.را.نزیك هەوالەکەیان پێ گەیشت

نامەکە ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) ، بۆ دێت

ناوە ، بکەرە ت.بەیاریدە ئا.پەیوەندی ك.رانەبردووە

تێبینی : ئەگەر بکەری ڕستە لابردرێت جێناوەلکاوەکان وەك تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

بۆ ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) هات

ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە ك.را.نزیك

### دووەم : ڕانەبردووی تێپەڕ

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بێت جێناوەکانی ( ك١ ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای ناوێك ناوەکە بەرکارە.

دیوانەکانم ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) بۆ چاپ دەکات ات ← بکەرە

ناوە ، بەرکارە ت.بەیاریدە ئا.پەیوەندی ك.رانەبردووە

تێبینی : ئەگەر بەرکاری ڕستەکە لابدرێت جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی

بۆ ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) چاپ دەکات ات ← بکەرە

ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە ك.رانەبردووە

### سێ یەم : داخوازی تێپەڕ

لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕجێناوە لکاوەکانی ( ك١ ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای ناوێك ناوەکە بەرکارە.

گۆڤارەکە ( م ، ی ، مان ، یان ) بۆ بهێنـــــــــــــــە. دارشتنەکەم بۆ بخوێنەوە هەواڵەکەیان پێ بڵێ .

ناوە ، بەرکارە ت.بەیاریدە ئا.پەیوەندی ك.داخوازی بکەرە

تێبینی : ئەگەر بەرکاری ڕستەکە لابدرێت جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی.

pdfelement

بۆ (م ، ی ، مان ، یان) بهێنـــــــــــه.

ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە ك.داخوازی بکەرە

**تێبینی :** ئەگەر كاری ڕستەكە داخوازی تێنە پەڕیێت ئەوا جێناوەلکاوەکانی (ك١) هەمیشە دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

پێ (م ، ی ، مان ، یان) بـــــــگــــەن — تێ (م ، ی ، مان ، یان) بـــــــگــــەن

ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە ك.داخوازی بکەرە — ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە ك.داخوازی بکەرە

## چوارەم : ڕابردووی تێپەڕ (سادە و ناسادە)

ئەگەر كاری ڕستەكە ڕابردووی تێپەڕی (سادە ، دارێژاو ، لێکدراو) بێت جێناوەلکاوەکان دەبنە تەواوکەری بەیاریدە بە دوو شێوە

أ. جێناوە لکاوەکانی (ك١) (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

پرسیارەکانـــــــــی بۆ (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) چاپ کرد

ناوە ، بەرکارە بکەرە ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە ك.ڕابردوو

**تێبینی /** ئەگەر بەرکاری ڕستەكە لابدرێت جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای تەواوکەری بەیاریدە.

بۆ (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) ی چاپ کرد

ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە بکەرە ك.ڕابردوو

ب. (ك٢) (م ، یت ، Ø ، ین ، ن ، ن) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دەچنە کۆتایی کارەكە

پرسیارەکانـــــــــی بۆ چاپ کرد (م ، یت ، Ø ، ین ن ، ن)

ناوە ، بەرکارە بکەرە ئا.پەیوەندی ك.ڕابردوو ت.بەیاریدە

**تێبینی :** ئەگەر بەرکاری ڕستەكە لابدرێت جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی

بۆ ی چاپ کرد (م ، یت ، Ø ، ین ن ، ن)

ئا.پەیوەندی بکەرە ك.ڕابردوو ت.بەیاریدە

**تێبینی :** جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕی (سادە ، دارێژاو ، لێکدراو) دەرناکەوێت وەکو تەواوکەری بەیاریدە .

خانووەکەی بۆ فرۆشت Ø

## سێ یەم : ڕابردوو ، ڕانەبردووی بکەر نادیار

ئەگەر کارەكە ڕابردوو ، ڕانەبردووی بکەر نادیار بێت جێناوە لکاوەکانی (ك١) (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای جێگری بکەر.

دەفتەرەکە (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) لێ ستێنــــــــرا

جێگری بکەرە ت.بەیاریدە ئا.پەیوەندیە ك.ڕا.بکەر نادیار

دەفتەرەکە (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) لێ دەسێنـــــــرێ

جێگری بکەرە ت.بەیاریدە ئا.پەیوەندیە ك.ڕانە.بکەر نادیار

**تێبینی :** هەندێ جار جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە و ئامرازی پەیوەندی دەکەونە کۆتایی كار

(دەی نـــــــــێریت بۆ م) .

بەرکار بکەر ت بەیاریدە

Remove Watermark Now

پ/ جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی ؟ کام کۆمەڵەش بەکاردێت ؟

و/ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕبێت کۆمەڵەی یەکەم بەکاردێت.

( پرسیارەکانی بۆم چاپ کرد )

پ/ کەی جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە بۆکەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێ ؟ بە نموونەوە ؟

و/ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕبێت دەرناکەوێت وەکوتەواوکەری بەیاریدە .

( پرسیارەکانی بۆ چاپ کرد )

پ/ کۆمەڵە جێناوی لکاو ( م ، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن ) کەی وەکو تەواوکەری بەیاریدە بەکاردێن ؟ بە نموونەوە ؟

و/ ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەر بێت.

( پرسیارەکانی بۆ چاپ کردم )

پ/ چ کاتێك جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە کۆتایی کار کام کۆمەڵەش بەکاردێت ؟

و/ ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەر بێت.کۆمەڵەی دووەم بەکاردێت .

( پرسیارەکانی بۆ چاپ کردم )

پ/ لە ڕستەی ( دیاریەکەم پێ بەخشی ) جێناوی لکاو دەرنەکەوتووە لە دەوری چی دەرنەکەوتووە :

{ A. بەرکار B– بکەر C. دیارخەری ناو D . تەواوکەری بەیاریدە } .

| کەس | ڕابردوو | ڕابردوو | ڕانەبردوو | داخوازی | ڕابردوو | ڕابردوو | ڕانەبردوو | داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | م | م | م | | مان | ین | ین | |
| ٢ | ت | یت | یت | ە | تان | ن | ن | ن |
| ٣ | ی | Ø | ات ، ێت | | یان | ن | ن | |

pdfelement

پ/ ڕستەی ( پارەکەی لێ سەندین ) کارەکە بکەینە ڕانەبردوو ڕستەکە ( پارەکەمان لێ دەسێنێت )

پ/ ڕستەی ( هەواڵی سەرکەوتنەکەم پێ ڕاگەیاندن ) کارەکە بکەینە ڕانەبردوو ڕستەکە ( هەواڵی سەرکەوتنەکەیان پێ رادەگەێنم )

پ/ ڕستەی ( قەڵەمەکەم لێ دەبات ) کارەکە بکەینە ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ڕستەکە ( قەڵەمەکەی لێ بردم )

پ/ ڕستەی ( گۆڤارەکەم بۆ بهێنە ) کارەکە بگۆڕە بۆ رانەبردووی ڕاگەیاندن ( گۆڤارەکەم بۆ دەهێنیت )

پ/ ڕستەی ( نامەکەی بۆ دەنێرم ) کارەکە بگۆڕە بۆ رابردووی دووری ڕاگەیاندن ( نامەکەم بۆی ناردبوو )

ڕاهێنانی - ١ ل ٥٥

کەی جێناوی لکاو وەکو تەواو کەری بەیاریدە لەڕستەدا دەرناکەوێت ؟ بە نموونە روونی بکەوە ؟ .

لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێ . (دیوانەکەم بۆ چاپ کرد )

ڕاهێنانی - ٢ ل ٥٥

بۆت نووسیوم ، بۆت بنووسم ئەمن چیم

دۆندی قەندیل گۆڕە پانی هەڵگورد نیم

١. لەنیوە دێری یەکەم دووجار جێناوی ( ت ) هاتووە ، هەریەکەیان ئەرکی چییە ؟ ت : بکەرە ت: تەواوکەری بەیاریدەیە

٢. ( م ) ی دوای ( نووسی ) و دوای ( بنووسم ) ئەرکیان چییە؟ م : تەواوکەری بەیاریدەیە م : بکەرە

Remove Watermark Now

## ڕاهێنانی - ٣ ل ٥٥

١. لە ڕستەی ( دیاریەکەمان بۆ ناردیت ) جێناوی لکاوی (یت) ئەرکی چییە ؟
(ئـ . بکەر ب. بەرکار پ. تەواوکەری بەیاریدە ت. دیارخەری ناو )
٢.ڕستەی (قەڵەمەکەم لێ دەبات) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە :
( ئـ . قەڵەمەکەم لێی برد ب . قەڵەمەکەی لێم برد . پ. قەڵەمەکەم لێ بردی ت. قەڵەمەکەی برد)
٣. جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێ لەگەڵ کاری :
( ئـ . ڕابردووی تێپەڕ ب. ڕانەبردووی تێپەڕ پ. داخوازی تێپەڕ ت. ڕابردووی تێنەپەڕ )
٤. لە ڕستەی (شیعرەکەی بۆ نووسیم ) ئەگەر (م) بگۆڕین بۆ (ت) دەبێتە :
( ئـ . شیعرەکەت بۆی نووسی ب. شیعرەکەم بۆت نووسیی
پ. شیعرەکەی بۆت نووسی ت. شیعرەکەی بۆ نووسیت)
٥. لە ڕستەی (کڵاوەکەم لێ وەردەگرێت) جێناوی لکاوی (م) ئەرکی چییە ؟
(ئـ . بکەر ب. بەرکار پ. تەواوکەری بەیاریدە ت. دیارخەری ناو )

## ڕاهێنانی - ٤ ل ٥٦

لە ڕستەی ( وڵاتەکەیان لێ دابەش کردین )

١. ( ین ) چییە ؟ بۆچی خراوەتە ئەوێ ؟

٢. ( لێ ) شیبکەوە؟

٣. ئەگەر ( ین ) بگۆڕین بۆ جێناوی ( مان ) دەچێتە کوێ ؟ بۆچی ؟

٤. ئەگەر ناوی ( وڵاتەکە ) لاببەین ( یان ) دەچێتە کوێ ؟

١. ( ین ) جێناوی لکاوەی کەسی یەکەمی کۆیە ، تەواوکەری بەیاریدەیە. خراوەتە ئەو شوێنە، چونکە لە ڕستەی کاری رابردووی تێپەری ( داڕژاو و لێکدراو ) ئەگەر کۆمەڵەی ( م ـ ین ، یت ـ ن ، نیە ـ ن ) ببن بەتەواوکەری بەیاریدە دەکەونە کۆتایی کار.


٢. ( لێ ) : ئامرازی پەیوەندییە.

٣. (مان ) دەکەوێتە دوای ئامرازی پەیوەندی ، چونکە لە ڕستەی کاری رابردووی تێپەڕی ( داڕژاو و لێکدراو ) ئەگەر کۆمەڵەی ( م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان ) ببن بەتەواوکەری بەیاریدە دەکەونە دوای ئامرازی پەیوەندی. وڵاتەکەیان لێمان دابەشکرد.

٤. (یان ) دەکەوێتە دوای ئامرازی پەیوەندی .لێیان دابەشکردین.

Remove Watermark Now

## هاوەڵناو لە رووی ڕۆنانەوە




**تێبینی** لەم بابەتە زۆر گرنگە  کە قووتابی بتوانێت لە مانای وشەکان تێبگات .

**تێبینی** ئەو وشانەی دەبنە  هاوەڵناو بریتین لە ( ڕەنگەکان ، تامەکان ،   بۆنەکان   ، ...... ) هەمیشە دەتوانین پاشگری ( ترین ) یان بۆ زیاد بکەین .

باش ، چاك ، خۆش ، ڕوون ، شاد ، هشك ، تاڵ ، سپی ، ...............

باشترین ، چاکترین ، ڕوونترین ..............

pdfelement

### هاوەڵناوی سادە :

ئەو هاوەڵناوەیە لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێك دێت دەبێتە ( دیارخەری ناوێك یا جێناوێك یا هاوەڵناوێکی تر ) یا دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو .

١/ قووتابی زیرەك خۆشەویستە .		٣/ منداڵە بچوکە بە تەمەنەکە هات .

٢/ ئێوەی ژێر سەردەکەون .		٤/ کێکارەکە لێهاتووە .

Remove Watermark Now

**هاوەڵناوی ناسادە :** ئەو هاوەڵناوەیە لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاترپێك دێت دەبێتە ( **دیارخەری ناوێك یا جێناوێك یا هاوەڵناوێکی تر** ) **یا دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو** .

**هاوەڵناوی ناسادە دوو جۆرە :** ( **داڕێژراو** **لێکدراو** )

**هاوەڵناوی داڕێژراو :** ئەو هاوەڵناوەیە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یا هەردووکیان پێك دێت .

## ڕێگاکانی دروست بوونی هاوەڵناوی داڕێژراو

pdfelement

**یەکەم لەهاوەڵناوەوە :** هاوەڵناوی داڕێژراو بە دوو ڕێگا لە هاوەڵناوی سادە دروست دەبێت .

**١/ پێشگر + هاوەڵناوی سادە**

نە + خۆش ← نە خۆش        نا + ڕاست ← ناڕاست

**٢/ هاوەڵناوی سادە + پاشگر**

یەك + ەم ← یەکەم        ڕوون + اك ← ڕووناك

**دووەم لەناوەوە :** هاوەڵناوی داڕێژراو بە دوو ڕێگا لە ناوی سادە دروست دەبێت .

**١/ پێشگر + ناوی سادە**

بە + تام ← بە تام        ب + جەرگ ← ب جەرگ

بێ + شەرم ← بێشەرم        بێ + دەنگ ← بێدەنگ

Remove Watermark Now

## ١/ ناوی سادە + پاشگر

بەخت + یار ← بەختیار          ژن + انە ، انی ← ژنانە ، ژنانی

ڕاو + چی ← ڕاوچی

**سێیەم لەڕەگی کارەوە :** هاوەڵناوی داڕێژراو بە سێ ڕێگا لە (ڕەگی کار) دروست دەبێت :

### ١/ پێشگر + ڕەگی کار

| چاوگ | پێشگر | ڕەگی کار | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| گۆڕین | نە | گۆڕ | نەگۆڕ |
| مردن | نە | مر | نەمر |
| بەزین | نە | بەز | نەبەز |
| کوشتن | ب | کوژ | بکوژ |

### ٢/ ڕەگی کار + پاشگر

pdfelement

| چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| نوسین | نووس | ەر | نوسەر |
| گەڕان | گەڕێ | ۆک / یدە | گەڕۆک / گەڕیدە |
| ترسان | ترس | نۆک / ناک | ترسنۆک / ترسناک |
| فرۆشتن | فرۆش | یار | فرۆشیار |
| زانین | زان | ا | زانا |

### ٣/ پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر

| پێشگر | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| نا | بین | ا | نابینا |
| نە | زێ | ۆک | نەزۆک |
| نە | خۆ | ەر | نەخۆر |
| نە | زان | راو | نەزانراو |

Remove Watermark Now

**چوارەم لەقەدی چاوگەوە :** هاوەڵناوی دارێژراو بە یەك ڕێگا لە قەدی چاوگەوە دروست دەکرێت .

**قەدی چاوگ + پاشگر**

| قەدی چاوگ | پاشگر | هاوەڵناوی دارێژراو |
|---|---|---|
| کەوت | وو | کەوتوو |
| شکا | و | شکاو |
| سوتا | و | سوتاو |
| ڕزی | و | ڕزیو |
| برد | ە | بردە |
| کەوت | ە | کەوتە |

**تێبینی** پێشگرەکان ئەمانەن : ( بە ، ب ، نا ، ............ )

**تێبینی** پاشگرەکان ئەمانەن : ( ا ، ۆر ، ەك ، دار ، یار ، ەر ، ەوەر ، چی ، ............ )

**تێبینی** لە کرمانجی سەروو پاشگری ( ی ) دەخرێتە سەر قەدی چاووگ و هاوەڵناوی دارێژراوی لێ دروست دەبێت .

کەفت + ی = کەفتی        شکست + ی = شکستی

سۆت + ی = سۆتی        شویشت + ی = شویشتی

pdfelement

Remove Watermark Now

**هاوەڵناوی لێكدراو : ئەو هاوەڵناوەیە لە دوو بەشی واتا دار یان زیاتر پێك دێت .**

**دەست بەسەر ، شۆخ و شەنگ ، چاو شین ، نەرم و نیان ، توند و تۆڵ**

## ڕێگاكانی دروست بوونی هاوەڵناوی لێكدراو

هاوەڵناوی لێكدراو بەم ڕێگایانەی خوارەوە دروست دەكرێت

| ناو + ناو |
| --- |
| ( گەردەن بلور ، چاو باز ، باڵا چنار ، گەنم ڕەنگ ، بەژن چنار ، ددان زێڕ ، باڵادەست ) |

| ناو + ئامراز + ناو |
| --- |
| ( دەست بە سەر ، گوڵ بە دەم ، كڵاو لە سەر ، ڕوو بە خاڵ ، پێڵاو لە پێ ، دڵ بە غەم ) |

| دووبارە كردنەوەی ناو |
| --- |
| ( چین چین ، پارچە پارچە ، ڕێ ڕێ ، بەش بەش ، پۆل پۆل ، دەستە دەستە ) |

| هاوەڵناوی ژمارە + ناو |
| --- |
| ( دوو ڕوو ، دوو زمان ، چوار چاو ، حەوت ڕەنگ ، دوو دڵ ، یەك دەست ) |

| ناو + هاوەڵناو |
| --- |
| ( ڕووخۆش ، چاوكاڵ ، باڵابەرز ، چاوشین ، سەر خۆش ، دڵ پاك ، دەست كورت ) |

| هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو |
| --- |
| ( پاك و خاوێن ، گەرم و نەرم ، ڕەش و سپی ، شۆخ و شەنگ ، بۆرە دەوڵەمەند، ) |

| هاوەڵناو + ئامراز + ناو |
| --- |
| ( كورتە باڵا ، شۆرە ژن ، گێلە پیاو ، پیرەمێرد ، پیرە ژن ، تەنگەبەر ، ڕەشە با ، شۆرە سوار ) |

| ناو + ڕەگی كار |
| --- |
| ( پیاو كوژ ، دارتاش ، ڕۆژنامە نووس ، وێنەگر ، قورئان خوێن ، جگەرە كێش ، ئاشتی خواز ، ستران بێژ ) |

| هاوەڵناو + ڕەگی كار |
| --- |
| ( ڕەش پۆش ، ڕاست بێژ ، خۆش نووس ، گەشبین ، جوان پۆش ، بەد بین ) |

pdfelement

Remove Watermark Now

| دووبارە کردنەوەی هاوەڵناو |
|---|
| ( باش باش ، جوان جوان ، پاك پاك ، خراپ ، خراپ ، سوور سوور ، خۆش خۆش ) |

| هاوەڵکار + ناو |
|---|
| ( ژێر دەست ، ژێر چە پۆك ، بن دەست ، بن دیوار ) |

| ناو + رەگی کار + پاشگر |
|---|
| ( خەبات کەر، نان دەر ، رەنج بەر ، جل شۆر ، ڕاو کەر ، نوێژکەر ) |

## ڕاهێنان ( ١ ) لا ٦٤

١. چۆن هاوەڵناوێکی داڕژاو لە هاوەڵناوێکی لێکدراو جیادەکەینەوە ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە.

و/ هاوەڵناوی داڕژاو : ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یا هەردووکیان پێك دێت و لە ڕستەدا دەبێتە دیارخەری ناوەکە. وەك : گوڵی جوان بکرە .

هاوەڵناوی لێکدراو : ئەو هاوەڵناوەیە کە لەدوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر پێك دێت ولە ڕستەدا دەبێتە دیارخەری ناوەکە. وەك : مرۆڤی دوو روو نا پەسندە .

٢. بەچەند ڕێگا هاوەڵناوی داڕژاو لە رەگی کار دروست دەکرێت ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە.

بە سێ ڕێگا کە ئەمانەن :

ا ـ رەگ + پاشگر . وەك : نووسەر

ب ـ پێشگر + رەگ . وەك : بگۆڕ

ج ـ پێشگر + رەگ + پاشگر . وەك : بخۆر .

٣. چۆن دەتوانین لە قەدی چاوگی تێنە پەڕ ، هاوەڵناوی داڕژاو دروست بکەین ؟

بەم شێوەیە : قەدی چاوگی تێنە پەڕ + پاشگری ( وو ، و )

وەك : نووستن = نووست + وو = نووستوو. بەزین = بەزی + و = بەزیو.

٤. چۆن لە دوو ناو ، هاوەڵناوێکی لێکدراو دروست دەکەیت ؟ نموونەی بۆبهێنە :

ناو + ناو ـ چاوباز. دووبارەکردنەوەی ناوێك ـ دەستە دەستە . ناو +ئامراز + ناو ـ گوڵ بە سەر

pdfelement

## ڕاهێنان ( ٢ )

| هاوەڵناو | جۆرەکەی | چۆنیەتی دروست بوونی |
|---|---|---|
| دەنگبێژ | لێکدراو | ناو + ڕەگی کار |
| سەرسپی | لێکدراو | ناو + هاوەڵناو |
| کەوتو | داڕێژراو | قەدی چاوگ + پاشگر |
| نەمر | داڕێژراو | پێشگر + ڕەگی کار |
| خەبات کەر | لێکدراو | ناو + ڕەگی کار +پاشگر |
| تێکۆشەر | داڕێژراو | ڕەگی چاوگی داڕێژراو + پاشگر |
| ناشاد | داڕێژراو | پیشگر + هاوەڵناو |

## ڕاهێنان ( ٣ )

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :**

١/ (خەیاری گوڵ بەدەم ناسکە) هاوەڵناوی (گوڵ بەدەم ) دروست بووە بە دەستوری :
( . ناو + ئامراز + هاوەڵناو ب. هاوەڵناو + ئامراز + ناو
پ. ناو + ئامراز + ناو ت. هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو )

٢/ یەکێک لەم هاوەڵناوانە بە دەستووری ( پێشگر + ڕەگی کار)
(ئـ بەهێز ب . نەخۆش پ. بوێر ت. بە دڵ )

٣/ هاوەڵناوی (کۆنەدەوڵەمەند) بە چ دەستوورەک دروست بووە :
( ئـ . ناو + ئامراز + هاوەڵناو ب. هاوەڵناو + ئامراز + ناو
پ. ناو + ئامراز + ناو ت. هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو )

٤/ کام لەم هاوەڵناوانە بە دەستوری (ناو + پاشگر) دروست بووە ؟
(پیاو کوژ ب. پیاوانە پ. پیاوەتی ت. پیاوان)

٥/ هاوەڵناوی ( دوو دڵ) دروست بووە بە دەستوری :
(. ناو + هاوەڵناو ب. هاوەڵناوی ژمارە + ناو پ. هاوەڵناوی چۆنیەتی + ناو ت. هاوەڵناو + هاوەڵناو )

pdfelement

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٤ )

لەم ڕستانەی خوارەوە هاوەڵناوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە لەڕووی بنچینەی وشەکانیان.

| ڕستە | هاوەڵناو | جۆرەکەی | چۆنیەتی دروست بونی |
|---|---|---|---|
| پێشمەرگە بەجەرگە | بەجەرگ | دارێژراو | پێشگر + ناو |
| کچێکی نوسەریان خەڵات کرد | نووسەر | دارێژراو | ڕەگی کار + پاشگر |
| ئەدیسۆنی زانا خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات | زانا | دارێژراو | ڕەگی کار + پاشگر |

لەم ڕستانەی خوارەوە هاوەڵناوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە لەڕووی بنچینەی وشەکانیان.

| ڕستە | هاوەڵناو | جۆرەکەی | چۆنیەتی دروست بونی |
|---|---|---|---|
| پێشمەرگە بەجەرگە | بەجەرگ | دارێژراو | پێشگر + ناو |
| کچێکی نوسەریان خەڵات کرد | نووسەر | دارێژراو | ڕەگی کار + پاشگر |
| ئەدیسۆنی زانا خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات | زانا | دارێژراو | ڕەگی کار + پاشگر |

pdfelement

## هاوەڵناو لە ڕووی بنچینەی وشەکانیەوە

١. لە ڕستەی ( مرۆڤی ڕاستگۆ خۆشەویستە ) ( ڕاستگۆ ) پێك هاتووە لە

{ A. ناو + ڕەگی کار   B– هاوەڵناو + ڕەگی کار   C. ناو + هاوەڵناو   D . هیچیان }

٢. لە ڕستەی ( مامۆستای دڵسۆز بەڕێزە ) ( دڵسۆز ) پێك هاتووە لە

{ A. ناو + ڕەگی کار   B– هاوەڵناو + ڕەگی کار   C. ناو + هاوەڵناو   D . ناو + ناو }

٣. لە ڕستەی ( ژنانی لێهاتوو ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای دواڕۆژن ) لێهاتوو :

{ A. هاوەڵناوی دارێژراوە   B– هاوەڵناوی لێکدراوە   C. هاوەڵناوی سادە   D . هیچیان }

٤. لە ڕستەی ( دایکی ڕۆشنبیر منداڵ جوان پەروەردە دەکات ) ( ڕۆشنبیر )

{ A. ناوی تایبەتی   B– هاوەڵناوە   C. هاوەڵکارە   D . ناوی گشتیە }

٥. لە ڕستەی ( ئێوەی بەهرەدار گەشبینن ) بەهرەدار پێکهاتووە لە :

{ A. ناو + پاشگر   B– هاوەڵناو + پاشگر   C. ناو + هاوەڵناو   D . هیچیان }

٦. لە ڕستەی ( جگەرە کێش زۆر دەکۆکێت ) ( جگەرە کێش ) چۆن دروست کراوە

{ A. ناو + ڕەگی کار   B– هاوەڵناو + ڕەگی کار   C. ناو + هاوەڵناو   D . هیچیان }

Remove Watermark Now

٧. (بێ شەرم) هاوەڵناوێکی دارژاوە پێك هاتووە لە :

{ A. پێشگر + ناو   B– پێشگر + هاوەڵناو   C. ناو + ناو   D . هیچیان }

٨. کام لەم هاوەڵناوانە پێکهاتووە لە (ڕەگی کار + پاشگر) { A. نەزان   B– بگۆڕ   C. زانا   D . هیچیان }

٩. ئاوەڵناوی (تێکۆشەر) پێکهاتووە لە :

{ A. ناو + ڕەگی کار   B– هاوەڵناو + ڕەگی کار   C. ناو + پاشگر   D . ڕەگی کار + پاشگر }

١٠. لە ڕستەی (مامۆستای بەڕێزم خۆشدەوێ) (بەڕێز) چۆن دروستکراوە

{ A. پێشگر + ناو   B– پێشگر + هاوەڵناو   C. ناو + ناو   D . هیچیان }

١١. لە ڕستەی (پێشمەرگە بوێرەکە بەجەرگە) هاوەڵناوی (بەجەرگ) پێکهاتووە لە :

{ A. پێشگر + ناو   B– پێشگر + هاوەڵناو   C. ناو + ناو   D . هیچیان }

١٢. (ڕێویەکی گەڕۆك لە شێرێکی نوستوو باشترە) (گەڕۆك) پێکهاتووە لە :

{ A. پێشگر + ناو   B– پێشگر + هاوەڵناو   C. ناو + ناو   D . ڕەگی کار + پاشگر}

١٣. (قوتابییەکە گەشبین بوو) هاوەڵناوی (گەشبین) پێهاتووە لە :

{ A. ناو + ڕەگی کار   B– هاوەڵناو + ڕەگی کار   C. ناو + هاوەڵناو   D . هیچیان }

١٤. ( کچەکە ڕەش ئەسمەر بوو ) هاوەڵناوی (ڕەش ئەسمەر) پێکهاتووە لە

{ A. ناو + ڕەگی کار   B– هاوەڵناو + ڕەگی کار   C. هاوەڵناو + هاوەڵناو   D . هیچیان }

١٥. (مرۆڤی ترسنۆك بە ئامانج ناگات ) (ترسنۆك) پێکهاتووە لە :

{ A. پێشگر + ناو   B– پێشگر + هاوەڵناو   C. ناو + ناو   D . ڕەگی کار + پاشگر}

١٦. هاوەڵناوی ( کۆنە دەوڵەمەند ) چۆن دروست کراوە )

{ A. ناو + ئامراز + ناو   B– هاوەڵناو+ ئامراز + هاوەڵناو   C. ناو + ناو   D . ڕەگی کار + ناو }

pdfelement

| و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | D | ١٥ | B | ١٣ | A | ١١ | D | ٩ | A | ٧ | A | ٥ | A | ٣ | B | ١ |
| | | B | ١٦ | C | ١٤ | D | ١٢ | A | ١٠ | C | ٨ | A | ٦ | B | ٤ | D | ٢ |

Remove Watermark Now

## هاوەڵکار لە رووی ڕۆنانەوە

هاوەڵکاری سادە    هاوەڵکاری ناسادە

داڕێژراو    لێکدراو

**هاوەڵکار : وشەیەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستەکە (دەربارەی چۆنیەتی یان کاتی یان شوێنی ئەو ڕووداوانە) دەردەخات لەم ڕووەوە سنورێک بۆ تەواو کردنی واتاکەی دادەنێت .**

**وانەکەم جوان نوسییەوە.**
هاوەڵکاری چۆنیەتیە ، تەواوکەری کارە.

**دوور دەڕوانم**
هاوەڵکاری شوێنیە ، تەواوکەری کارە.

**بەیانی دەچم بۆ قوتابخانە**
هاوەڵکاری کاتی یە ، تەواوکەری کارە.

**باران کەم باری**
هاوەڵکاری چەندی یە ، تەواوکەری کارە .

pdfelement

**تێبینی** هەندێك وشە هەمیشە هاوەڵکارن کە ئەمانەن :

١/ شوێنەکان ( لەسەر ، لەبن ، لەتەنیشت ، لەنێوان ، لەبەرامبەر ، .......... )

٢/ کاتەکان ( دوێنێ ، ئەمڕۆ ، پار ، کاتژمێر دوو ، کەمێکی تر ، ئەوسا ، ئەمشەو ، هاوینێ ، لە هاوین ، ساڵێکیتر ، دووشەممە .................... )

**تێبینی** هەندێك وشەمان هەن بە پێی ڕستە گۆڕانیان بەسەر دێت واتە دەبنە ( هاوەڵناو / هاوەڵکار ) .

جوان گوڵە جوانەکەی جوان ئاودا

بکەرە    هاوەڵناوی چۆنییەتییە    هاوەڵکاری چۆنیەتییە

**تێبینی** هەریەك لە ( شەو ، هاوین ، ساڵ ، .......... ) ناون بەڵام کە دەڵێین : بەشەو ، بەهاوین ، لەهاوین ، ئەمساڵ ، ساڵێکی تر ) وەك هاوەڵکار بەکاردێن .

Remove Watermark Now

## هاوەڵکاری داڕێژراو

ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان پێك دێت وەسفی کاری ڕستەکە دەکات دەبێتە تەواوکەری کار. :

پێشمەرگەکان **دلێرانە** بەرگری لە کوردستان دەکەن .

وانەکەم **بە باشی** نووسی .

### ڕێگاکانی دروست بوونی هاوەڵکاری داڕێژراو

| پێشگری(بە ) + ناو |
| --- |
| ( بەناز ، بەدڵ ، بەساڵ ، بەرۆژ ، بە گیان ، بەزستان ، بەهاوین ) |

| پێشگر + هاوەڵکار |
| --- |
| ( بەزۆر ، لە پێش ، لەنزیك ، لەدوور ، لە پاش ، لە نێوان ) |

| ناو + پاشگر ( انە ) |
| --- |
| (شەوانە ، ڕۆژانە ، ساڵانە ، منداڵانە ، شێرانە ، پیاوانە |

| هاوەڵناو + پاشگر ( انە ) |
| --- |
| (دلێرانە ، چالاکانە ، ئازایانە ، گورجانە ، ژیرانە ، هێمنانە ، ) |

| پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر |
| --- |
| (بەخراپی ، بەجوانی ، بەخۆشی ، بەفێنکی ، بەگەرمی ، بەهێمنی) |

| پێشگر + ناو + پێشگر |
| --- |
| ( بەسواری ، بەهاوینێ ، بێشەرمانە ، بێ باکانە ، بەکوردایەتی ، بەنازەوە ) |

pdfelement

## هاوەڵکاری لێکدراو

ئەو هاوەڵکارەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێك دێت و وەسفی کار دەکات لە ڕستەدا دەبێتە تەواوکەری کار.

گەڕەکەکەیان **ماڵ بە ماڵ** بەسەرکردەوە .

قووتابییەکان **دوو دوو** ڕیز بوون .

Remove Watermark Now

# ڕێگاکانی دروست بوونی هاوەڵکاری لێکدراو

## دووبارەکردنەوەی ناو یان هاوەڵناو یان هاوەڵناوی ژمارەیی

دەستە دەستە ، تاقم تاقم ، نم نم ، پۆل پۆل ،
جوان جوان ، باش باش ، وردورد ، خراپ خراپ ،هێدی هێدی
یەك یەك ، دوو دوو ، دە دە ، چوار چوار

## ناو + ئامرازی (بە ) + ناو

(ڕوو بە ڕوو ، ماڵ بە ماڵ ، ڕۆژ بە ڕۆژ ، دێ بە دێ ، ساڵ بە ساڵ ، شار بەشار )

## ناو + ئامرازی(او)+ ناو

( پشتاوپشت ، دەماودەم ، سەراو سەر ، دۆڵاو دۆڵ ، دەستاو دەست )

## هاوەڵناو +ئامرازی( و ) + هاوەڵناو

( پاك و خاوێن ، کز و مات ، تێر و پڕ ، کز و مەلوول ، چوست و چاڵاك )

## هاوەڵناو +ئامرازی (بە ) + ناو

( پڕبەدەم ، پڕبەدڵ ، پڕبەدەنگ)

## پێشگر + هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر

(بەدڵخۆشی ، بەدڵشکاوی ، بەدڵساردی ، بەسەرشکاوی ، بەسەربەرزی ، بە ڕووخۆشی)

## هاوەڵناوی نیشانە + ناو

( ئەم شەو ، ئەم ساڵ ، ئەمرۆ ، ئەو ساڵ ، ئەو سا)

pdfelement

ل ٦٩

## ڕاهێنان ( ١ )

جۆرو شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە دەربخە :

| هاوەڵکار | جۆرەکەی | شێوەی دروست بوونی |
|---|---|---|
| ئەمرۆ | لێکدراو | هاوەڵناوی نیشانە + ناو |
| بەگور | داڕێژراو | پێشگر + ناو |
| تاقم تاقم | لێکدراو | دووبارە بوونەوەی ناو |
| بە دۆستایەتی | داڕێژراو | پیشگر + ناو + پاشگر |
| مندالانە | داڕێژراو | ناو + پاشگر |

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٢ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەرەوە:

**جوان منداڵە جوانەکەی جوان پەروەردەکردووە**

| وشە | شی کردنەوە |
|---|---|
| جوان | ناوە، تایبەتە، ناسراوە، بکەرە. |
| منداڵ | ناوە ، تاکە،ناسراوە ، دیارخراوە. |
| ە | ئامرازی دانە پاڵە . |
| جوان | هاوەڵناوی چۆنییە،سادەیە، دیارخەری ناوی منداڵە . |
| منداڵەجوانەکە | گرێی ناوییە، بەرکارە. |
| ی | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە. |
| جوان | هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، سادەیە ، تەواوکەری کارە. |
| پەروەردە کردووە | کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە،لێکدراوە،تێپەڕە. |

pdfelement

**گەلی کوردستان دلێرانە ڕا پەڕی .**

| | |
|---|---|
| گەل | ناوە، گشتییە، دیارخراوە. |
| ی | ئامرازی دانە پاڵە . |
| کوردستان | ناوی تایبەتە ، دارژاوە، دیارخەری ناوی ( گەل )ە. |
| گەلی کوردستان | گرێی ناوییە، بکەرە. |
| دلێرانە | هاوەڵکاری چۆنیەتیی ، دارژاوە ، تەواوکەری کارە. |
| ڕا پەڕی | کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ،تێنە پەڕە ، داڕێژراوە |

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٣ )

١/ کام هاوەڵکار پێکهاتووە لە (ناو + پاشگر)
(ئـ ژیرانە   ب. هێمنانە   پ. ساڵانە   ت. ئازایانە )
٢/ هاوەڵکاری (ئەمرۆ) پێکهاتووە لە :
(ئـ. پێشگر + هاوەڵکار   ب. هاوەڵناوی نیشانە + ناو   پ. هاوەڵناوی نیشانە + ڕەگی کار   ت. پێشگر + ناو )
٣/ کام لەم هاوەڵکارانە لێکدراوە :
(ئـ. تۆزاوی   ب. بێ شەرمانە   پ. ئەوسا   ت. منداڵانە )
٤/ کام لەم هاوەڵکارانە پێهاتووە لە (پێشگر + هاوەڵکار) :
(ئـ.بە زۆر   ب. بەگوڕ   پ. بەباشی   ت. بەماڵ )
٥/ ( پڕبەدڵ بانگ دەکەم سەربەستیم دەوێ) هاوەڵکاری ئەم ڕستەیە چۆن دروست کراوە :
(ئـ . ناو + ئامراز + ناو   ب. هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو   پ. هاوەڵناو + ئامراز + ناو   ت. ناو + ئامراز + هاوەڵناو )

## ڕاهێنان ( ٤ )

وشەی ( خراپ . منداڵانە ) لەدوو ڕستەدا بەکار بهێنە ،بەمەرجێك جارێك ببێتە هاوەڵناو و جارێکی تریش ببێتە هاوەڵکار.

( منداڵانە )    منداڵانە هەڵسوکەوت دەکات.    ( کوڕێکی منداڵانەیە )
( خراپ )    پیاوەکە خراپ هەڵسوکەوت دەکات .    ( منداڵێکی خراپە )

هاوەڵکار    هاوەڵناو

pdfelement

## ڕادەی هاوەڵناو

دارشتنێکی زۆر جوانم نووسی

هاوەڵناوێکی نادیارە و دەبێتە :    هاوەڵناوێکی چۆنییەتییەو دەبێتە :

* ڕادەی هاوەڵناوی
* دیارخەری هاوەڵناوی ( جوان )    * دیارخراو

گرێی هاوەڵناوییە دیارخەری ناوی ( دارشتن ) ە

بە هەریەك لە دیارخەرو دیارخراو ( گریی هاوەڵناوی ) دروست دەکەن

لەناو ڕستەدا دوو هاوەڵناو لە دوای یەکتردێن هاوەڵناوی یەکەم دیارخەرە و پێی دەوترێت (ڕادەی هاوەڵناوی) هاوەڵناوی دووەم دیارخراوە و پێی دەوترێت (هاوەڵناوی چۆنیەتی) هەردووکیان وەکو گرێیەکی هاوەڵناوی دەبنە دیارخەری ناوەکە یان تەواوکەری کاری ناتەواو.

**تێبینی** ئەو هاوەڵناوانەی ڕادەی هاوەڵناوی چۆنی دەردەخەن ئەمانەن :

( زۆر ، هەندێک ، گەلێک ، کەمێک ، تۆزێک ........... ) پێیان دەوترێت (هاوەڵناوی نادیار)

**تێبینی** گرێی هاوەڵناوی کە پێکهاتووە لە ( دیارخەر و دیارخراو ) دەبنە :

١/ دیارخەری ناو

کرێکاری زۆر لێهاتوو سەرمایەی میللەتە .

دیارخەری جێناو

ئێوەی زۆر زیرەک سەردەکەون .

٢/ تەواوکەری کاری ناتەواو

خانووەکە زۆر کۆنە .

**تێبینی** ڕادەی هاوەڵناوی دیار دەخرێت بە هاوەڵناوێکی نادیار

**تێبینی** لەنێوان هەردوو هاوەڵناوەکە ( دیارخەرو دیارخراو ) ( ی ) ئامرازی دانە پاڵ بەکارنایەت .

زۆر زیرەک زۆر کۆن گەلێک باش تۆزێک خێرا

**تێبینی** لە نێوان ناوەکەو گرێی هاوەڵناوی ( ی ) ئامرازی دانە پاڵ بەکاردێت :

کرێکاری زۆر لێهاتوو خانووی زۆر کۆن

**تێبینی** بەڵام دەشێت هەندێک جار ( ی ) ئامرازی دانە پاڵ لە نێوان ناوەکەو گرێی هاوەڵناوی بەکار نەیەت ئەگەر ناوەکە تاکی ناسراو بوو .

ئەستێرە زۆر گەشەکە دەرکەوت .

( دیاریەکی زۆر جوانم بۆ هاوڕێکەم برد )

زۆر : ڕادەی هاوەڵناویە دیارخەرە

جوان : هاوەڵناوی چۆنیەتیە دیارخراوە

زۆر جوان : گرێی هاوەڵناویە دیارخەری ناوە.

( خانووێکی زۆرکۆنم کڕی )

زۆر : ڕادەی هاوەڵناوی نادیارە ، دیارخەر

کۆن : ئاوەڵناوی چۆنی یە ، دیارخراوە

زۆرکۆن : گرێی ئاوەڵناوی یە و دیارخەری ناوی ( خانووە )

**تێبینی** وشەکانی ( زۆر ، هەندێک ، گەلێک ، کەمێک ، تۆزێک ) ئەگەر لە پێش هاوەڵناوێک هاتن پێیان دەوترێت ( ڕادەی هاوەڵناوی )

بەڵام ئەگەر لە پێش ناوێک هاتن پێیان دەوترێت ( هاوەڵناوی نادیار )

Remove Watermark Now

# ڕادەی هاوەڵکاری

داڕشتنەکەم زۆر جوان نووسی

هاوەڵکارێکی چەندێتییەو دەبێتە : هاوەڵکارێکی کاتی شوێنی چۆنییەتییەو دەبێتە :

* ڕادەی هاوەڵکاری

* دیارخەری هاوەڵکاری چۆنییەتی ( جوان ) * دیارخراو

گرێی هاوەڵکارییە تەواوکەری کاری ( نوسی ) یە

بە هەریەك لە دیارخەرو دیارخراو ( گرێی هاوەڵکاری ) دروست دەکەن

تێبینی: دوو هاوەڵکار لە دوای یەک دێن هاوەڵکاری یەکەم دیارخەرە و پێی دەوترێت ڕادەی هاوەڵکاری

هاوەڵکاری دووەم دیارخراوە پێی دەوترێت : (هاوەڵکاری چۆنیەتی ، کاتی ، شوێنی) هەردووکیان وەک و گرێی هاوەڵکاری دەبنە (تەواوکەر) کارەکە .

تێبینی: ڕادە ی هاوەڵکاری دووبارە بوونەوەی ڕادەی هاوەڵناوییە بە جیاوازییەکی کەمەوە

هەواڵەکەم زۆر بە پەلە گەیاند .

زۆر : ڕادەی هاوەڵکاری چەندیە ، دیارخەرە .

بە پەلە : هاوەڵکاری چۆنی یە ، دیارخراوە .

زۆر بە پەلە : گرێی ئاوەڵکاری چۆنی یە دیارخەری کارە .

لە ڕستەی ( پێشمەرگەکان سنووری وڵاتیان گەلێك باش پاراستووە )

گەلێك : ڕادەی هاوەڵکاریە دیارخەرە .

باش : هاوەڵکاری چۆنیەتیە ، دیارخراوە .

گەلێك باش : گرێی هاوەڵکارییە ، تەواوکەری کارە

تێبینی: ( هاوەڵکار ، گرێی هاوەڵکاری ) یەك ئەرك دەبینێت ئەویش ( تەواوکەری کارە ) .

pdfelement

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ١ )

لا پەڕە ٧٢

## (داڕشتنێکی باشم بەجوانی نووسییەوە )

١. کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟ .

٢. وشەی ( بەجوانی ) چییە؟ چۆن دروستکراوە؟ .

٣. وشەی ( باش ) چییە؟ ئەرکی چییە؟ .

٤. وشەی ( زۆر ) بخەرە پێش ( باش ) و ( بەجوانی ) لەهەردوو شوێندا وشەی ( زۆر ) شیبکەوە.

١. لە ڕێژەی رابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، تێپەرە.

٢. هاوەڵکاری چۆنییە، ( پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر ).

٣. هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخەری ناوە.

٤. داڕشتنێکی زۆر باشم زۆر بەجوانی نووسییەوە.( زۆر ) ڕادەی هاوەڵناوی نادیارە دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی ( باش ) ە ( زۆر ) ڕادەی هاوەڵکاری چەندییە .دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی ( بەجوانی ) یە .

## ڕاهێنان ( ٢ )

pdfelement

### چۆن ڕادەی هاوەڵکاری دەردەخەیت ؟

دەبێت هاوەڵکارێکی ( چەندی ) بخرێتە پێش هاوەڵکاری ( چۆنی ، کاتی ، شوێنی ) ئەو کاتە هاوەڵکارە چەندییەکە( بەبێ ئامرازی دانە پاڵ ) دەبێتە ڕادەی هاوەڵکار، دوای بە هەردووکیان ( گرێی هاوەڵکاری ) دروست دەکەن و دەبن بە تەواوکەری کارەکە.

گوڵەکەمان زۆر باش چاند ، مامۆستاکە زۆر زوو هات ، شیرین زۆر دوور دانیشتبوو

### ٢. جیاوازی لە نێوان هاوەڵناو و هاوەڵکاردا چییە ؟

**هاوەڵناو :** وشەیەکە لە ڕستەدا وەسفی ناوی کەسێک یان شتێک یان جێناوێک دەکات دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو یان تەواوکەری کاری ناتەواو یان دیارخەری هاوەڵناوێکی تر.

قوتابییە زیرەکە هات.　　ئێوەی زیرەك دەردەچن　　قوتابییەکە زیرەکە.

دیارخەری ناوە　　دیارخەری جێناوە　　ت.کاری ناتەواوە.

**هاوەڵکار :** وشەیەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستەکە (دەربارەی چۆنیەتی یان کاتی یان شوێنی ئەو ڕووداوانە) دەردەخات لەم ڕووەوە سنورێک بۆ تەواو کردنی واتاکەی دادەنێت .

ڕۆمانەکەم جوان خوێندەوە.　　ئازاد دوور دانیشتووە

هاوەڵکاری چۆنیەتیە ، تەواوکەری کارە.　　هاوەڵکاری شوێنیە ، تەواوکەری کارە.

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٣ )

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :**

١/ (بایەکی زۆر توند هەڵی کرد)  وشەی (زۆر)

( ئـ . ڕادەی هاوەڵناوی    ب. ڕادەی هاوەڵکاری    پ. هاوەڵناوی چۆنیەتی    ت. هاوەڵکاری چەندی )

٢/ (میوانەکە کەمێک درەنگ ڕۆیشت) (کەمێک)

( ئـ . ڕادەی هاوەڵناوی    ب. ڕادەی هاوەڵکاری    پ. هاوەڵناوی چۆنیەتی    ت. هاوەڵکاری چەندی )

٣/ (یاریزانەکە گۆڵەکەی زۆر جوان تۆمارکرد) (زۆر جوان )

( ئـ . گرێی هاوەڵناوی    ب. گرێناوی    پ. هاوەڵناوی لێکدراو    ت. گرێی هاوەڵکاری )

٤/ وشەی ( گەلێک) لە ڕستەی (ژوورەکە گەلێک ساردە)

( ئـ . ڕادەی هاوەڵناوی    ب. ڕادەی هاوەڵکاری    پ. هاوەڵناوی چۆنیەتی    ت. هاوەڵکاری چەندی )

٥/ (کەمێک لە دوور دانیشە) وشەی (کەمێک) بریتی یە :

( ئـ . ڕادەی هاوەڵناوی    ب. ڕادەی هاوەڵکاری    پ. هاوەڵناوی چۆنیەتی    ت. هاوەڵکاری چەندی )

## ڕاهێنان (٤)

pdfelement

| ڕستە | | شی کردنەوە |
|---|---|---|
| خانی لەپ زێرین قەڵایەکی گەلێك سەختی دروستکردووە. | گەلێک سەخت | گەلێک : ڕادەی هاوەڵناوییە ، دیارخەرە<br>سەخت : هاوەڵناوی چۆنیەتیە دیارخراوە<br>گەلێک سەخت : گرێی هاوەڵناوییە<br>دیارخەری ناوە |
| مێژووی قەڵای دمدم زۆر کۆنە . | زۆر کۆن | زۆر : ڕادەی هاوەڵناوییە ، دیارخەرە<br>کۆن : هاوەڵناوی چۆنیەتیە دیارخراوە<br>زۆر کۆن : گرێی هاوەڵناوییە تەواوکەری<br>کاری ناتەواوە . |

Remove Watermark Now

## ڕادەی هاوەڵناوی ڕادەی هاوەڵکاری

١. ئەو هاوەڵناوەی ڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخات پێی دەوترێت
{ A. هاوەڵناوی چۆنیەتی B– هاوەڵناوی پرس C. هاوەڵناوی نادیار D . هاوەڵناوی پلەی باڵا }

٢. ڕادەی هاوەڵکاری دەردەخرێت بە هاوەڵکاری
{ A. هاوەڵکاری کاتی B– هاوەڵکاری ڕێکخستن C. هاوەڵکاری شوێنی D . هاوەڵکاری چەندێتی }

٣. ( پێشمەرگەکان سنوری وڵاتیان گەلێك باش پاراستووە ) ( گەلێك )
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

٤. ( دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر باش بپارێزین ) وشەی ( زۆر ) دەبێتە
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

٥. لە ڕستەی ( دیاریەکی زۆر جوانم بۆ مامۆستاکەم برد ) وشەی ( زۆر )
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

٦. لە ڕستەی ( تاقیکردنەوەکە گەلێك زوو بوو ( گەلێك )
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

٧. لە ڕستەی ( ئاڵای کوردستان زۆر جوان بەرز دەکەینەوە ) ( زۆر )
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

٨. لە ڕستەی ( خوێندکارەکە کەمێك درەنگ هات ) وشەی ( کەمێك )
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

٩. وشەی { زۆر } ئەگەر بکەوێتە پێش :{ A. هاوەڵکار B– هاوەڵناو C. ناو D . جێناو } دەبێتە ڕادەی هاوەڵکاری چەندی .

١٠. لە ڕستەی { لەوانەکان زۆر باش تێگەیشتووە } وشەی { زۆر } دەبێتە :
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

١١. ( دارشتنێکی زۆر باشم زۆر بەجوانی نووسییەوە ) ( زۆر ) دوای ( دارشتن ) دەبێتە :
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

١٢. ( دارشتنێکی زۆر باشم زۆر بەجوانی نووسییەوە ) ( زۆر ) پێش ( بەجوانی ) دەبێتە :
{ A. هاوەڵکاری چەندێتی B– ڕادەی هاوەڵکاری C. هاوەڵناوی نادیار D . ڕادەی هاوەڵناوی }

١٣. یەکێك لەم وشانە ڕادەی هاوەڵناو و هاوەڵکار دەردەخات؟ { A. تۆزێك B– فلان C. کام D . وەها }

| ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | C | ٤ | B | ٧ | B | ١٠ | B | ١٣ | A |
| ٢ | D | ٥ | D | ٨ | B | ١١ | D | ١٤ | |
| ٣ | B | ٦ | B | ٩ | A | ١٢ | B | ١٥ | |

pdfelement

# دیارخەرەکانی ناو

## ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

ناوی یەکەم + ئامرازی دانەپاڵ (ی) + ناوی دووەم

دیارخراو ئامرازی خستنەسەر دیارخەر

ئـــــــــاوی کــــــــــانـــــــی سازگارە

**تێبینی** هەموو ناوێکی تایبەتی ناوێکی ناسراوە ، کۆناکرێتەوە .

ناوی مرۆڤ ناوی شارو وڵات ناوی ڕووبارو چیاکان

**تێبینی** ئەو ناوەی بە هاوەڵناوی نیشانە تەواوبکرێت ناوێکی ناسراوە

ئەو شارە ئەم کرێکارە ئەم پەرتووکانە

**تێبینی** نیشانەی ( ەکە ) بلکێت بە هەر ناوێکەوە دەیکاتە ناسراو

کرێکارەکە منداڵەکە پەرتوکەکە

ناوی دیارخەر و دیارخراو پێکەوە گرێی ناوی دروست دەکەن هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن :

١/ نیهاد : ئاوی کانی پاکە .

٢/ بکەر : کرێکاری ئاوەڕۆ کارەکەی تەواو کرد .

٣/ جێگری بکەر : دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدان کرانەوە .

٤/ بەرکار : پێشمەرگەکانی کوردستان م خەڵات کرد .

٥/ دیارخەری ناو : کرێکارەکانی کارگەی مافوور دڵسۆزانە کاردەکەن .

٦/ ت . بەیاریدە : ئاهەنگەکە لە یاریگای قووتا بخانە بەڕێوەدەچێت .

٧/ تەواوکەری کاری ناتەواو : مەم و زین داستانێکی فۆلکلۆری بوو .

٨/ تەواوکەری بە یاریدەی کاری ناتەواو : هاوکارییەکە بۆ منداڵانی شار بوو .

pdfelement

Remove Watermark Now

## هەندێ نمونەی ناو وەک و دیارخەری ناو :

١. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بەناوێکی تاکی نەناسراو.

( درەختی شاخ بەرزە ).

٢. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی تاکی ناسراو.

( درەختی شاخەکە بەرزە. )

٣. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی تایبەتی.

( درەختی هەولێر جوانن )

٤. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی کۆی ناسراو.

( درەختی شاخەکان بەرزن. )

٥. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی تاکی دەست نیشان کراو.

( درەختی ئەم شاخە بەرزە ).

٦. ناوێکی کۆی ناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی تایبەتی.

( درەختەکانی هەولێر جوانن ).

٧. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی کۆی نەناسراو.

( درەختی شاخان بەرزن ).

٨. ناوێکی کۆی ناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی کۆی ناسراو.

( درەختەکانی شاخەکان بەرزن ).

٩. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بەچەند ناوێکی کۆی ناسراو.

( ئاوی کانیەکانی شاخەکانی کوردستان سازگارن )

١٠. ناوێکی کۆی ناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی کۆی دەستنیشانکراو.

( درەختەکانی ئەم شاخانە بەرزن )

١١. ناوێکی کۆی ناسراو دیارخرابێ بە ناوێکی تاکی ناسراو.

( درەختەکانی شاخەکە بەرزن ).

١٢. ناوێکی کۆی دەست نیشانکراو دیارخرابێ بە ناوێکی کۆی دەست نیشانکراو.

( ئەم درەختانەی ئەم شاخانە بەرزن )

١٣. ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخرابێ بە چەند ناوێك.

( ئاوی کانی چیایی زۆزك سازگارە )

pdfelement

**لە شێوەزاری کرمانجی سەرووودا لە جیاتی ئامرازی خستنەسەری ( ی ) ئەمانە بەکاردێت:**

١. نیشانەی ( ا ) بۆ تاکی مێ — زین خوشکـــا میرێ بۆتانێ بوو (ئا.دانە پاڵ بۆ تاکی مێ) — دایکا ئازادی مامۆستایە . (ئا.دانە پاڵ بۆ تاکی مێ)

٢. نیشانەی ( ێ ) بۆ تاکی نێر — مەلایـــێ جزیری هۆزانڤانەکێ کورد بوو (ئا.دانە پاڵ بۆ تاکی نێر) — کورێ پاشایێ بچویك هات. (ئا.دانە پاڵ بۆ تاکی نێر .)

٣. نیشانەی ( ێد – ێت – ێن ) بۆ کۆی نێر و مێ بەکاردێت. — زارۆکێن گوندێن وە زرنگن. ، (ئا.دانە پاڵ بۆ کۆی نێر و مێ) — شارێد کوردستانێ خۆشن. (ئا.دانە پاڵ بۆ کۆی نێر و مێ)

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ١ )

**لە ڕستەی ( کتێبەکانی خوێندکاران وەردەگرینەوە)**

١. وشەی خوێندکاران چییە ؟ ئەرکی چییە ؟
٢. کاری ( وەردەگرینەوە ) لە چ ڕێژەیەدایە ؟
٣. وشەی ( کتێبەکان ) شیبکەرەوە.
٤. لە کاری ( وەردەگرینەوە ) ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروست بکە.

١. خوێندکاران : ناوە ، کۆیە، نەناسراوە، دیارخەرە.
٢. وەردەگرینەوە : لە ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ، دارژاوە ، تێپەڕە.
٣. کتێبەکان : ناوە ،کۆیە ،ناسراوە، گشتییە، دیارخراوە.
٤. وەردەگرینەوە = وەردەگرتەوە

## ڕاهێنان ( ٢ )

**ڕستەی گونجاو بۆ ئەم داواکارییانەی خوارەوە بهێنەرەوە:.**

١. ناوێکی کۆی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی نەناسراو هەردوو ( دیارخراو و دیارخەر ) ببنە بەرکار.
مامۆستای قوتابخانەکانمان بینی.
٢. دوو ناوی یەك لە دوای یەك ببنە دیارخەری ناوێکی دیارخراوی تاکی ناسراو.
تابلۆکەی ژووری بەڕێوەبەر جوانە .
٣. ناوێکی دەستنیشانکراو بە هۆی هاوەڵناوی نیشانە بۆ نزیك ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو.
مامۆستای ئەم قوتابخانە زیرەکە .

pdfelement

## ڕاهێنان ( ٣ )

١/ (مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزن ) لەم ڕستەیە دیارخراو ناوێکی :
( ئـ تاکی ناسراوە ب. کۆی نەناسراوە پ. تایبەتیە ت. کۆی ناسراوە )

٢/ لە ڕستەی (تابلۆکانی ئەم ژوورە لێدەکەمەوە ) ناوی (تابلۆ) دیارخراوە بە :
( ئـ هاوەڵناوی نیشانە ب. جێناوی نیشانە پ. ناوی دەست نیشان کراو ت. جێناوی کەسی سەربەخۆ)

٣/ (ئەوە گڵکۆی شەهیدی کوردستانە) گرێی (شەهیدی کوردستان) ئەرکی :
(ئـ . دیارخەری ناوە ب. تەواوکەری کاری ناتەواوە پ. نیهادە ت. بەرکارە)

٤/ لە ڕستەی مەلایێ جزیری هۆزانڤانەکێ کورد بوو) دیارخراو ناوێکی :
(ئـ . تاکی مێیە ب. تاکی نێرە پ. کۆی نێرە ت. کۆی مێیە )

٥/ لە ڕستەی ( ئۆتۆمبێلەکانی پێشانگاکە دەفرۆشین) (دیارخراو و دیارخەر) بریتین لە :
(ئـ . تاکی ناسراو کۆی ناسراو ب. کۆی ناسراو تاکی ناسراو
پ. تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو ت. کۆی نەناسراو تاکی ناسراو)

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان (٤)

| تیپی کچان شانۆگەریەکەیان نمایش کرد | |
|---|---|
| تیپ | ناوە ، کۆمەڵە ، دیارخراوە. |
| ی | ئامرازی دانەپاڵە . |
| کچان | ناوە ، تاك ، نەناسراوە، کۆیە، دیارخەرە. |
| تیپی کچان | گرێی ناوییە، بکەرە. |
| شانۆگەریەکە | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە. |
| ی | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە. |
| نمایش کرد | کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە لێکدراوە،تێپەرە. |

## کلتوری کورد دەپارێزین

| کلتور | ناوە ، تاکە ، دیارخراوە. |
|---|---|
| ی | ئامرازی دانەپاڵە . |
| کورد | ناوە ، تاکە ، دیارخەرە. |
| کلتوری کورد | گرێی ناوییە ، بەرکارە. |
| دەپارێزین | کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، سادەیە، تێپەرە. |
| ین | جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ، بکەرە . |

pdfelement

پ/ لە ڕستەی ( شاخەکانی کوردستان سەرکەشن ) ناوی شاخ دیارخراوە بەچی ؟

و/ ناوی ( شاخ ) دیارخراوە بە ناوێکی تایبەتی.

پ/ لە ڕستەی ( تابلۆکانی ئەم ژوورە لێ دەکەمەوە ) جۆری دیارخەری ناوی ( تابلۆ ) ؟

و/ ناوێکی تاکی دەست نیشان کراوە.

پ/ لە ڕستەی ( هۆنراوەکانی مەولەویم خوێندەوە ) گرێی ناوی لەم ڕستەیە ئەرکی چیە ؟

و/ گرێی ناوی ( هۆنراوەکانی مەولەوی ) ئەرکی بەرکارە.

پ/ گرێی ( چاوەکانی چەپی منداڵەکە ) بۆچی دروست نییە ؟

و/ چونکە لەگەڵ ڕاستی و زانست ناگونجێت.

پ/ لە ڕستەی ( دارستانی شاخەکان دەپارێزین ) دیارخراو ناوێکی چییە ؟

و/ دیارخراو ( دارستان ) ناوێکی تاکی نەناسراوە.

پ/ لە ڕستەی ( دایکی ئەم کچە مامۆستایە ) ( ئەم کچە ) ئەرکی دەبێتە :

و/ ( ئەم کچە ) دیارخەری ناوی ( دایکە ).

پ/ لە ڕستەی ( دایکی ئەوانە دڵسۆزە ) لە شوێنی ( ئەوانە ) ناوێکی تایبەتی دابنێ :

و/ ( دایکی ئەلەند دڵسۆزە )

Remove Watermark Now

# ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

**هاوەڵناو : وشەیەکە وەسفی ناوی کەسێک یان شتێک دەکات و دەبێتە دیارخەری .**

**یەکەم : ناوێکی تاکی نەناسراو** : ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناوێکی تاکی نەناسراو بوو پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ ( ی ) هەیە کە بکەوێتە نێوان ناوەکە و هاوەڵناوەکە .

ناویکی نەناسراو + ی + هاوەڵناوی چۆنیەتی

زێــــــــــر ی پــــــاك ژەنگ هەڵناهێنێت

دیارخراو — ئامرازی خستنە سەر — دیارخەر

**تێبینی** ئامرازی خستنە سەری ( ی ) کاتێك بەکاردێت ئەگەر ناوەکە ناوێکی نەناسراو بێت .

**پرسیار** / کەی ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) بەکاردێت . ؟

**وەڵام** / ئەگەر ناوەکە ناوێکی تاك یا کۆی ناسراو بێت .

**تێبینی** ئامرازی خستنە سەری ( ە ) هەندێك جار دەردەکەوێت و دەگونجێت دەرنەکەوێت بەم شێوەیە :

pdfelement

**ئامرازی خستنە سەری ( ە ) دەردەکەوێت ئەگەر :**

**یەکەم :** ئەگەر ناوێکی تاك یان کۆی ناسراو بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبێت .

کتێبە باشەکان گە نجینەی مرۆڤن .

ناوی کۆی ناسراو   ئا. خستنە سەر   هاوەڵناوی دیارخەر

**تێبینی** هەرکاتێك هاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری ناوێك نیشانەی ناسراوی و نیشانەی کۆی ناوەکە دەچنە سەر هاوەڵناوەکە ، ئەگەر لە هاوەڵناوێك زیاتر ببنە دیارخەری ناو نیشانەی کۆو ناسراوی دەچنە کۆتا هاوەڵناو .

شاخە بەرزە دوورەکان جوانن .

( کتێبی باش ) بگۆڕە بۆ کۆی ناسراو ( کتێبە باشەکان )

( درەختی بەرز ) بیگۆڕە بۆ تاکی ناسراو ( درەختە بەرزەکە )

لە ڕستەی ( شاخە بەرزەکان جوانن ) ( شاخ ) ناوێکی ( تاکی ناسراوە ، کۆی نەناسراوە ، کۆی ناسراوە )

لە ڕستەی ( شاخە بەرزەکان جوانن ) ( ە ) لە نێوان ( شاخ ) و ( بەرز ) چیە ( ناوبەندە ، پاشگرە ، ئامرازی دانە پاڵە )

لە ڕستەی ( شاخە بەرزەکان جوانن ) ناوی ( شاخ ) دیارخراوە بە ( ناو ، هاوەڵکار ، هاوەڵناو )

Remove Watermark Now

## دووەم : ناوێکی تاک یان کۆی ناسراو بە پیتی بزوێنی (وو ، ی) کۆتایی هاتبێ

ئەگەر ناوەکەناوێکی تاك یان کۆی ناسراو بێ بە هاوەڵناو دیارخرا بێت ناوەکە بە پیتی بزوێنی ( ی . وو ) کۆتایی هاتبوو ( ە ) ئامرازی خستنە سەر دەردەکەوێت جا بۆ ئەوەی بزوێنی ناوەکە و ئامرازەکە یەك نەگرن ئەوا پێویستە ناوبەندی ( ی ، و ) بخەینە نێوانییان نێوانیان .

ئاوم لە کانییە ڕوونەکە خواردەوە .

ناوی دیارخراو	ناوبەند	ئا . خستنە سەر	هاوەڵناوی دیارخەر

**تێبینی** ئەگەر ناو کۆتایی بە ( وو ) هاتبوو هاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری ( وو ) کورت دەکرێتەوە بۆ ( و ) پاشان ( و ) ی ناوبەندی بۆ زیاد دەکەین

شاتو و ە ترشەکەم خوارد .

ناوی دیارخراو	ناوبەند	ئا . خستنە سەر	هاوەڵناوی دیارخەر

## سێیەم : ناوێکی تاک یان کۆی ناسراو بە پیتی بزوێنی (ە ، ا ، ۆ ) کۆتایی هاتبێ و یەك بڕگە بێت .

شەیە بچوکەکە شکا	چایە تاڵەکە مەخۆوە	دۆیە ترشەکە ڕژا

pdfelement

**پرسیار** : کەی ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) دەرناکەوێت ؟

ئەگەر ناوەکە ناوێکی تاك یان کۆی ناسراو بێت وە بە یەکێك لەم پیتە بزوێنانە ( ە ، ا ، ۆ ، ێ ) کۆتایی هاتبێت وە لە بڕگەیەك زیاتر بێت کاتێك بە هاوەڵناو دیاردەخرێت ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) لە نێوانیان دەرناکەوێت ،

ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت .

خوێندنگا سەرکەوتووەکان خەڵات دەکرێن .

گەزۆ نایابەکان بکڕە .

## دەتوانین ناو بەم هاوەڵناوانە تەواو بکەین :

**یەکەم** : هاوەڵناوی ژمارەیی : سێ جۆرە :

١. هاوەڵناوی ژمارەی بنچی : ( یەك ، دوو ، دە ، شەش ... )
٢. هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی : ( نیوە ، سێیەك ، دوو لەسەر پێنج ... )
٣. هاوەڵناوی ژمارەی ڕیزکختن : ( یەکەم ، دووەم ، سێیەمین ، چوارەمین ... )

**تێبینی** هاوەڵناوی ژمارەی بنچی هەردەم لە پێش ناو دێت و پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ نیە .

دوو	ڕۆژنامـــــــــەم خوێندەوە.

ها.ژ.بنچی ، دیارخەرە	ناوە ، دیارخراوە

Remove Watermark Now

**تێبینی** هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی هەردەم لە پێش ناوەکە دێت و پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ هەیە :

نیـــــــوە ی مەڕەکان گورگ خواردی.

ها.ژ.کەرتی ، دیارخەرە ئا.دانە پاڵە ناوە ، دیارخراوە

**تێبینی** هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن : ( دووەم ، سێ یەمین ، چوارەم ) ئەگەر لە پێش ناوەکە بێت پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نیە بەڵام ئەگەر لە دوای ناوەکە هات پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر هەیە :

چـــــــوارە مـــین قوتـــابی زیرەکە

ها.ژ.ڕێکخستن ، دیارخەرە ناوە ، دیارخراوە

ڕۆمـــــــانـــــــــ ی چوارەمینم نووسی.

ناوە ، دیارخراوە ئا.دانە پاڵە ها.ژ.ڕێکخستن ، دیارخەرە.

دووەم : هاوەڵناوی پلەی باڵا دەبێتە دیارخەری ناو و هەمیشە دەچێتە پێش ناوەکە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نییە :

جوانترین دیاری پێشکەش کردم

ها.پ.باڵایە، دیارخەرە ناوە ، دیارخراوە

هاوەڵناوی پلەی باڵا : دەبێتە دیارخەری ناو دەچێتە دوای ناوەکە و پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) هەیە .

نامەیەکـــــــــــ ی بەهێزتری نارد .

ناوە ، دیارخراوە ئا.دانە پاڵە ها.پ.بەراوردە ، دیارخەرە.

pdfelement

سێ یەم : هاوەڵناوی پرس : ( کام ، چەند ، چۆن ، چ ) دەبێتە دیارخەری ناو بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر و بێ ئامرازی خستنەسەر ئەگەر هاوەڵناوەکە لە پێش ناوەکە هات ئامرازی دانە پاڵ وەرناگرێت ، بەڵام ئەگەر ناوەکە لە پێش هاوەڵناوەکە هات ئامرازی دانە پاڵ وەردەگرێت.

کـــــــام یـــــاریزان ئامادەنەبوو ؟

هاوەڵناوی پرس ناوە ، دیارخراوە

گوڵـــــــــــــ ی چـــــــــۆنت کڕی ؟

ناوە دیارخراوە ئا.دانە پاڵ ها.پرس دیارخەرە.

چوارەم : هاوەڵناوی نادیار : ( فلان ، زۆر ، هەموو ، تر ، هیچ ، هەر ، وەها ) دەبێتە دیارخەری ناو بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر و بێ ئامرازی خستنەسەر ئەگەر هاوەڵناوەکە لە پێش ناوەکە هات ئامرازی دانە پاڵ وەرناگرێت ، بەڵام ئەگەر ناوەکە لە پێش هاوەڵناوەکە هات ئامرازی دانە پاڵ وەردەگرێت.

هەمـــــــــوو دارەکان وشك بوون

هاوەڵناوی نادیارە ناوە ، دیارخراوە

دیمـــــــەنـــ ی وەهـــــــام نەدیوە .

ناوە دیارخراوە ئا.دانە پاڵ ها.نادیارە ، دیارخەرە

هاوەڵناوی نیشانە : ( ئەم ... ە ، ئەم ... انە ، ئەو ... ە ، ئەو ... انە ) دەبێتە دیارخەری ناو و هەمیشە دەچێتە پێش ناوەکە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نییە :

ئـــــــەم گـــــــــوڵە جوانە

ئـــــــــــەو قـــــــــوتابییانە زیرەکن .

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ١ )

هاوەڵناوی ( خۆش ، نابینا ، خەباتکەر ) لە سێ ڕستەدا بەکار بهێنە ، بەمەرجێك ، یەکەمیان ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو ، دووەمیان دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو بێت ، سێیەمیان دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو بێت.

١. خۆش    چێشتێکی خۆشم خوارد.
٢. نابینا    پیاوە نابیناکەم لە شەقام پەڕاندەوە .
٣. خەباتکەر    پێشمەرگە خەباتکەرەکان سەرکەوتن.

## ڕاهێنان ( ٢ )

دیارخەرەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە ، دەربهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە.

| ڕستە | دیارخەر | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| بەکام قوتابیدا نامەکەت بۆ ناردم ؟ | کام | هاوەڵناوی پرسە |
| زۆر کورد بەناهەق شەهیدکران . | زۆر | هاوەڵناوی نادیارە |
| ئێوەی زیرەك هەمیشە سەرکەوتوون . | زیرەک | هاوەڵناوی چۆنیەتی یە |

pdfelement

## ڕاهێنان ( ٣ )

وەڵامی ڕاست هەڵژێرە :

١/ (شاخە بەرزەکان جوانن) لەم ڕستەیە (شاخ) ناوێکی :
(ئـ . تاکی ناسراوە  ب. کۆی نەناسراوە  پ. کۆی ناسراوە  ت. تاکی نەناسراوە)

٢/ (نامەیەکی ڕازاوەتریان نارد) ناوی نامەیەک دیارخراوە بە هاوەڵناوی چۆنیەتی پلەی :
(ئـ . باڵا  ب. بەراورد  پ. چەسپاو  ت. هەموویان)

٣/(دوو کتێبمان کڕی ) ئەرکی هاوەڵناوی ژمارەی( دوو)
(ئـ . بکەرە  ب. بەرکارە  پ. دیارخەری ناو  ت . جێگری بکەر)

٤/ ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت ) لە نێوان (ئەستێرە و گەش) چی دەرنەکەوتووە :
(ئـ . ئامرازی دانەپاڵ  ب. کاری ناتەواو  پ. ئامرازی پەیوەندی  ت. بکەر)

٥/(بیی سەوز مەبڕنەوە) ناوی (بی) بکەینە کۆی ناسراو دەبێتە :
(ئـ . بی سەوزەکان مەبڕنەوە  ب . بییە سەوزەکان مەبڕنەوە .
بییە سەوزەکە مەبڕنەوە .  ت. بییە سەوز مەبڕنەوە .

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان (٤)

**(ڕێشمەرگە بوێرەکە خەڵات کرا)**

١. لەنێوان وشەکانی ( پێشمەرگە ) و ( بوێرەکە ) چ ئامرازێك بەکار نەهاتووە ؟ بۆچی ؟

ئامرازی (ە) ی دانە پاڵ ، دەرنەکەوتووە ، چونکە ناوەکە کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ە) هاتووەو لەبرگەیەك زیاتر پێکهاتووە

٢. ناوێکی تر بهێنەوە بەهەمان بزوێنی ( ە ) کۆتایی هاتبێت بەلاّم ئامرازەکە بەکار هاتبێت ، هۆیەکەشی بنووسە .

شەیە بچووکەکە بهێنە . ( ە ) دەرکەوتووە ، چونکە لە یەك برگە پێکهاتووە ، ناوبەندی ( ی ) بۆ زیادکراوە.

٣. وشەی ( بوێر ) چییە ؟ چۆن دروست کراوە ؟

هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، دیارخەرە . ( پێشگر + ڕەگ )

٤. ناوی ( پێشمەرگە ) ناوێکی تاکی ناسراوە ، کوا نیشانەی ناسراویەکەی ؟ بۆچی کەوتۆتە ئەوێ ؟

نیشانەی ناسراوی خراوەتە سەر هاوەڵناوەکە ، چونکە ئەگەر ناوێك بەهاوەڵناوی چۆنیەتی دیاربخرێ لەشێوەی ناسراودا ئەوا نیشانەی ناسراوی دەخرێتە سەر هاوەڵناوەکە هەردووکیان دەبنە ناوێکی لێکدراو .

pdfelement

١. لە ڕستەی (بەکام قوتابیدا نامەکەت بۆ ناردم) (کام)

{ A. هاوەڵناوی پرسە B– هاوەڵکاری پرسە C. جێناوی پرسە D . هاوەڵناوی نادیارە }

٢. لە ڕستەی (درەختە سەوزەکان سیمایەکی جوان بە ژینگە دەبەخشن) (ە) ی دوای درەخت :

{ A. جێناوی لکاو B– کاری ناتەواو C. ئامرازی دانە پاڵ D . پاشگر }

٣. لە ڕستەی ( پێشمەرگە خەباتکەرەکان دڵسۆزن ) پێشمەرگە ناوێکی :

{ A. ناسراوی تاکە B– ناسراوی کۆیە C. نەناسراوی تاکە D . نەناسراوی کۆیە }

٤. لە ڕستەی ( هەندێ قەڵەمم کڕی ) ناو بەچی دیارخراوە:

{ A. هاوەڵناوی پرس B– هاوەڵناوی نیشانە C. جێناوی نادیار D . هاوەڵناوی نادیار }

{ A. جێناوی لکاو B– کاری ناتەواو C. ئامرازی دانە پاڵ D . ناوبەند }

٥. لە ڕستەی (دۆیە چاکەکەیان بۆ هێناین) (ی) دوای (دۆ) :

{ A. جێناوی لکاو B– کاری ناتەواو C. ئامرازی دانە پاڵ D . ناوبەند }

٦. لە ڕستەی (گەزۆ نایابەکان فرۆشران) (گەزۆ نایابەکان) ئەرکی :

{ A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

٧. لە ڕستەی ( ئەم پەرتووکە باشترین سەرچاوەیە ) ناوی پەرتووك دیارخراوە بە :

{ A. هاوەڵناوی پرس B– هاوەڵناوی نیشانە C. جێناوی نادیار D . هاوەڵناوی نادیار }

٨. لە ڕستەی (بەڕووە برژاوەکان بەتامن) (بەڕووە برژاوەکان) ئەرکی :

{ A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

Remove Watermark Now

٩. لە ڕستەی ( بەڕووە برژاوەکان بەتامن ) ( بەڕووە برژاوەکان ) ئەرکی :

{ A. بکەرە   B– بەرکارە   C. نیهادە   D . جێگری بکەرە }

١٠. لە ڕستەی ( هەموو دارەکان وشك بوون ) ناوی ( دار ) دیارخراوە بە :

{ A. هاوەڵناوی پرس   B– هاوەڵناوی نیشانە   C. جێناوی نادیار   D . هاوەڵناوی نادیار }

١١. لە ڕستەی ( دایکی ئەم کچە مامۆستایە ) ناوی ( کچ ) دیارخراوە بە :

{ A. هاوەڵناوی پرس   B– هاوەڵناوی نیشانە   C. جێناوی نادیار   D . هاوەڵناوی نادیار }

١٢. کام لەم هاوەڵناوانە پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) هەیە ؟

{ A. هاوەڵناوی پرس   B– هاوەڵناوی نیشانە   C. هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی   D . هاوەڵناوی نادیار }

١٣. لە ڕستەی { خۆشترین وڵات کوردستانە } وشەی { خۆشترین } :

{ A. هاوەڵناوی پرس   B– هاوەڵناوی نیشانە   C. هاوەڵناوی پلەی باڵایە   D . هاوەڵناوی نادیار }

١٤. { پێشمەرگە ئازاکان سەرکەوتن } لە نێوان { پێشمەرگەو ئازا } چی دەرنەکەوتووە :

{ A. جێناوی لکاو   B– کاری ناتەواو   C. ئامرازی دانە پاڵ   D . ناوبەند }

١٥. لە ڕستەی { پەپوولە ڕەنگاو ڕەنگەکان جوانن } { پەپوولە } ناوێکی :

{ A. ناسراوی تاکە   B– ناسراوی کۆیە   C. نەناسراوی تاکە   D . نەناسراوی کۆیە }

١٦. لە ڕستەی { زۆر بەفر لە سلێمانی باری } ناوی { بەفر } دیارخراوە بە :

{ A. هاوەڵناوی پرس   B– هاوەڵناوی نیشانە   C. هاوەڵناوی پلەی باڵایە   D . هاوەڵناوی نادیار }

١٧. ئەگەر ( قەڵای بەرز ) بکەینە تاکی ناسراو دەبێتە :

{ A. قەڵایە بەرزەکە   B– قەڵا بەرزەکە   C. قەڵا بەرزەکان   D . قەڵاکان بەرزن }

١٨. ئەگەر ( بیری هەڵکەنراو ) بکەینە کۆی ناسراو دەبێتە :

pdfelement

| و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ | و | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B | ١٧ | B | ١٥ | C | ١٣ | B | ١١ | C | ٩ | D | ٧ | D | ٥ | B | ٣ | A | ١ |
| B | ١٨ | D | ١٦ | C | ١٤ | C | ١٢ | D | ١٠ | B | ٨ | D | ٦ | D | ٤ | C | ٢ |

Remove Watermark Now

# ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

**جێناو : وشەیەکە لە جێی ناوی کەسێک یان شتێک بە کاردێت.**

ئەگەر جێناوی سەربەخۆ ببێتە دیارخەری ناوێك ئەوا :

١. ناوە دیارخراوەکە پێش جێناوی سەربەخۆی دیارخەر دەکەوێت.

٢. ئامرازی دانەپاڵ ( ی ) دەکەوێتە نێوانیان.

## یەکەم : جێناوی کەسی سەربەخۆ

( مـــن ، ئێـــمە ، تـــۆ ، ئێـــوە ، ئـــەو ، ئـــەوان )

١ تاك ، ١ کۆ ، ٢ تاك ، ٢ کۆ ، ٣ تاك ، ٣ کۆ

مامۆستـــــــــای ئێـــــــمە خەڵات کراوە.
ناوە دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج ، کەسی سەربەخۆ دیارخەرە

کوردستان خاکـــــــــــــــی ئێمەیە.
ناوە دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج ، کەسی سەربەخۆ دیارخەرە.

مامۆستای ئێمە : گرێی ناوییە ، جێگری بکەرە.

خاکی ئێمە : گرێی ناوییە ، ت.کاری ناتەواوە

**تێبینی** ئەم کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆیانەی کە لە کرمانجی ژووروو بەکاردێن لە دەوری دیارخەری ناودا ئەمانەن :

( من ، مە ، تە ، وە ، وی ، وێ ، وان ) ( وڵاتێ من خۆشـــە )

١ تاك ، ١ کۆ ، ٢ تاك ، ٢ کۆ ، ٣ تاك ، ٣ کۆ

## دووەم : جێناوی خۆیی

( خـــۆم ، خـــۆمان ، خـــۆت ، خـــۆتان ، خـــۆی ، خـــۆیان )

١ تاك ، ١ کۆ ، ٢ تاك ، ٢ کۆ ، ٣ تاك ، ٣ کۆ

ئێمە بۆ وڵاتـــــــــــــــــــی خـــــــۆمان تێدەکۆشین
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج ، خۆیی دیارخەرە.

خانـــــــووەکـــــــەی خۆتـــــم پێ بفرۆشە.
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج ، خۆیی دیارخەرە.

وڵاتی خۆمان : گرێی ناوییە ت.بەیاریدەیە.

خانووەکەی خۆت : گرێی ناوییە : بەرکارە.

pdfelement

Remove Watermark Now

## سێیەم : جێناوی پرس (کێ ، چی ...)

بـــــــــــــرای کـــێ بەیەکەم دەرچوو ؟
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج . پرسە ، دیارخەرە

چـــــــــــــیرۆکی کـــێ خوێنرایەوە ؟
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج . پرسە دیارخەرە

برای کێ : گرێی ناوییە ، بکەرە.

چیرۆکی کێ : گرێی ناوییە ، جێگری بکەرە.

## چوارەم : جێناوی نادیار (فلان ، فیسار ، کەس ، هین ، کابرا ..)

وڵاتـــــــــــی فـــــــــلان خۆشە.
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج ، نادیارە دیارخەرە

کتێبەکـــە بۆ کـــوڕی فـــــلان بوو.
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج ، نادیارە دیارخەر

وڵاتی فلان : گرێی ناوییە ، نیهادە.

کوڕی فلان : تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە .

## پێنجەم : جێناوی نیشانە : (ئەمە ، ئەمانە ، ئەوە ، ئەوانە )

تاقیکردنەوەکەم لە تـــــــاقیـــگەی ئـــــەمانەدا ئە نجام دا .
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج.نیشانە ، دیارخەرە

دایکـــــــــی ئـــــــــــەوانە دڵسۆزە.
ناوە ، دیارخراوە ئامرازی دانەپاڵ ج.نیشانە ، دیارخەرە

pdfelement

**تێبینی** جێناوی هەیی نابێتە دیارخەری ناو

## ڕاهێنان (١)

لە ڕستەی ( شاخەکانی کوردستان سەرکەشن)

١. ( ی ) دوای وشەی ( شاخەکان ) چییە؟ بۆ خراوەتە ئەوێ ؟ ( ی ) ئامرازی دانە پاڵە ، بۆبەستنەوەی دیارخراو بە دیارخەر .واتە ناو + ناو

٢. لەجیاتی وشەی ( کوردستان ) جێناوێك بەکار بهێنە و سەر لەنوێ ڕستەکەش بنووسەوە . شاخەکانی ئێمە سەرکەشن .

٣. کاری ڕستەکە دەستنیشان بکە . کاری ڕستەکە کاری ناتەواوی (ە) دەرنەکەوتووە ، چونکە نیهادی ڕستەکە کۆیە

٤. تەواوکەری کارەکە شیبکەوە . تەواوکەری کارەکە ( سەرکەش ) : هاوەڵناوی لێکدراوە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە .

Remove Watermark Now

## ڕاهێنان ( ٢ )

**ئەرکی ئەم گرێیانەی خوارەوە کە هێڵیان بەژێردا هاتووە دەستنیشان بکە :**

| ڕستە | گرێ | ئەرک |
|---|---|---|
| وڵاتی ئەمانە ئاوەدانە | وڵاتی ئەمانە | نیهادە |
| لە باخی خۆت نەمام پروێنە | باخی خۆت | تەواوکەری بەیاریدەیە |
| جوان هۆنراوەکانی ئەمانەی کۆکردەوە | هۆنراوەکانی ئەمانە | بەرکارە |
| کچە زیرەکەکە خەڵات کراوە | کچە زیرەکەکە | جێگری بکەرە |

## ڕاهێنان ( ٣ )

1 . (شیعرەکانی ئەوانەم کۆکردەوە) لەم ڕستەیە دیارخەر بریتی یە لە :
(ئـ . جێناوی کەسی سەربەخۆ ب. جێناوی نیشانە پ. جێناوی نادیار ت. هاوەڵناوی نیشانە)

2 . (وڵات دەپارێزین) ناوی (وڵات) بە جێناوی نیشانە بۆ تاکی دوور دیار بخە :
(ئـ . وڵاتی ئەوە دەپارێزین ب . وڵاتی ئەمە دەپارێزین
پ. ئەو وڵاتە دەپارێزین ت . وڵاتی ئەوانە دەپارێزین)

3 . جێناوی نیشانە کە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە :
(ئـ . ئامرازی دانەپاڵی (ە) دەبێت ب . ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەبێت
پ . ئامرازی دانەپاڵ نییە ت. ئامرازی دانەپاڵی (ە ، ی ) دەبێت )

4 . جێناوە سەربەخۆکان دەبنە دیارخەری ناو جگە لە جێناوی :
(ئـ . پرس ب . نادیار پ. هەیی ت. کەسی سەربەخۆ )

5 . (نمرەی هین بەرزە) لەم ڕستەیە دیارخەر بریتی یە لە :
(جێناوی نادیارە ب. جێناوی پرس پ. ناو ت. هاوەڵناوی نادیار)

pdfelement

Remove Watermark Now

١ . کام لەم جێناوە کەسیە سەربەخۆیانە نابێتە دیارخەری ناو جێناوی

{ A. جێناوی پرس B– جێناوی نیشانە C. جێناوی خۆیی D . جێناوی هەیی }

٢ . (گیانی من بۆ تەلێ وەنەوشە پەرۆشە ) (گیانی من ) ئەرکی : { A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

٣ . ( دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە ) (گەردەنی خۆت ) ئەرکی :

{ A. بکەرە B– تەواوکەری بەیاریدەیە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

٤ . لە ڕستەی (کراسەکەی خۆتم بۆ بهێنە ) (خۆ ) جێناوی خۆییە ئەرکی :{ A. بکەرە B– دیارخەرە C. نیهادە D . دیارخراوە }

٥ . لە ڕستەی (منداڵەکە کتێبەکەی ئێمەی دڕاندبوو ) (کتێبەکەی ئێمە ) :

{ A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

٦ . لە ڕستەی (چیرۆکی خۆم بەسودە ) (خۆم ) : { A. جێناوی پرس B– جێناوی نیشانە C. جێناوی خۆیی D . جێناوی هەیی }

٧ . لە ڕستەی (وڵاتی ئەمانە ئاوەدان کراوەتەوە ) (وڵاتی ئەمانە ) ئەرکی :

{ A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

٨ . لە ڕستەی (ماموستای ئێمە خەڵات کراوە ) (ماموستای ئێمە ) ئەرکی : { A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە }

٩ . لە ڕستەی (دایکی ئەوانە بەڕێزە ) (ئەوانە ) : { A. جێناوی پرس B– جێناوی نیشانە C. جێناوی خۆیی D . جێناوی هەیی }

١٠/ لە ڕستەی (برای کێ بەیەکەم دەرچوو ) (برای کێ ) گرێی ناوییە ئەرکی : { A. بکەرە B– بەرکارە C. نیهادە D . جێگری بکەرە

١١/ لە ڕستەی (شاخەکانی ئێمە سەرکەشن ) (ئێمە ) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی :

{ A. یەکەمی کۆ B– دووەمی کۆ C. سێ یەمی کۆ D . سێ یەمی تاك }

pdfelement

١٢/ لە ڕستەی (چیرۆکی فلان بەسودە ) ناو بەچی دیارخراوە بە

{ A. جێناوی پرس B– جێناوی نیشانە C. جێناوی خۆیی D . جێناوی نادیارە }

١٣/ لە ڕستەی (منداڵەکە کتێبەکەی ئێمەی دڕاندبوو ) (ی ) دوایی (کتێب )

{ A. ناوبەندە B– پاشگرە C. ئامرازی دانە پاڵە D . جێناوی لکاوە }

١٤/ لە ڕستەی (ئاڵای خۆمان بەرزدەکەمەوە ) (خۆمان ) : { A. جێناوی پرس B– جێناوی نیشانە C. جێناوی خۆیی D . جێناوی

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | A | ١٠ | D | ٧ | B | ٤ | D | ١ |
| ١٤ | A | ١١ | D | ٨ | B | ٥ | C | ٢ |
| ١٥ | D | ١٢ | B | ٩ | C | ٦ | B | ٣ |

Remove Watermark Now

# ئەرکی جێناوی لکاولە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

| کۆمەڵەی ١/ | | کۆمەڵەی ٢/ | | کۆمەڵەی ٣/ | | داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تاك | کۆ | تاك | کۆ | تاك | کۆ | تاك و کۆ |
| م | مان | م | ین | م | ین | ە ، ن |
| ت | تان | یت | ن | یت | ن | |
| ی | یان | Ø | ن | ات / ێت | ن | |

جێناولکاوەکانی ( ك ١ + ك ٢ ) دەبنە دیارخەری ناو بە بێ یارمەتی ئامرازی خستنەسەری ( ی ) ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە ناوێك یان بەچەند ناوێك یان بە هاوەڵناوێك دیارخرابوو ئەوا جێناوی لکاوی دیارخەری ناو لە دوای هەموو دیارخەرەکانەوە دێت.

## یەکەم / ڕابردوو ڕانەبردووی تێنەپەڕ

ئەگەر کاری ڕستەکە ( ڕابردوو و ڕانەبردووی ( تێنە پەڕ) ) بێ جێناوە لکاوەکانی (ك١) ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) دەبنە دیارخەری ناو لە دوای ناوێك دێن ناوەکە ( بکەرە).

هاوڕێکە( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) چوو بۆ سەیرانگای دوکان

بکەرە    دیارخەری ناوە    ڕابردووی تێنە پەڕە .

مامۆستاکە ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) دێت بۆ سەیری پێشانگاکە.

بکەرە    دیارخەری ناوە    ڕانەبردووی تێنە پەڕە .

pdfelement

## دووەم : ڕابردوو ، ڕانەبردووی بکەر نادیار

ئەگەر کاری ڕستەکە بکەر نادیار بێ جێناوە لکاوەکانی ( ك١ ) ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) دەبنە دیارخەری ناو دەچنە دوایی ناوێك ناوەکە جێگری بکەرە.

زیندانیەکان( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) ئازاد کران.

جێگری بکەرە    دیارخەری ناوە    ڕابردووی بکەر نادیارە.

زیندانیەکان( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) ئازاد دەکرێن.

جێگری بکەرە    دیارخەری ناوە    ڕانەبردووی بکەر نادیارە.

## سێیەم : ڕانەبردووی تێپەڕ

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بێ جێناوە لکاوەکانی ( ك١ ) ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) دەبنە دیارخەری ناو دەچنە دوایی ناوێك ناوەکە بەرکارە یان بکەرە .

کتێبخانەی شارەکە ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) نۆژەن دەکەنەوە.

بەرکارە    دیارخەری ناوە    ڕانەبردووی تێپەڕە .

بەیانی گۆرانییە نوێیەکەم تۆماردەکەم .

Remove Watermark Now

## چوارەم : داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ

ئەگەر کاری ڕستەکە کاری داخوازی بێ جێناوە لکاوەکانی ( ك١ ) ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) دەبنە دیارخەری ناو دەچنە دوایی ناوێك ناوەکە بەرکارە.

جــــــــــــــــــلەکان ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) بشۆ . پەیامەکە(م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) بگەیەنن بە هاوڵاتیان

بەرکارە	دیارخەری ناوە	کاری داخوازی یە .	بەرکارە	دیارخەری ناوە	کاری داخوازی یە .

## پێنجەم : ڕابردووی تێپەڕ

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی ( سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو ) بێ جێناوە لکاوەکان دەبنە دیارخەری ناو بە دوو شێوە :

أ . جێناوە لکاوەکانی ( ك١ ) ( م ، مان ، ت ، تان ، ی ، یان ) دەبنە دیارخەری ناو دەچنە دوای ناوێك ناوەکە بەرکارە. لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕی

نامەکەتم گەیاند	پێنووسە سەوزەکەتم برد

**تێبینی :** هەرکاتێك دوو جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم پێکەوە لەدوای ناوێك هاتن

جێناوی یەکەم : دیارخەری ناوە

جێناوی دووەم : بکەرە	نامەکەتم گەیاند	( ت ) دیارخەری ناوە	( م ) بکەرە.

ب. جێناوە لکاوەکانی ( ك٢ ) ( م ، ین ، یت ، ن ، Ø ، ن ) دەبنە دیارخەری ناو دەچنە کۆتایی کارەکە لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ .

نامەکەم گەیاندیت	پێنووسە سەوزەکەم بردیت

( یت ) دیارخەری ناوە	( م ) بکەرە.

pdfelement

**تێبینی :** جێناوی لکاوی دیارخەری ناو بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە ڕستەدا دەرناکەوێ ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت.

پێنووسە سەوزەکەم برد Ø .

**تێبینی :** جێناوی لکاوی دیارخەری ناو دەچێتە کۆتایی کار ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ. کۆمەڵەی دووەم بەکاردێت.

پێنوسە سەوزەکەم بردیت .

**تێبینی :** ئەگەر جێناوی لکاو بوو بە دیارخەری ناو ئەوا هیچ وشەیەکی تر نابێتە دیارخەری چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی داڕشتنی ڕستەکە و شێواندنی واتاکەی. ( مامۆستام فیزیا هاتووە )	( پەنجەرەکەمان خانووەکە گەورەیە )

**تێبینی :** ئەگەر لە دوای ناوە دیارخراوەکە ناوێك یان هاوەڵناوێك هات ئەوا جێناوی لکاوی دیارخەری ناو دەچێتە دوای هەموو دیارخەرەکان.

بەیانی گۆرانییە نوێیەکەم تۆماردەکەم.	قوتابیانی قوتابخانەکەمان بەڕێزن.

دیارخراو دیارخەر دیارخەری ناوە	دیارخراو	دیارخەر	دیارخەری ناوە

**تێبینی :** ناوی دیارخراو لەگەڵ جێناوی لکاوی دیارخەر گرێی ناوی دروست دەکەن هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن :

وڵاتــــــــــمان خــــــــــۆشـــە .	براکــــــــــەم هات .	براکــــــــــەم خەڵات کراوە .

ناوە ، دیارخراوە جێناوی لکاوە ، دیارخەرە	ناوە ، دیارخراوە	جێناوی لکاوە ، دیارخەرە	ناوە ، دیارخراوە	جێناوی لکاوە ، دیارخەرە

گرێی ناوییە ، نیهادە	گرێی ناوییە ، بکەرە	گرێی ناوییە ، جێگری بکەرە

Remove Watermark Now

## ڕاهێنانی – ١ ل ٩٢

لە ڕستەی ( مۆبایل پەیوەندیەکانی ئێمەی ئاسانتر کردووە)

١. وشەی ( پەیوەندییەکان ) چ جۆرە جێناوێك دیارخراویەتی ؟

جێناوی کەسی سەربەخۆی ( ئێمە ) .

٢. چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆی تریش دەبنە دیارخەری ؟

چوار جۆری تر دەبنە دیارخەری ناو .

٣. ( ئێمە ) بگۆرە بۆجێناوی لکاو ، چ گۆڕانێك ڕوودەدات بینووسەوە .

٤. مۆبایل پەیوەندییەکانمانی ئاسانترکردووەتەوە. جێناوی لکاوە . ئامرازی دانە پاڵ دەرنەکەوتووە.چونکە جێناوی لکاو کە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ نابێت

٥. گرێی ( پەیوەندیەکانی ئێمە ) ئەرکی چییە لەڕستەکەدا ؟ بەرکارە .

## ڕاهێنانی - ٢ ل ٩٢

ئایا دەتوانین بیڕین ؟

١. ( مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە ) یان نا ؟ بۆچی ؟

دروست نییە، چونکە ( ئەگەر ناوێك بەجێناوی لکاو دیاربخریٚ ناکرێت بەوشەیەکی تردیاربخەین ، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوون و شێواندنی واتای ڕستەکە )

٢. گرێی ( دەمەکانی منداڵەکە ) دروستە یان نا ؟ بۆچی ؟

دروست نییە ، چونکە : لەگەڵ ڕاستی و زانستدا ناگونجێت. پێویستە گونجاو بێت لە ( تاك و کۆ و ناسراو و نەناسراو ) .

## ڕاهێنانی – ٣ ل ٩٢

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

1. (میوانەکانمان گەیاندبوو) ئەگەر جێناوی لکاوی (ت) وەک دیارخەر بەکاربهێنین دەکەوێتە :

(ئـ . دوای (میوانەکان) ب. دوای (مان) پ. دوای (گەیاند) ت. دوای (بوو)

2. (گوندەکەتان ئاوەدانکرایەوە) ئەرکی (تان) :

(ئـ . بکەر ب. بەرکار پ. تەواوکەری بەیاریدە ت. دیارخەری ناو )

3. نامەکەی گەیاندیت) ئەرکی (یت) :

(ئـ . بکەر ب. بەرکار پ. تەواوکەری بەیاریدە ت. دیارخەری ناو )

4. (قەڵەمە سەوزەکەتانم نەبرد) (تان) دوای (سەوزەکە) بگۆڕین بۆ (ن) دەچێتە :

( ئـ . دوای پێنوس ب. دوای (م) پ. کۆتایی کارەکە ت . دوای (نە)

5. (دەبوو خانووە کۆنەکەمانیان نۆژەن کردبایەوە) دەتوانین (مان ) بگۆڕین بۆ (ین) چونکە کارەکە :

( ئـ . ڕابردووی تێپەڕ ب. ڕانەبردووی تێپەڕ پ. داخوازی تێپەڕ ت. ڕابردووی تێنەپەڕ )

## ڕاهێنانی - ٤ ل ٩٣

لە ڕستەی ( دەبوو ڕۆمانە تازەکەتیان چاپ کردبا)

١. بکەری ڕستەکە دەربهێنە . ( یان ) : جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بکەرە.

٢. ( ت ) چییە ؟ ئەرکی چییە ؟ بۆ کەوتووەتە ئەوێ ؟ لەبری ئەو ( یت ) بەکاربهێنە ئینجا بزانە دەچێتە کوێ ؟ بۆچی ؟

( ت ): جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، دیارخەری ناوە ، خراوەتە ئەو شوێنە چونکە لەڕستەی کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەگەر کۆمەڵەی ( م ـ مان ) ببێت بە دیارخەری ناو ئەوا دەکەوێتە دوای بەرکار لە ڕستەدا.

( ئەگەر ( یت ) لەجیاتی ( ت ) بەکار بێت : ﴿ دەبوو ڕۆمانە تازەکەیان چاپکردبایت ﴾ لێرەدا ( یت ) دەچێتە کۆتایی کارەکە چونکە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ ،ئەگەر کۆمەڵەی ( م ، ین ) ببنە دیارخەری ناو ئەوا دەکەونە کۆتایی کارەکە ).

٣. ( ە ) دوای وشەی ( ڕۆمان ) چییە؟ ( ە ) ئامرازی دانە پاڵە ..

٤. ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن. ﴿ ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردووە ﴾

Remove Watermark Now

pdfelement